**پێشکەش بە ژنانی قارەمانی گەلی کورد کە**

**پـارێزەرانـی زمان و فەرهەنگی گەلەکـەمـانن**

## خوێنەری بەڕێز

هەتا لە بیرمە، ئەدەبیات ومێژووی کورد بۆ من دەردیکی نۆستالژیکی بوو تا کوو زانستی. ورده ورده فێر بووم کە نە! زمانەکەمان زمانیکی زانستییە، تەنیا هەست وخۆشەوێستی نییە. ئەو دەمەی کە فەرهەنگی باشوورم کوو کردەوە و لە چاپ دەرچوو؛ وابیر دەکردم کە ئەرکەکەم تەواو بوو و تا رادەیەک خزمایەتی خۆم بە گەلەکەم پشان داوم، بۆ خۆم سەیر بوو کە زاراوەیەک وەکوو زاراوەی باشووری رۆژهەڵات ئەوەندە دەرەتانی هەیە و وشەی تایبەتیی زۆرە. هەر بە جارێک دەلاقەیەک لە دۆنیای ئەدەب و فۆلکللوری کوردی بۆم دەرباز بوو. بەڵام؛ هیچکەس بەرگیری لە ئەدەب و فەرهەنگ و زاراوەکەم نەکرد بێجگە لە دەم و دەزگای راگەیاندنی کوردی. رەنگە لایَ ئێوەش ئەم قسەیە، قسەی قۆڕ بێت بەڵام راستە. زاراوەی من بەم هەموو دەرەتان و تەوانەوە «بە داخەوە نەک بە وردی؛ کە بە راشکاویش لە سەری باسێک نەکراوە» لە پەراوێزە.

هەر لە دەم و دەزگای دەنگ و رەنگ بگرە هەتا گۆڤار و رۆژنامە و ... هتد. بۆیە بە ناچار و بۆ تێگەیشتنی تۆی بەڕێز بە زاری تۆ دەنووسم، وا دیارە تۆ لە من زیاتر ئێمە و ئێوە دەکەی. منیش بە زمانی یەکگرتوو باوەڕییم هەیە بەڵام بە چ مەرجێک؟؟!

لێرە لە پەراوێزێک وتەنیا بۆ ئاگاداری؛ چەند بابەت لە سەر فۆنۆتیک ورێنووسی ئەم زاراوە دەنووسم کە هەر بە راستی پێویستە چاوی لێ بکەینەوە.

...... ئەگەر دان بەوە بدەین کە زاراوە چۆم و رووبارێکە کە دەریای زمان تەسەڵ ئەکا؛ ئەرکی زمانەوان ئەمەیە کە لە چۆنیەتی هەر زاراوەیەک تێگەیشتنیکی هەبێت، چ لە بواری

ڕێنووس و چ لە بواری فۆنۆتیک. مەبەست لە فۆنۆتیک، چۆنیەتی وتنەوەیە نەک دەزگای فۆنۆتیک. ئەگەر بمانەوێ دەزگای فۆنۆتیک دووپات کەینەوە باسیکی درێژخاینە هەر ئەوەندە بێژم کە ئەم دەزگایە کاریگەریی هەرە زۆری لە سەر وشەگەلی دەرەکییە تا کوو وشەی خۆماڵی. بۆ نموونە ماشینی (پراید) لە نێو دەزگای فۆنۆتیک بووەتە (پرایل) من لە پارێزگای لوڕستان لە دەمی خەڵکی لادێ دەیان کەڕەت بیستوومە کە ئەڵێن (پرایل) هەر ئەم وشەیە لە لای لادیەکانی شارێک وەکوو قەسری شیرینیش (پرایل)ە بە بێ ئەوەی کە پەیوەندیانیش پێکەوە بێت. یان لە هەمووی ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵات ناوێک وەکوو (عەلی) ئەگۆڕێتە (ئەلە) و(ئەلگە) بەڵام مەبەستی من چۆنیەتی ئەدا کردنەوەیە نەک خۆدی دەزگای فۆنۆتیک. بۆیە خوێنەری کورد تووشی هەڵ و مەرج دەبێت کە چۆنە وشەیەک وەکوو(بەێbeê) بنووسێت یان بخوێنێت. لە ڕاستیدا ئێمە وەکوو کورد، هێشتا ڕێنووسیکی یەکگرتوومانیش نییە ئەم شێوەی خوێندنە تەنیا لە باشووری ڕۆژهەڵات هەیە و بە پێ ڕێنووسی کوردی دوو ئاوا یان فۆنیم ڕێک لە پشتی یەک نانووسرێت و بۆ چارەسەر کردنی ئەم نەخسە لە (پێتی کەلیژاندن) کڵک وەر ئەگرین و دەنووسرێت (بەێ bey) بەڵام ڕاستیەکەی وایە کە (ێ) لای ئێمە فۆنۆتیک نییە بەڵکوو بۆ خۆی پێتێکی سەربەخۆیە جیا لەوانە پێتی کەلیژاندن بۆ چارەسەر کردنی یەک یان دوو بابەتی تایبەتە و شتیکی گشتی نییە ئەگەر من وەکوو کوردیکی باشووری بمەوێ کڵکی لێ وەر بگرم پێویستە زمانەکەم بگۆڕێنم.

بابەتیکی دێکە پێتی (ۆ ـۆ)ە کە وا دیارە لە دەم و دەزگای بڵاو کردنەوەی کوردی بووەتە کیشە. ئایا لە بەر خاتری ئەوەی کە ئەم پێتە لە کامپیووتر بە دژواری دێتە نووسین چاو لێ بنووقێنین؟ یان تەنیا لە بەر خاتری ئەوەی کە خۆشک و برایانی سۆرانی زمان ئاخاوتنی ناکەن ئێمەیش ئەوە نەنووسین؟ تم و دایم وەتوومە و هەریش ئەیڵێم ئەگەر کوردستان تەنیا مەبەست سنە و ئازەربایجانی ڕۆژئاوایە، بە پێ جەماوەر و پان و بەرینی ئەرزناسیی بە قەد

کرماشان بە تەنی تەنها نییە هەتا بگرە ئیلام ولوڕستان و بەشێکیش لە هەمەدان بەم زاراوە یان سەر بەم زاراوەیە. هووز گەلی کەڵهوڕ، لەک، لوڕ، زەنگنە، گۆران، فەیلی، بەختیاری و تەنانەت کرمانجەکانیش ئەم پێتە ئاخاوتن دەکەن و پێتیکی گشتیە ئێمە چۆن ئەتوانین بیر لە زمانەکەمان نەکەین؟ تێکڕای ئەوانە ئەم پێتە، پێتیکی مێژووئیە ودەسکاری من و ئەو و ئی نییە. بە پێ کتیبە مێژووئیەکان کە لە سەر ئەڤیستا نووسراوە، بنیاتی فۆنۆتیکی ئەلف و بیی ئەڤیستا لە سەر هەشت پێتە (ڎ- پ- چ- ژ- ڬ- گ- ڤ- ۋ) پێت گەلی (پ، چ، ژ، گ) هێشتا لە نێو کورد و تورک و ئازەری و فارس ماوەتەوە و بە تەواوی پارێزراوە بەڵام ئەو دووایی کە تەنیا لە نێو کورد ئاخاوتنی پێ ئەکرێت زۆر ناڵەبارە لە بەر ئەوەی کە ئێمە پاڵپشتی ئابۆری و عەسکەری و رامیاریمان نییە؛ هەرچەندەکە دەزگای بڵاوکەری کوردیمان زۆرە. بەڵام راگەیاندنیکی زۆر ناتەواومان هەیە. پێتی (ڎ) کە ئاخاوتنیکی نێوان (د،گ)ە هێشتا لە نێو هەورامان پارێزراوە کە ئێستە لە لاینی بڵاوکراوەی کوردی هەر نانووسرێت. یەکم جار کە ئەو پێتە بە شێوەی نووسراوە دیوم لە گوڤاری (کۆمسا) بوو کە مانگنامەییکە هەورامانناسانە و رۆشنبیریە وحەز دەکەم بزانین کە هەورامان بە خێوکەری زمان و فەرهەنگی کورد بووە و بەش بە حاڵی خۆم سپاسی بە رێوبەرانی ئەم مانگنامە دەکەم کە پاراستنی پێتی کوردی بە ئەرکی خۆیان زانیوە. راستیەکەی وایە کە هەرچێ پێتی کەمترمان بێت؛ خوێندن و نووسین ساکارترە بەڵام بەو مەرجە کە نەبێتە هۆی فەوتانی پێتە مێژوویەکان. یان پێتی (ڬ) کە هێشتا لە نێو کرمانجەکان ماوەتەوە و ئاخاوتنی لە نێوان (ق، ک)ە و پێتی (گ٘) کە بووەتە (گ) کە ئاخاوتنی لە نێوان (ن، گ)ە بە گشتی لە باشووری رۆژهەڵات و بە تایبەت عەشیرەتەکانی کەڵهوڕ و زەنگنە و گۆران و لەک و فەیلی ماوەتەوە و (ڤ) کە هەر بە تەواوی ماوەتەوە و (ۋ) بووەتە (و) کە ئاخاوتنی لە نێوان (و،ێ)ە. مەبەست ئەمەیە کە ئێمە ناتوانین لە زمانی یەکگرتوو باس بکەین و ئەم تایبەتمەندیانە لە بەر چاو نەگرین. زمانی یەکگرتوو ئەبێ بەشداری هەموو

تەوەرەکان و بابەتەکان بکات نەک هەر وشە. ئێمە بە بێ زمانی یەکگرتوویش، پەیوەندی وشەئیمان هەیە چۆنکە هەوتا لە سەدی وشەگەلی کوردی هەر لە یەک دەچن. ئێمە لە جیاتی ئەوەی کە رێگە خۆش کەین بۆ جیاوازیەکان، بە بێ زانستن و باس و خواس چاو لێان ئەنووقێنین. ئەگەر وابێت نموونەیکی تر ئەخەینە بەر دەستی توێژەران و زمانەوانانی کورد و ئەمەش ئەوەیە کە کورد بە تەواوی فرمانی یان مەفعول ئەگۆڕێنێت و کردار یان فێعل جێبەجی نابێت تەنیا زەنگنە و کەڵهوڕ کردار دابەش ئەکەن :

سۆرانی: **ئاومان** خوارد. لەکی: **ئۆمان** هەرد. کرمانجی: **ئاڤمان** خوارین. کەڵهوڕی: **ئاو** خواردیم

یان هەر خۆدی زاراوەی هەورامانی کردار بۆ نێر و میی هەیە کە لە هیچ کام لە زاراوەکانی کوردی ئاوا شتێکم نەدیوە، بۆ ئێمە پەیڕەوشتی ئەم بابەتە نەکەین؟ ئەم تایبەتییە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتە کە زمانی پەهڵەوی بووە زمانیکی هەمەلاینە و فرمان و فرمانکار و کردار و ... هتد دەست نیشان کرا ئەگەر ئەوە قانوون بووە، بۆ قانوونمان دابەزاندوە؟

بابەتیکیتر زەنە یان هەر ئەو (کەسرەی مۆختەلێسە)یە کە لە رێنووسی کوردی ئارامی نۆمادی (ـْ) و لە رێنووسی لاتینی (İ) بۆی دابین کراوە. ئەتوانم بێژم یەکێک لە فۆنۆتیکە سەرەکیەکانی باشووری رووژهەڵاتە کە لە زاری کرمانجییش زۆر بەرچاوە. لە هەندێک کەس بیستوومە و دیومە کە دەنگی ژێر لە سەر وشەکان دەنووسن و لە بابەتێک زۆر سەیر باس دەکەن کە ئەوەش (کەسرەی کەڵهوڕی)ە. من بڕیار بۆ کەسێک دەرنابڕم بەڵام بە دڵنیائیەوە ئەڵێم کە ئاوەها بابەتێک، داهێنانیکی نەزانستییە و شتێک بە ناوی کەسرەی کەڵهوڕی هەر بوونی نییە. بە پێ رێنووسی کوردی (کە لە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە)ش ئاماژەی پێکراوە ئێمە وەکوو کورد لە جیاتی دەنگی ژێر و سەر و بۆر، پێت دائەنێن و لە جیاتی کەسرەی مۆختەلێسە نیشانەی (ـْ) دائەنێن. ئەم فۆنۆتیکە لە وشەگەلێک کە لە بواری نووسینەوە لە یەک دەچن بەرچاوترە. وەکوو:

دەنگ deng: بانگ، سدا                دەنْگ denig: دانە، گلە

یان

دالْگە daĺge : دایک، دایە         دالّگە daĺge: داوکە، دەسپێکردنەوە

ئەبینین کە ئەگەر زەنە لە سەری نەبێت خوێنەر لە خوێندن تووشی هەڵ و مەرج دەبێت.

هەروەها باشووری رۆژهەڵات وەکوو ئەو دووای بەرادەرانی خۆی ئاخاوتنی هەندێک پێت ناکەی بۆ نموونە:

سۆرانی : شاری کرماشان

کەڵهوڕی : شارْ کرماشان

من هەست دەکەم کە زەمانی ئەوە هاتووە کە تێبینینیکی زانستی لە سەر بابەتی رێنووس و فۆنۆتیکی کوردی بکەین و بۆ تێگەیشتنی باشتر و پەرەپێدان بە فەرهەنگ و زمانی نەتەوەکەمان هەوڵیکی کوڕانە و چالاکیەکی بێ وچان بکەین.

— بەرگی دووهەمی **زەرینەوسیمینە** بریتییە لە هەندێک بیر وباوەڕی رەسەنی کوردی و گیاە دەرمانی و هەندێک لە نەخۆشییەکانی ئینسان و ئاژەڵەکان و شێوەی دەرمان و چارەسەر کردنیان کە ئەتوانم بێژم لە کەمتر کتیبی کوردی تا ئێستە سەبارەت بەوانە باسێک کراوە یان باشتر بڵێم تا ئێستە کەسێک لە سەر داب ونەریتەکانی ئەم بەشە لە مەڵبەندی کورد، لێکۆڵێنەوەیکی زانستی نەکردووە.

ئەگەر بە وردی بخوێنینەوە تێدەگەین کە باوەڕەکان بنەمای زانستییان هەیە بە تایبەت لە سەر نەخۆشییەکان و شێوەی چارەسەر کردنیان کە دەقاودەق زانستە. کوردی ئەو سەردەمە بە گشتی لە هیچ ئاکادێمیکی زانستی ماستەری دەرمانکردنی ئەم نەخۆشیانەی نەگرتووە تەنیا بە ئەزموون و خەتا گەیشتوەتە ئەم قۆناخە و چۆنکە لە سەر ئەم باوەڕە بووە کە دەردی خۆی و بەردی خۆی، دەستی هەڵێناوەو و لە یەک لاوە چاوی لە فەرهەنگ

و زمان بووه و له لایکی دێکەوه کڵک وەرگرتن له سرۆشتی دەڤەری خۆی بووه و هەوڵی داوه هۆکاری نەخۆشییەکان له دەڤەری خۆی بدۆزێتەوه، هەر بۆیه ناوی زۆربەی ئەم نەخۆشیگەله له رەگەزی زمانەکەی دەچێت و ئەتوانم بێژم بۆ هەموو نەخۆشییەکانی ئەم سەردەمه، ناوێکی کوردی بۆ دابین کردووه که له زمانەکانی دراوسێ خۆی ئاوا کارێک نەکراوه. بۆ نموونه:

| | |
|---|---|
| پاگرە= واریس | ژان ژوو = رۆماتیسم |
| سەرانسییه = میگرن | برنگ= ئاپاندیسیت |
| باوەسیر = همۆرۆئید | کەلەمیقاو= سینۆزیت |
| تەنگەسه = ئاسم | ناوک کەفتن= کۆلیتی میعده |

و دەیان بابەتی دێکه. له هەمووی جووانتر، شێوەی دەرمان و بابەتی پزێشکیه که له سەر رێبازیکی زانستییه. من وا تێگەیشتوومه که گیادەرمانی له نێو کوردەواری هەر له مێژەوه باب بووه بۆیه هەر گیایەک ناوی تایبەتیی هەیه و خەڵک به گشتی بۆ یەک دەرمانی سەرەکی کڵکی له وەر گرتنه.

ئەتوانم بێژم: بەرگی دووهەمی **زەرپینەوسیمینه** دریژەی فەرهەنگی باشووره که فەرهەنگیکی تایبەتیه بۆ ناوی راستەقینەی گیاکان و نەخۆشییەکان له باشووری رۆژهەڵات که هیوا دارم به دڵی خوێنەرانی بەرێز بێت وهەر وەها داوا دەکەم له رخنه جووانەکانتان بێ بەهرەم نەکەین و سەر له نوو ئەوه دووپات ئەکەمەوه که ئەم کتیبه، بەشێک له بابەتەکانی کوردە و زۆر ناتەواوه بەڵام چیبکەم ئەوه بوو که له تەوانم بوو نەک ئەوەی که وێستم هەبوو.

برای ئێوه ئاکۆ

aku_2707@ yahoo.com

لێرەدا پڕ بە دڵ سپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەم کە لە ساقکردنەوە و کوو کردنەوەی ئەم کتێبە دڵسۆزانە یارمەتیم دان و ئەوەی کە پێزانینی خۆیان بوو خستنە بەر دەستم.

| | |
|---|---|
| باوکی بەڕیزم | جاسم جەلیلیان |
| بەڕێز کاک | قودرەت دارابی |
| بەڕێز کاک | عەبدۆلا عفەتی |
| خاتوون | لەیلا رەشیدی |
| بەڕێز کاک | ئەیووب شەریفی |
| بەڕێز کاک | کەیوومەرس رزایی |
| بەڕێز کاک | ئەردەشێر مێرزایی |

سەرچاوەکان

1- فەرهەنگی باشوور- عەباس جەلیلیان «ئاکۆ» تاران چاپەمەنی پۆرسمان- 1385 هەتاوی.

2- هەگبە وهەوارگە- ئەیووب رۆستەم- چاپی یەکەم- سلێمانی 2003 .

3- کورد وچەند بابەتی مێژوویی- هاشم عاسی کاکەیی- چاپخانەی ئارابخا ، کەرکوک 2006.

4- تەفسیری ئەوستا- د.جیم.دارمستتر- وەرگێڕان دۆکتور مووساجەوان- چاپەمەنی دۆنیای کێتاب 1385 هەتاوی.

**ئاوaw**: ئاو لە فەرهەنگی رۆژهەڵاتی ناوێن نیشانەی پاکی و خاوێنی و زوڵاڵی و رەوانییە و لە بواری ئائینیەوە و لە قورئانی پیرۆزدا نیشانەی زیندووئی و حەیاتە و گەلی کورد باوەڕی بە هەموویانە وتەنانەت لە پێشوو خوایەک بۆدۆرست کراوە کە «ئاناهید» یان «ئاناهیتا»ی پێ وەتنە.

ئەم خودایە لە بنەڕەتەوە هی قەومی«ئاشوور» بووە و دووائی هاتوەتە نێو کوردەواری. لە فەرهەنگی کورددا دەیان پەندی پێشنان سەبارەت بە«ئاو» وەتراوە کە لە بەرگی یەکمی «زەڕینە وسیمینە» ئاماژەی پێ کردینە. لە باشووری رۆژهەڵات هەندێک بیر وباوەڕ سەبارەت بە «ئاو » هەیە کە ئاماژەی پێ دەکەین.

- لە کاتی تینوئی و بەر لە خواردنەوەێ ئاو دوعایەک یان وتارێک دەڵێن تەنانەت لە نێو شیعەکاندا نفرین و دوعا پێکەوە دێت. ئائینیەکانی شیعە لە کاتی ئاو خواردنەوە دەڵێن: سلام بر حسین، لعنت بر یزید. کە ئاماژە بە رووداوی کەربەلا و شەهید بوونی ئیمام حوسەین«د.خ» دەکا .یارستان و زۆربەی گۆرانەکان ئەڵێن: رەحمەت لە ئاو خوەر. لەکەکان ئەڵێن: خودا زیا کە.

بەڵام یەک بابەت لە نێو کوردەواری بە گشتی دیاردەیە ئەمەش ئەوەیە کە لە کاتی ئاوڕژاندن بە تایبەت ئەگەر ئاوی کۆڵ بێت بە دەنگی بەرز ئەڵێن: بسم الله.

کورد لە سەر ئەم باوەڕەیە کە لە هەر کوێ ماڵ ومنداڵ هەبێ و ژیانی ئاسائی بەڕیوە دەچێ فرێشتەکان و جن و پەری لەم دەڤەرەدا هاتوچوو دەکەن و لە بەر ئەوەی کە ئێمە ئەوان نابینین رەنگە ئاوی کوڵ ئەوان بسووتێنێ و ئەوانیش تۆڵەی ئێمە بکیشن بۆیە بانگ دەکەن: بسم الله کە ئەوان وریای خۆیان بن و نەسووتن.

ئەم باوەڕە ریشە لە مێژووئیکی دوور و دریژی هەیە و ئەمەش وایە کە هەر مرۆڤێک کە دێتە دۆنیا فریشتە و جنۆکەیک ئەبنە چاودێریکەری ئەم مرۆڤە و فرێشتە هانی ئەدا بۆ کاری باش و جنۆکە بەرەو خەراپە ڕێنوێنی دەکا هەر لە سەر ئەم باوەڕەیە کە کونفوسیوس ئەڵێ:

هەر مرۆڤێک کە لە دایک ئەبێ خودایکیش لە گەڵا پەیدا ئەبێت و کاتێک مرۆڤ ئەفەوتێ خواکەشی ئەفەوتی.

بەڵام من لە سەر ئەو باوەڕە نییم. هەست دەکەم لە سەردەمی پێشوو لە بەر نەبوونی کارەبا و رۆشنائی، کاتی ئاو کوڵ رژاندن بانگ کردنە کە ئەگەر گیانلەبەرێک یان منداڵێک لەم دەڤەرە بوونە وریا بن و خۆیان لە سووتاندن لا بدەن. هەروەها ئەگەر ئاو بە تۆندی برژێننە سەر زەوی و دەنگی تووقەی بێتە گوێ؛ مێوان لە ڕێگەی دوور دێتەوە. یان ئەگەر شەپۆلێک ئاو بەرەو هەوا فرێ بدەن و ئاوەکە وەکوو دانەی ئەڵماس بڵاو ببێتەوە و بتوانن ئەوانە لە دەست بێگرن؛ هەر بە راستی ئەبێتە دانەی ئەڵماس.[1]

گەورە پیاوان و ئەوانەی کە لە ژیاندا خاوەن ئەزموونن ئەڵێن:

لە کاتی شەکەتی و ماندووئی، ئاو خواردنەوە قەدەغەیە چۆنکە لەش کرمی بەخۆ ئەگرێت و وردە وردە ئەتکۆژێ.

ئەم باوەڕە لە سەر ڕێبازی زانستیە وقەت خورافە نییە کە دووپاتی ئەکەینەوە. من لە هەندێک پزیشک پرسیارم کردووە بە گشتی لە سەر ئەم رایەن کە لە کاتی ماندووئی و شەکەتی فەعالیەتی قەڵب زۆرترە وخوێن لە دەمارەکاندا بە تۆندی دێت و ئەڕوات و لە بەر عەرەق کردنەوە خوێن خەستر ئەبێت بۆیە ئەو دەمارانە کە «لەنف»ی پێ دەڵێن و مادەیکی کە تیایە بە «لەنفوسیت» ناودارە و لە دەڤەری گەدە و ڕێخۆڵەدا کووبوونە

---

[1]– ئەم بابەتە لە دەمی کاک قودرەت دارابی خەڵکی گوندی چیاکەو کە تەمەنی پێنجا وپێنج ساڵە و دانیشتووی شابادە و کارمەندی خانەنشینی ئێدارەی بێهداشتە، بیستوومە.

هاوبەشی دەمارەکانی خۆینبەر دەکەن و لە ئاوی گەدە و رێخۆڵە دەگرن و بۆ دەمارەیً خۆێنبەر ئەیبەن. بۆیە گەدە لە ئاو ومادەیەک بە ناوی «گاسترین» کە کاری هەزمی خواردەمەنی و میکروبکۆژی گەدە لە ئەستۆیە کەم ئەبێتەوە و جانەوەر و کرم لە گەدە زۆرئەبێتەوە. هاو کات بە فەرمانی مێشک ئەندامی «لوزا لمعده» مادەی«×فرا»ئەڕژێنێتە نێوگەدە وکرم و جانەوەرە کان دەمرن بۆیە ئەگەر ئاو بخۆردرێت سەفرا کاڵ ئەبێت و کرم وجانەوەرەکان تێک ناچێت و مرۆڤ تووشی نەخۆشی ئەبێت. هەر ئەم حێکایەتە بۆ ئەسپ و قاتر زۆرتر لە بەر چاوە و بەم نەخۆشیە «سەگ وا segwa» ئەڵێن وبۆ ئینسان «لەڕەوا lerêwa» پیً ئەڵێن.

**ئاگرمەلتۆچ agirmelüç** : باڵندەیکە لە چۆڵەکە گەورە ترە و دەندووکی دریژترە لە فارسی «سارsar »ی پێ دەڵێن ئەم مەلە دۆژمنی کولەیە. لە فەرهەنگی کورد ئەفسانەیک بۆ دۆرست بووە کە دەڵێن:

لە وەرزی کەم بارانی و بەتاییەت لە کوتائی مانگی گوڵان کولە زۆرترە وبە گەلەوە هێرش ئەبنە سەر کشت وکاڵ و دار ودەوەن و گژ گیا رووت ئەکەنەوە بۆیە خەڵک یەک کەس کە زاتدار وپڕ تاقەت و هەر وەها دەس دەم پاک بێت و چاوی هێز نەبێت ودروو نەکا هەڵدەبژێرن وپێ ئەڵێن کە:

ئەبێ وشیار بوویت وکەس نەزانێ بۆ کوێ و بۆچێ دەچیت، ئەبێ بێ وچانەوە بچیت و سەر جەم لە ماوەی سێ رۆژ و تاقێک بچیت وسێ رۆژ و تاقێکیش بێتەوە کە ئەبێتە هەفت رۆژ و کاتی هاوردنی ئاوی ئاگرمەلتۆچ؛ نابێ ئەم گۆزەیە کە ئاوی تێایە بە زەوی دابنیت و ناشێ بەرەو دووای خۆت بنواڕیت. کە گەیشتە ئاوای خۆی لە چیایەک رووتی ئەکەن و بە توولی هەنار یان هەنجیر لێ دەدەن و ئەویش لە ئاوی گۆزەکە مشتێ پڕ ئەکا و بەرەو ئاسمان فڕێ ئەدات و هاوار دەکا:

ئاگرمەلتۆچ هاوار.... تا ئاگرمەلتۆچ بە گەلەو بێت و کولەکان بخوات. ئەوەی کە شایانە ئاماژەی پێ بکەم ئەمەیە کە باڵندەی ئاگرمەلتۆچ لە قەراخی چۆم و رووبارەکاندا دەژێت ولە پارێزگای کرماشان مەڵبەندی«سراو سەحنە»ئەم مەلە زۆرە.

ئەم رەوایەتەی خووارووە لە دەمی باوکم کە تەمەنی نەوەد ساڵە وەرگرتوومە کە باسی ئەم رووداوە لە گوندی «قەڵای هەرەسەم» دەکات. ئاواکە ئەو بۆم دەرخست ئەو کاتە کە منداڵ بووە کولە بە فراوانی هێرش کردووتە سەر کشت و کاڵێ ئەم ناوچەیە وپیاوێک بە

ناوی«بوزرگ» هەڵبژێردراو بۆ هێنانی ئاو ئاگرمەلـۆچ لەو کاتە کە بوزرگ لە ڕێ بـووە کولـە تەنانەت چێخ و دەوارەکان و ڕەشماڵەکانیانیش خوارد بوو. لە گەڕانەوەی بـوزرگ بـۆ قـەڵای هەرەسەم ئەویان بردە سەر قەڵاکە و رووتیان کرد وتوولی لێ دەدان بەمجۆرە کـە خـوێن لـە سەر وپشتی بەڕێ کەوت و ئەویش لە ئاوی گۆزەکە مشتی پڕ ئەکرد و بـەرەو ئاسـمان فـڕی ئەدا و هاواری دەکرد : ئاگرمەلـۆچ هاوار. دووای چەند خۆلێک ئاسمانی ئەم مەڵبەندە لە بەر ئاگرمەلـۆچ تاریک بوو وکولەیان تێک دان. زۆربەێ خەڵکی قەڵای هەرەسـەم ئـەم رووداوە لـە بیریانە[2].

یەک بابەت لەم باوەڕە زەقترە لە ناوەڕۆکەکەیە ئـەمـەش ئـەوەیـە کـە ئـەبێ لـە هـەفـت ڕۆژ کوتائی بێت و ژمارەی هەفـت لـە لای کـوردان ژمـارەیکـی موقـەدەسـە وە هـەروەهـا بـە پـێ زانیاریەکان تۆخمی کولە دووای هەفت ڕۆژ ئەگەییت و کولەی بچووکێ لێ دەر ئەکەوێ بۆیـە کولە لە هەر مەڵبەندێک بدات زۆرتر و زۆرتر ئەبێتەوە. هەر وەها ئەشێ بە توولی هەنار یـان هەنجیـر تـوولی بـدەن کـە سـەرنـج ڕاکیـشە ئـەم دوو میـوەیـە لـە فـەرهـەنگی کـوردەواریـدا تەقەدۆسیان هەیە بە تایبەت لە نێو یارستان.

ڕاستەکەی وایە کە ئاوی ئاگرمەلـۆچ هـیچ حکمـەتیکـی نییـە و ئـەم هـەمـوو داب ونـەریـت و دەستوورە هیچ پەیوەندییکی بە چۆنییەتی کارەکەوە نییە وهۆکـاری زانـستیی هـەیـە کـە بـە کورتی ئاماژەی پێ دەکەین.

ئاگرمەلـۆچ لە ڕاستیدا خولیاوی دەنگی ئاوە و بۆیـە لـە هـەر شـوێنێک ئـاوی بـە خـوڕ بێـت لەوێدا دەژێت و من لە سەر ئەم باوەڕەم کە ئەم مەلـە بـە دریژائـی مێـژوو فێـری ئـەم کـارە بووە. من بۆ خۆم تێوریەک پێشکەش ئەکەم و ئەمەش وایە:

---

[2] -کوڕەکانی بوزرگ «مامەوەیس» و«هەمەوەیس» بوونە کە فەوتانە وکاک خێرلا و سەڵمان و فەرمان جەلیلیان کە ئەبنە نەوەی بوزرگ، وەتیان ئەم ڕەوایەتە ڕاستە.

هەروا کە دەزانین لە هەر کوێ ئێنسانی وەرزێر و دامپەروەر دەژێت مەل و موور و جانەوەریش زۆر ئەبێت و کاتێک کە مرۆڤ بۆ ئاو هێنان لە ماڵ دەرچووە و چووەتە سەر کانی و ئاوی لە گۆزە یا کونەی کردووە و بەرەو ماڵ هاتووە، ئاوی سەر شانی ئەم کەسە شڵقە شڵقی کردووە و دەنگیکی مووسیقائیی هەبووە کە ئەم دەنگە ئاگرمەلتۆچ خولیاوی خۆی کردووە و لە پێ ئەم موزیکە هاتوەتە نێو گوندەکەی و دیوە کە لەم دەڤەرە پەخشە و مەل و موور زۆرە و لەوێ خۆراکی زۆری دەست کەوتووە و دووائیش گەڕاوەتە نێو هێلانەی خۆی کە لە ئاوائی دوور بووە و وردە وردە گەیشتوتە ئەم قۆناخە کە بە ئێمەی گەیشتووە.

نموونەیکی تر باڵندەیکە کە لە شاخی ئافریقا دەژێت و بە « هەسەڵخۆر» بە ناو بانگە و تەنانەت کورتە فیلمێک لە سەری دۆرست بووە. ئەم مەلە هەسەڵی پێ خۆشە وچۆنکە خۆی تەوانی بە گژداچوونەوەی مێشەنگوێنی نییە لە هەر کوێ ئینسانێک بینینێ بە زیتەزیت و باڵەوازی بۆ خۆی راێدەکیشێت وبە وردی ئەێباتە سەر کەندووی هەسەڵ و خۆی لە دوورا رادەوەستی و دووای ئەوەی کە ئێنسان کاری تەواو بوو و مێشەنگوێنەکانی هەڵترازان ئەچێتە سەر کەندووەکان و بەشی خۆی لێ وەر ئەگرێ. هەم ئینسان بۆ ئەم باڵندەیە ناسراوەیە و هەم ئەم مەلە بۆ ئینسان. نازانم لە ئافریقا داب و نەریت سەبارەت بەم مەلە چۆنە بەڵام ئەوەێ کە دیاردەیە ئەمەیە کە مرۆڤی رۆژهەلاتی ناوێن بە گشتی هەمووشتێک لە دەلاقەێ ئائینی خۆیەوە سەیر ئەکات بۆیە دەستوور و قانوونی بۆ هەموو شتێکی سرۆشتی داناوە کەجی سەرسوڕمانە.

**ئانگووخوەرد angû xwerd**: لە باشووری ڕۆژهەڵات باوەڕێک هەیە کە پێ ئەڵێن «ئانگووخوەرد» یان «ئانگوو خوەردە» ئانگوو یان ئاڤێ یان شەونم هەر شەونمە.

بەڵام لێرە پەراوێزێک ئەکەێنەوە و ئەم وشەگەلە دوو پات ئەکەینەوە تا لە چۆنیەتی باوەڕەکە تێبگەێنەوە.

هەرواکە دەزانین وشەی کوردی بەتایبەت وشەی باشووری ڕۆژهەڵات بۆخۆی نوێنەرایەتی چەند بابەت دەکا، لەوانەیە: چۆنیەتی، چەندایەتی، نێر ومێ، زەمان ...هتد؛ کە باسیکی زمانەوانیە و لێرەدا شیاوی دووپات کردنەوەی نییە بەڵام بۆ تێگەیشتن لە ناخی باوەڕەکە بە ناچار باسی ئەکەین. من بە پێ ئەم چەند ساڵە کە خەریکی دۆزینەوەێ وشە و فەرهەنگی فولکلۆرو و پەندی پێشنان بوومە گەێشتوومەتە ئەم باوەڕەکە وشەی کوردی باشووری ڕۆژهەڵات ڕەسەنایەتی و تایبەتیکی هەیە کە بە داخەو ئەوندە لە سەری باس نەکراوە و هەر ئێستەش لە پەراوێزە.

ئەمەش ئەم باسەیە کە لەم بەشە لە خاکی کورد، وشە کاریگەری هەرە زۆریکی هەیە کە ناخی وتارەکە بۆمان روون ئەکاتەوە بۆ نموونە وشەی کەسایەتی لای ئیمە چەندەها بۆچۆنی هەیە:

1- کەسایەتی kesayetî: ئەو کەسە کە بە بۆنەی کەس بوون و قەوم وعەشیرەت بە ناو بانگە.

2- ماریەتدار maryetdar: ئەو کەسەکە بە بۆنەی فێکر و هزریکی بەرز خاوەن کەسایەتیە.«مار» بە مانای تەندرۆستیە هەروا کە «بیمار» بە مانای نەخۆشە. هەروەها «ما» بە مانای مێشک ومژگە. ماریەتدار واتە ئەو کەسەی کە بە بۆنەی فێکر وهزریکی بەرزەوە بە ناوبانگە.

3- ماڵیەتدار maĩyetdar: ئەو کەسەی کە بە بۆنەی ماڵ و دارائیەوە بەناو بانگە.

4- لەنگەردار lengerdar : ئەو کەسەی کە بە بۆنەی گەورەئی و تەمەنەوە خاوەن کەسایەتیە.

5- واسکوو waskû: ئەم وشەیە تایبەت بۆ ژنانی خاوەن کەسایەتیە و قەت بە پیاو ناڵین واسکوودار.

«واس، وەس، وس، وەش» پاشگرە بە مانای «وەک، وەکوو، وەکی» و بەشی دووهەمی «کوو» بە مانای کێف و کووە واتە ئەو ئافرەتە کە وەک کێف سەربەرز وگەورەیە.

یان وشەی «بەرەکەت»

1-پیت pît: خێر وبەرەکەت بۆ مایەعات«مەشکەگەد پیتێ بچوو»

2-هۆرْم hürim: خێر وبەرەکەت بۆ خەلە وخەرمان «هۆرْم لە خەرماند نەورپیەێد»

3-رێژەن rêjen یان«رژوان rîjwan»: خێر وبەرەکەت بۆ ران و مێگەل «رێژەن برژێدە رییە نەگەد»

ئەبینین ناوڕۆکی وشەکان ئاماژە بەیەک تایبەتی دەکا هەر چەندەکە لە رووی رەواڵەتەوە یەک مانای هەبێ. لە درێژەی ئەم باسە ئەگەینە ئانگوو. زۆربەی کورد هەر ئەڵێ «شەونم» بەڵام شەونم ئەو ئاوەیە کە خۆری لێ کەوتبی. ئانگوو ئەم شەونمەیە کە خۆری لێ نەداوە و وەک هەسەڵ لەرزانە و ئەلکێتە دەست و پێەوە دووائی کە خۆری لێکەوت کاڵ ئەبێتەوە وشەونمی پێ ئەڵێن و دووایی «ئاڤێ» یان«خۆسە»ی پێ دەڵین کە لەش تەڕ ئەکات. بە هەر حاڵ ئەمە تێبینینێکی زانستی بوو بۆ ئەوەێ کە لە وتارەکە باشتر تێبگەینەوە. بەڵام «ئانگوو خوەرد» بریتیە لەوەی کە ئاژەڵێ تازە زێ کە شەو لە دایک بووە بە تایبەت لە رەشماڵەکاندا کە کۆچەری دەکەن؛ دەستبەجێ لە مەزرا دا ئەنین تا ئانگوو بلکێتە پێستیەوە یان لە ئانگوو بخواتەوە. خەڵک بە عام لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئەم ئاژەڵە ئەگەر مێ بێت« دوو بەری زا» ئەکات واتە لە جیاتی یەک ئاژەڵ دوو ئاژەڵ دەزائێت و

ئەگەر نێر بێت، تۆخمی دووانەیە، واتە لە هەر مێنەیەک بگروسیە[3]، ئەم مینیە دوو ئاژەڵ دەزائێت. ئەم باوەڕە بەتایبەت لە نێو لوڕەکانی بەختیاری کە لە «پارێزگای کۆەگیلوویە وبوێر ئەحمەد»دا دەژین زۆر بە قەوەتە[4].

هەروەها لە کوتائی ئەم باوەڕە گەلی زەنگنە لە سەر ئەم باوەڕەن کە منداڵی لە دایک بوو ئەگەر فرمێسکی خۆی بخواتەوە «لفانە» دەزائێت بە تایبەت ئەگەر ئەم منداڵە کچ بێت. بەگوێرەی باشووری رۆژهەڵات فرمێسک، هەر ئەو «ئرمێس، ئرمس، ئەسر»ە کە خەڵک لە پێشوو باوەڕیان بەوە بووە کە فرمێسک ئەم خوێنەیە کە پاڵێوراوە ورەنگی گوڕاوە. وشەی«دەنگۆ» کە هاو وەزنی«ئانگوو»ە هەر ئەو«دێان رووکانە»یە کە بریتیە لە ئاشێک کە بۆ منداڵ دۆرست کراوە کە تازە ددانی دەرهێناوە. ئەم ئاشە پێکهاتووە لە نۆک ونێسک و رشتە و سەوزی کە ئەیکوڵێنن و تامی لێ دەدەن و وەک نەزری لە نێو خزم و دراوسێ پەخشێ دەکەن وخەڵکان دووای وەر گرتنی ئەم ئاشە پارەیەک بە ناوی یارمەتی بە خاوەن منداڵ ئەدەن. ئەبینین کە لە هەموو ئەو دەقانە ئاماژە بە یەک شت دەکرێ ئەوەش یەکم شەونم، یەکم فرمێسک و یەکم ئاشە کەوا دیارە خۆشبەختی وخۆشی لە گەڵا دێنێ.

باس لە زاوزێ هاتە پێش وهەندێک بیروباوەڕ سەبارەت بەم بابەتە هەیە کە ئاماژەی پێ دەکەین.

---

[3]-گرەوسیان: لقاح

[4]-ئەم باوەڕە لە ساڵی 1369 هەتاوی کە سەرباز بووم و بۆ مامووریەت چوومە شارۆچکەی «ئیزە و باغمەلک» لە دەمی بەرادەریکی کۆچەر بە ناوی «چراغەلی» خەڵکی شارۆچکەی «ئیزە» کە لە کاری مەڕومالاًتداری زۆر پسپۆڕ بوو بیستم.

**له دایکبوونی منداڵ**: له باشووری رۆژهه‌ڵات هه‌ندیک بیر و باوه‌ڕی باش و خه‌راپ هه‌یه که به نیسبه‌تی کچ و کوڕ ئه‌گوڕدرێت به‌ڵام به گشتی له سه‌ر یه‌ک رێبازن. له‌وانه‌یه که کاتێک منداڵ له دایک ئه‌بێت به تایبه‌ت ئه‌گه‌ر له ره‌شماڵ بێت؛ چێخێک له چووار قوڕنه‌ی ژنی پا به مانگ ده‌کیشن و منداڵه‌که له تۆتۆی «کۆڵپێچک koĺpêçik » ده‌پێچن وبه خه‌ڵۆز هه‌نی منداڵه‌که ره‌ش ده‌که‌ن و هه‌ر وه‌ها به هه‌ویر سه‌ر لووت وگوێچکه‌ی هه‌ویری ده‌که‌ن و باوه‌ڕیان له‌م کاره وایه که منداڵه‌که تووشی رووره‌شی و ناکووکی نابێت وبۆ ئه‌وه هه‌ویر له لووت وگوێچکه‌ی ئه‌ده‌ن که له‌م دوو شوێنه مۆی شین نه‌بێت. وه هه‌ر وه‌ها ئه‌و ژووره که منداڵ و دایک تێا ده‌خه‌ون به خه‌ڵۆز خه‌تی چووار دیواره‌که ده‌کیشن و له سه‌ر ئه‌م باوه‌ره‌ن که «چاوی به‌د» لێان کاریگه‌ر نه‌بێت. په‌ندێک هه‌یه که ئه‌ڵێ:

«کوڕ ره‌شی خاسه» که‌وا دیاره ئه‌م نه‌ریته ئاماژه به‌م په‌نده ده‌کا. هه‌روه‌ها به‌سورمه چاو و برۆی منداڵه‌که ده‌ڕه‌ژن و دووای یه‌ک هه‌وته که نه‌ینووکی منداڵه‌که به‌رز ئه‌بێت به ددان ئه‌قرتێنن و باوه‌ڕیان وایه که ئه‌م منداڵه ئا وه‌ها دڕنده و زاتدار ئه‌بێت. دووای ئه‌مه ئاشێک دۆرست ئه‌کرێت که «دانه‌کولانه danekwiĺane »ی پێ ده‌ڵێن و بریتیه له گه‌نم و جوێ و ماش و که‌شک که ئه‌یکۆڵێنن و ئه‌یده‌ن به خزم و ده‌راوسێ .

لانکۆڵه‌ی منداڵه‌که له هه‌ندێک شوێن جیاوازه به‌ڵام به گشتی له سه‌ر یه‌ک رێبازه و ئه‌وه‌ش بۆ لاواندنی منداڵه و به‌س. به‌ڵام له زۆربه‌ی گونده‌کان جۆره بافه‌مه‌نییک که پانائیی ئه‌گه‌ئێته دوو ئه‌نگۆست به ره‌نگی ره‌ش وسپێ ئه‌بافن ومۆره‌یکی به‌ره‌نگی که‌و که

« كوژەک kwijek»ی پێ ئەڵێن لە گەڵ چووی داری «بادام» یان «تاوی tawî»[5]

ئاڵقە دەکەن و لە سەر لانکۆڵەێ منداڵەکە ئاوێزان دەکەن بۆ ئەوەێ کە چاوی بەد لە منداڵەکە کاریگەر نەبێت. منداڵ کە تەمەنی گەیشتە شەش مانگ مۆی ئەتاشن و بە قەد وەزنی ئەم مۆوە پارەێ سەرفی خواردەمەنییک دەکرێت و ئەدەن بە خەڵکان. تەمەنی منداڵ گەیشتە یەک ساڵ و منداڵ پاپا کرد«واتە لە سەر پێ راوستا» و وردە وردە فێری رێ کردن بوو، دەرزیلەیەک لە بەر پێی منداڵەکە دەشکێنن و لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئا وەها چاوی بەد دەرزیلەی لێ بچێت وئاشێک دۆرست ئەکرێت کە«پاڕووکانە parûkane»ی پێ ئەڵێن و بە خزم و دراوسێ ئەدەن.

پاڕووکانەش وەک دیانڕووکانە بریتیە لە نۆک و نێسک و رشتە و کەشک و سەوزی کە لە پێشوو ئاماژەی پێکردینە. ئەوەێ کە شیاوە ئاماژەێ پێ بکەم ئەمەیە کە ئەم مەراسیمە تەنیا بۆ منداڵی کوڕ ئەگرین و بۆ کچ ئاوا کارگەلی ناکەن. ئەو کاتە کە منداڵ بە ساقی فێری رێ کردن بوو کە لانیکەم دوو یان سێ ساڵانە لە پاڵ کێف و داری ئەنێن و خۆیان لێ دوور ئەکەنەوە و بانگی دەکەن کە بێتە ماڵ. ئەم کاتە هیچ کەسێک یارمەتی منداڵەکە نادێت تەنانەت ئەگەر بکەوێت و لەشی زامار بێت. پێویستە کە منداڵ خۆی لە سەر پێ خۆی لە کێف بێتەخوار و بێتە لای ئەوان کە نیشانەی زاتداری و تەوانایی منداڵەکەیە. بەڕێز کاک هاشم کاکەئی کە من لە فیستیڤالی گەلاوێژی2007 لە سلێمانی ئەم بەرێزە دیم و پێکەوە وەت و وێژمانیش هەبوو لە کتێبی «کورد و چەند بابەتێکی مێژوویی» کە کتێبیکی زۆر بە نرخە لە لاپەڕەی «174» ئەم کتیبە دەقیکی لە کتێبی «العراق قدیما و حدیث، نفس لمصدر» لاپەرەی«210 » وا ئەگێڕێتەوە:

---

[5] – تاوی یان تاو جۆرەداریکی زۆر گەورەیە و بەرەکەی وەک بەلاڵوکە و بە نێسبەت چەورەوتامی تارادەیەک گەسە ولای کوردان داریکی موقەدەسە و زیاتر لە پێنجسەد ساڵ ئەمێنێت. رەنگە هەر ئەو داری ساج بووبێت.

مامۆستای مێژوونووس«عبدالرزاق الحسنی» دەبارەی قەزای «علیغربی» کە ئەکەوێتە نێوان عمارە و کوت نووسیویە: لە عەلیغەربی دابونەریتێک هەیە لە هیچ کام شارۆچکەکانی عێراقدا نییە ئەویش ئەوەیە:

منداڵی ساوایان دەنێرنە شاخەکانی ئێران —کوردستانی ناسراو بە «پشتکۆ» بۆ لای دایان، پاش ئەوەی تەمەنی گەورە بوو ئەیگێڕنەوە بۆ لای کەس و کاری و شوێنی لە دایک بوونی.[6]

ناوچەی پشتکۆ بریتیە لە مەڵبەندە شاخاوییەکانی ئیلام و لوڕستان وکوردەکانی نیشتەجی لە عەلی غەربی و عەلی شەرقی لە بنەڕەتەوە خەڵکی پارێزگای ئیلام و لوڕستانن.

بابەتیکیتر لە پەروەردە کردنی منداڵ «چلەوڕ çilewir̂» یان «چلەبڕ çilebir̂»ە ئەمەش لە سەر باوەڕیکی خورافیە کە ئاوەهایە:

خەڵک بەعام لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئەگەر دوو منداڵی دراوسێ کە هێشتا تەمەنیان بە چل رۆژ نەگەیشتووە دەنگی گریانی یەکتران ببیستن یان قسەی ناحەز لە لایەنی دایکان ببیستن؛ ئەوەی کە زووتر تەمەنی ئەگەیتە چل رۆژ ئەمرێت بۆیە باوگ و دایک ئەچنە لای دوعانووس و دوعای«چلەبڕ» دەکەن ئەگەر منداڵ لەم قەیرانە دەرچوو ئاشێگ دۆرست ئەکەن کە«چلەبڕانە»ی پێ ئەڵێن و بە خەڵکان ئەدەن.

بابەتێکتر سەبارەت بە چلەبڕ ئەمەیە کە ئەڵێن چلە کاریگەریی لە سەر مەڕ و ماڵاتیش هەیە هەروەها لە سەر ئەم باوەڕەن کە نابێ هەتا چل رۆژ زارۆکەکە بە تەنیا بێڵن چۆنکە دێو زارۆکەکە ئەدزێت و منداڵی خۆی لە لانکۆڵە دائەنێت. رەنگە ئەم منداڵانە کە ئێستە بە ناوی «مۆنگۆل» لە جیهاندا بە ناو بانگن؛ لە سەر ئەم باوەڕە بێت چۆنکە هەمووی ئەم مۆنگۆلانە یەک سرۆشت و یەک رۆمەتیان هەیە. هەروەها ئەگەر منداڵێک «نەوەکام» یان

---

[6] -کورد و چەند بابەتێکی مێژوویی«هاشم عاسی کاکەیی»چاپخانەی ئارابخا ، کەرکوک 2006

کەم ئەندام بێت بە باوەڕی خەڵک، دێو جیبەجیان کردووە. هەروەها منداڵی «کەزاڵ» واتە ئەو منداڵە کە مۆی سپێی هەیە لە ڕەگەزەوە تۆخمارەی دێوە.[7]

سەبارەت بە نەخۆشیەکانی منداڵانی بچووک بەرچاو ترینیان «بووبلێنی bû biÎênî»یە کە جۆرە بەلەفیرەی کاریگەرە. ئەم نەخۆشی لە حەقیقەتدا لە بەر بۆنی جۆرە دارێکە کە «سرێنجگ sirêncig»ی پێ ئەڵێن. ئەم دارە لە وەرزەکانی ساڵ و لە نێو زستانیش بۆنیکی تۆندی لێ هەڵدەستی و ئەگەر لەم دەڤەرە زارۆکێک هەبێ؛ نەخۆشی دەکا بەڵام خەڵک بە عام ئەوە نازانن. شێوەی دەرمانی ئەم نەخۆشیە وایە کە ئەچنە لای مەلای دوعانووس و کەڵەشێرێک ئەدەنە مەلا و مەلا سەری کەڵەشێر ئەبڕێت و بە خوێنی کەلەشێرەکە لە سەر قاغەز دوعا دەنووسێ و ئەبێ ئەم دوعایە لە قەبرستانێک دوور لە زێد و ماوای منداڵەکە چاڵ بکرێت.

بابەتیکی تر دوعای «هام باڵا hambaÎa»یە. ئەگەر نەخۆشی منداڵەکە لە هەوتەیەک تێپەڕ بێت و منداڵ ساق نەبێتەوە؛ سەر لە نوو ئەچێنە لای مەلا و مەلا بە قەد منداڵەکە دوعایەک لە سەر قاقەز دەنووسی و لە پارچەی ئاو نەدیدە واتە ئەم پارچەیە کە تا ئێستە لە ئاو شۆشتۆشوی نەکراوە ئەپێچن و لە سەر شانی ڕاستی منداڵەکە ئەدرورنن.[8]

جگە لەم دوعاگەلە کە لە لاپەڕەکانی پێشوو باسمان کرد چەند جۆردوعا وسکاڵا هەیە کە بە کورتی لە سەریان باس دەکەین.

---

[7] – ئەم بابەتە لە کاک عەبدۆلا عفەتی کە خۆی مامۆستای قوتابییە و خەڵکی گوندی چیکانی مەنسووریە و ئێستە دانیشتووی شابادە بیستوومە.

[8] – سەبارەت بە دەقەکانی ئەم دوعاگەلە زۆر پرسیارم کرد بە داخەو حازر نەبوون رازی ئەم دوعاگەلە بدرکێنن.

**ئاوسین awsîn:** ئەم دوعایە تایبەت بە مرێشک و جوجەڵەیە و بۆ ئەوەی کە تووشی نەخۆشی نەبن دوعایەک لە لای مەلا دەنووسن و نووسراوەکە لە ئاو خۆری مرێشک دا ئەنێن.

**چس گورگ çis gwirg:** چس گورگ لە راستیدا جۆرە مرۆچەیکە کە (شێر مرۆچ) پێ دەڵێن و لە ژێری خاک دەژێت و بۆ خۆی دامێک لە سەر کولانەکەی دۆرست ئەکا کە مەخرووتییە و هەر کات مرۆچە یان گیانلەبەریکی تر بە قەد مرۆچە بکەوێتە نێوانی دێتە سەر و لە گەڵا ئەیبانە ژێری زەوی. خەڵک بە گشتی لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئەگەر چس گورگ بگریت و لە نێوانی دوو نەینۆکی شەست بتلێنیت ئەگەر خوێنی هەبوو ژنی پابەمانگ منداڵەکەی کچە و ئەگەر خوێنی نەبوو؛ کورە.

**چوو هەزارە çû hizare** : ئەم نەریتە لە بنەڕەتەوە دوعا نییە بەڵکوو قوربانی کردنەوەیە بۆ ران و مێگەل بەو مەرجە کە ژمارەی پەزەکان لە هەزار تێپەڕ بێت.

مەڕدارانی باشووری رۆژهەڵات ساڵانە و لە وەرزی پاییز، رانەکەیان کوو ئەکەنەوە و خۆیان لە ناوە ڕاستی رانەکە ئەمینن و عاساکەیان بەرەو هەوا فڕێ ئەدەن و باش تێڕوانینی دەکەن بزانن کە هاتە خوار لە سەر چەند پەز ئەدات ئەوانە دەست نێشان ئەکەن و مێینەکانی بەر ئەدەن و نێرینەیان سەر ئەبڕن و بە نێوی قوربانی رانەکەیان لە نێودراوسێ وخزماندا بەش ئەکەن و باوەڕیان وایە کە ئافەت و نەخۆشی تا ساڵی داهاتوو لە رانەکەیان دوور ئەبێتەوە.

هەروەها چووهەزارە بۆ نەچیرەوانیش هەیە کە لەوێ نەچیرەوان کاتێک کە هەزارمین

نەچیری خۆی شکار کرد، نەچیری یەکمی ئەم نەچیروانە بەرەو ئاسمان ئەفڕێت و ئەوی دەبینێت و دووای ئەمە دی ناتوانێت نەچیرەوانی بکات.[9]

**کووسە وەیلگە kûse weylige** : بەهەندێک جیاوازیەوە وەک «بووکە بارانە»یە و ئەم نەریتە، سکاڵایکە بۆ باران بارین لە وەرزی بەهار. بە پێ نەریتەکە، پیاوێک بە رەنگی سوور دەم و چاوی خۆی سوور ئەکاتەوە و بۆکە شووشەیک لە دەست ئەگرێت کە لای ئێمە بە «هڵووکان hiĺûkan» بە ناو بانگە و بەیت ئەخوێنی و لە کوڵاندا دێت و ئەڕوات و خەڵکان پارەی پێ ئەدەن و لە دووایی رۆژ، پارەکان ئەداتە فەقیرێک کە لە بواری ئابۆریەوە دەسکورتە و ئەم مراسمە هەر لە یەک رۆژەوە دەستپێدەکەی هەتا سێ یان چووار رۆژ. خەڵک بە عام لە سەر ئەم باوەڕن کە هەروا کە فەقیر و نەدار بووە خاوەنی پارە و گەیشتە ئارەزووی خۆی، ئەم گەلەش بە ئاواتی خۆیان کە باران بارینە ئەگەین[10].

ئەم مەراسیمە لای خەڵکی گوندی «سییەسییە» سەر بە باژێڕی شاباد یان «ئیسلام ئابادی رۆژ ئاوا » هەندێک جیاوازە. لەم گوندە لە کاتی کەم بارانی؛ چەند کەس کە ئەژماریان ئەبێ لە دووانزە کەمتر نەبێ کوو ئەبنەوە و پەپکێکی گەورە دۆرست ئەکەن و مۆرەیکی تێا دائەنێن و لە خۆڵەمێشدا ئەیبرژێنن و دووایی لە نێوانی خۆیاندا بەشێ ئەکەن ئەو کەسە کە مۆرەکە ببێتە بەشێ؛ بە دارێک ئیبەستنەوە و لێ دەدەن و ئەویش هاوار دەکا و لە خوا دەپارێتەوە کە باران ببارێت و خەڵاسیی هەبێت ئەگەر باران نەبارێت، کەسێک کە لای خەڵکان و خودا حۆرمەت و ئەرکی هەیە دێت و لەم کەسانە داوا دەکا کە بۆ خاتری من

---

[9] – ئەم بابەتە لە کاک عەبدۆلا عفەتی بیستوومە کە لە زاری دایکیەوە ئەگێڕاندەوە کە مامی ئەو چووەهزارەی خستووە و دووای ئەمە نەیتوانیوە نەچیر بکات.

[10] – ئەم بابەتە لە دەمی کاک «سادق سامەڕەئی» خەڵکی گوندی سامرە لە شاری مایەشت کە ئێستە دانیشتووی کرماشانە و خۆی مامۆستای قۆتابخانەیە بیستوومە.

و به زمانەتـی مـن بـەری بـدەن و دوعـا بکـەیـن بـاران ببارێـت. هـەر وەهـا بـۆ بـاران بـارین باوەڕێکتر هەیە کە وایە:

مرۆڤێک کراسەکەی خۆی چەوارشە لە بەرئەکا وپڵووسکێک لە دەست ئەگرێت و ئەچێتە دەری هەفت ماڵ و سواڵکەری دەکا و هاو کات لە خاوەن ماڵ داوا دەکا کە ئاو لە سەر پڵووسکەکە بڕژێنێت.

یان خەڵک لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئەگەر هەفت گرێ لە رەسەن بدەیت و نییەت بکەیت باران ئەبارێت.[11]

---

[11] - ئەم بابەتە لە دەمی کاک قودرەت دارابی بیستوومە.

## چەند بابەت لە سەر گیانلەبەرەکان

لە فەرهەنگی باشووری رۆژهەلآت چەند بیر وباوەڕ هەیە کە لە سەر گیانلەبەر ومەل وموور و باڵندەیە کە دان بە باشی وخەراپە بوونیان دراوە کە لە سەریان دەدوێن.

**پشی pişî** : پشی یان پشیلە یان کتکە گیانلەبەریکی ماڵییە. خەڵک بە گشتی لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئەگەر ئاو برژێنیتە سەر پشیلە «بالتوک» یان بالۆکە لە دەست و پێی ئینسان شین ئەبێت. ئەم نەخۆشییە لای کوردان بە چەند شێوە دەرمان ئەبێت. یەکم ئەوەی کە سەری بالۆکەکە بە نۆکی جۆی تەڕ، زامار ئەکەن ودووای چەند رۆژ خۆی باش ئەبێتەوە. دووهەم ئەوەی کە شیرەی گیای بەلەک یان مێکۆکە لە سەر سەری ئەگرن و دووای چەند رۆژ ئەڕژێتەوە.

خەڵک بە گشتی لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئەگەرخاکی ژیری پێی مرۆڤی «سەونسڕ» یان«رێباخوار» لە سەر بالۆکە بڕژێنیت، ئەڕزێتەوە.

**پەڵنگ peĺinĝ** : خەڵک بە گشتی لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئەگەر سمێڵی پەڵنگ لە خۆراکی کەسێک بکەیت یان پێ بدرێت و بخوات، جێبەجی ئەفەوتێ.

**خرس xirs**: خرس یان ورچ گیانلەبەریکی قەڵەوە و لە کوێستانان دەژێت و هەم گژ و گیا دەخوات و هەم گۆشت. بە تایبەت هۆگری هەنگوێن و تری و هەنجیرە. خرس خەوی

زستانیی هەیە و لە کوتائی پاییز هەتا سەرەتای بەهار لە کونی خۆی دا ئەخەوێت.

سەبارەت بە خرس یان ورچ باوەڕێک هەیە کە ئەڵێ :

ئەگەر مرۆڤێک بە تایبەت ژن؛ تووشی ورچ ببێت، ئەشێ خۆی لە مردووئی بدات چۆنکە ئەگەر هەڕا بکات یان بەرخوەدانێ هەبێت، گیانی خۆی بەخت ئەکا و ورچ یان ئەیخوات یان لە گەڵ خۆیەوە ئەباتە کولانەی و وەکوو جۆتی خۆی لە گەڵا دانۆستاندنی هەیە. ئەم رەوایەتەی خوارووە لە کاک قودرەت دارابی بیستوومە کە ئەوەش لە زاری دایکی خۆی خوالێخۆشبوو «نازار دارابی» بیستوویە کە بۆ من گێڕایەوە:

«لە سالآنی پێشوو برێک «عەیار» هاتوونەتە گوندی «چیا کەو» و کچێکێان لە گەڵا بووە کە هەر دوو پێ و لاقی بە « نەوکوت» داپووشراوە و لێوی ئاوێزان هەتا ژێری چەنەی بووە. کاتێک لە عەیارەکان سەبارەت بەم کچە پرسیار کردوونە؛ وتوویانە کە ئەم کچە لە کولآنەی ورچێک بەریان داوە و ورچەکە ئەوەندە ژێری پێ کچەکە خوراندووە کە گۆشتی نەماوە و ئەوەندە لە گەڵ لێوی گەمەی کردووە کە ئاوای پێ هاتووە.»

هەروەها جگەری ورچ بۆ کاری دەرمان بە کاری دێنن و ئەوەش لە بنەڕەتا دەرمانیکی چینیە.

**خەر xer** : خەر یان کەر حەیوانیکی باریە و بە دریژایی مێژوو خزمایەتی مرۆڤی کردووە خەڵکان لە سەر ئەم باوەڕەن کە کەری رەش شەیتانە و ئەشێ تم و دایم لەقاوی بکەیت. بە گوێرەی خەڵکی باشووری رۆژهەلآت کەری رەش«دێزە dêze»یە. وشەی دێزە هەم بە مانای رەشی تۆخە و هەم بە مانای رەنگی سەوزی تۆخە و هەمیسا بە مانای شەڕانخێوە.

پەندیکی کەڵهوڕی دەڵێ : دێزە لە هەر کوورە دید، جلێ بگرەو. واتە کەری دێزەت دی، جلەکەێ وەر بگرە. بابەتیکی سەرەکی سەبارەت بە کەر هەیە و ئەمەش«میەرێ خەر yerê

xer» یان مۆرەی کەرە کە خەڵکان لە سەر ئەم باوەڕەن هەر کەس مـۆرەی کـەری هـەبـێ ئەتوانێت کەسانیتر کەر بکات و کڵکی لێان وەر بگرێت.

لە راستیدا شتێک بە نێوی مۆرەی کەر هەر وجوودی نییە و ئەوەی کە خەڵکان ئاماژەی پێ دەکەن « کوتەی تیروئید»ە کە هەر حەیوانێک هەیەتی ئەم ئەندامە هیچ حیکمەتیکی نییـە، بەڵام لە حەیوانێک وە کوو کەر خرتر و گەورەترە و وەکوو مۆرەیک خۆی ئەنوێنێ.

هەروەها هەر کەس قەندێک بە کەرێک بدات، ئەو کەرە هەتا کوتایی تەمەنێ لە بیری ناکات.

**رووی rûwî** : رووی یـان«رووا، روواس، رۆڤـی، ریڤـی، رێـوی، چتـر» گیانلـەبـەرێکـی لـە رەگەزی سەگە و لە سەگ بچووکترە و حەیوانیکی زیرەکە و بـە بۆنـەی دۆی گـەورەی خـۆی بە ناوبانگە.

خەڵک بە عام لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئەگـەر بـەیانـان بـۆ ئـەنجامدانـەوەی کارێـک لـە مـاڵ چوێتە دەر و تووشی رێویەک بوویت؛ زوو بە زوو بێژیت:

«رووی وە مراێ» و ئەگەر رێویەکە هەڕای نەکرد؛ ئەو کارە ئاکامیکی باشی هەیە و ئـەگـەر هەڕا کرد، باش نییە. بۆیە لە کاتی هەڕا کردنی رێوی دەسبەجی بێڵێ:

«رووی وە مەشکەڵان»[12]؛ رێوی تووشی دڵ ئێشەیکی سەخت ئەبێت.[13]

هەروەها ئەڵێن هەر کاتێک رێوی وەقەوەق بکا تووشی نەخۆشی و دڵ ئێـشە بـووە و ئـەبـێ «کولّەنەت kwiʕenet» یان مەشکاڵە بخوات تا باش ببێتەوە. هـەروەهـا خـەڵـک بـە عـام نێرینەی رێوی سوور دەکەن و رۆنەکەی بۆ دەرمانی ئێشی گوێ بە کار دێنن.[14]

---

12– مەشکەڵان : مەشکاڵە، مەشکە کۆنە.

13– ئەم بابەتە لە کاک قودرەت دارابی بیستوومە.

14– ئەم بابەتە لە دەمی کاک ئەیووب شەریفی بیستوومە.

**سۆچەڕ ^süçer** : گیانلەبەرێکە کە سێخچووڵی و سێخوڕ و چوولەیش پێ دەڵێن. خەڵک بە عام لە سەر ئەم باوەڕەن کە خوێنی سۆچەڕ؛ هەر ئەوکاتە کە نەچیر بوو وبە گەرمی بخۆردرێت بۆ نەخۆشی «ئاسم» کە لای ئێمە بە «تەنگەسە tengêse» ناسیارە زۆر چاکە، بۆیە نەچیروانەکانی کورد دەستیان کردووە بە نەچیر کردنی ئەم گیانلەبەرە و ئەم باوەڕە لە نێو خەڵکدا زۆر بە قەوەتە و دەیان جار ئەم شتەم بیستوومە و بە چاوی خۆم دیوە.

زۆر لە دووی هۆکاری زانستی ئەم باوەڕەدا پرسیارم کرد، بەڵام شتێکی ئەوتۆم دەست نەکەوت هەر چەندەکە دڵنیا بووم ک ئەم باوەڕە راستە چۆنکە زۆر بابەتی پزیشکی لە نێو کوردەواریدا هەیە کە هەر لە راستیدا لە سەر رێبازی زانستییە و کورد بە دریژایی مێژوو و ئەزموونەکانی خۆی لە مەسەلەکە تێگەیشتووە کە لە لاپەڕەکانی داهاتوو چەندەها نموونەی ئەم دەرمانگەلە روون ئەکەینەوە. وێدەچی بابەتەکە لە دوو روانگەوە دەست پێکرا بێت :

یەک: دڵ وجگەر و گورچیلەی سۆچەڕ

دوو: خوێنی مانگانە یان «دەوارنی قاعدەگی»سۆچەڕ

چۆنکە مەسەلەکە پەیوەندیی راستەوخۆی لە گەڵ خوێنی ئەم گیانلەبەرەی هەیە، رەنگە یەکێک لە هۆرمۆنەکانی ئەم گیانلەبەرە زیاد وکەم بێت کە کاریگەریی لە سەر ئەم نەخۆشیەدا هەیە. بۆ نموونە دڵی کەرگوێ «بەتن»ی نییە و بە پێ زانیاریە زانستیەکان دڵ «قەڵب» دوو بەتن و دوو دهلیزی هەیە کە خوێنی خاوین و ناپاک لە یەک جودا ئەکاتەوە بۆیە گۆشتی کەرگوێ بۆ دەرمانی نەخۆشی «میگرن» کە لای ئێمە بە«سەرانسیە seransye» ناودارە؛ باشە.

بابەتێک تر سەبارەت بە گەدەی سۆچەڕە کە ئەڵێ:

ئەگەر ژنێک منداڵیٚ بۆ نەبێت گەدەی سۆچەڕ بخوات، منداڵدانی باش ئەبێتەوە.[15]

باشە بزانین خۆراکی سۆچەڕ چۆزەرەی گیا و ریشەی نازکی دار و دەوەنە.

**سووسگ sûsig**: ئەم باڵندەیە لە کەوک دەچیٚ بەڵام رەنگی لە کەوک کاڵترە و جەسەیشی گەورە  ترە و دەنووک و پای ئەم باڵندەیە وەک کەوک سوور نییە و قاسپە قاسپ ناکەیت و لە فارسیدا «تەیهوو»ی پیٚ ئەڵێن. لە راستیدا سووسگ و کەوک هەر لە سەر یەک رەگەزن بەڵام بە پیٚ کەش و هەوا و ئەرد و ژینگە، رەنگیان گۆڕاوە. ئەتوانم بێژم سووسگ؛ کەوکی گەرمیان و خۆرەتاوە و لە جیایی قاسپە، سوو سوو ئەخوێنی.

باوەڕێک سەبارەت بە دەنگ و رەنگ و دەندووک و پیٚ ئەم باڵندەیە هەیە کە ئەڵیٚ:

یەکیٚ لە شازایەکان «ئیمامەکان» بە دەستی دوژمن بریندار ئەبیٚ و لە بنی داری«کەێکم keêkim» خۆی هەشار دەکا. قەراوڵەکانی دوژمن لە قەراخی لێڕەوارەکە لە دوی ئەودا دەگەڕن و ئەویان دەست نا کەوی. لەم کاتە کەوکێک دێت و دەندووک و پیٚ خۆی بە خوێنی ئەم شازایە رەنگین دەکا و ئەچێتە سەر دارەکە و گارەگار[16] دەکا. هاوکات سووسگیٚ دێت و بەرزتر لە کەوکەکە سووسوو دەکا و ئەگێنیٚ کە سوو «بەیانی» بێنەوە.

بۆیە خەڵک کوشتن و کەباب کردنی کەوک بە کاری باش دەزانین و لە کورتە بەیتێک ئەڵێن :

| | |
|---|---|
| «کەوک بگر کەواو کە | سووسگ وڵ کە سوواو کە» |

[15] ئەم بابەتە لە دەمی کاک ئەیووب شەریفی بیستوومە کە دانیشتووی شابادە و تەمەنی سی و دوو ساڵە و نەچیروانیکی تەڕدەستە.

[16] – گارەگار: قاسپە قاسپ.کاتێک کەوک گارەگار دەکا، لە دوورا وا دێتە گویٚ کە گوایە ئەڵیٚ ئێرە ئێرە.

باوەڕێکتر سەبارەت بە سووسگ ئەمەیە کە ئـەگـەر هێلانـەی سووسـگێک بدۆزیتـەوە و یـەک دەنکە لە هێلکەکانی رەنگ بکەیت، سووسگەکە هەتـا هێلکـەدانـی لـە قۆنیـەوە نێتـە دەرەوە هەر هێلکە ئەکا بەشکوو هێلکەیەکی تر لەم رەنگە بکا. خۆم ئەم بابەتەم دیوە.

باوەڕێکتر بۆ دەرمانی بەردی گورچیلـە «سـنگ کلیـە» و بـەردی مێزڵدانـە«سـنگ مثانـە». سەنگدانی سووسـگ یـان کـەوک دێـنن و پێستەکـەی نـاوی کـە وشـک و بـە رەنگـی زەردە دەردێنن و وشکێ دەکەن و دووای ئەمـە یـان لـە ئـاودا ئـەیکـوڵێنن یـان هـەر وا ئـەیخـۆن و کاریگەری هەرە زۆریکی هەیە بۆ دەرمانی ئەم دەردە. بەو مەرجـە کـە لـە مـاوەێ سـێ رۆژ؛ ئەویش بەیانان بەر لەوەێ نانی بەیانی بخوردرێت؛ بێخۆن.

هۆکاری زانستی ئـەمجـۆرە دەرمانـە وایـە کـە پێـستی سـەنگدانی ئـەم باڵـندەیـە زۆرتاڵـە و ئاوەکـەش تـاڵ و زەرد ئـەکاتـەو. کـاتی بـەیـانی، بـەدەن هێـشتا خـۆراگر نییـە و بـە واتـای زانستی«باڵانس» نییـە، بۆیـە کـاتی خواردنـەوەی ئـەم دەرمانـە؛ بـۆ ئـەوەێ کـە کاریگـەری خەراپەی لە سەر لەش نەبێت وهۆرمونەکانی بەدەن لێک نەداتەوە، زوو بـە زوو لـە گورچیلـە و مێزڵداندا ئەڕوات وئەبێتە هۆی رۆخاندنی بەردی گورچیلە و مێزڵدان.

خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوێن بە گشتی بەیانان بۆ نانی بەیانی چای شیرین یان هەسەڵ ومرەبا و شیر وگوێز دەخۆن بۆ ئەوەی کە خۆراکیکی نەرم و ئاسان هەزمە و ئەگەر خواردەمەنی تـاڵ یان ترش بخۆردرێت باڵانسی هۆرمونی لەش تێک ئەچێ و لەش جم و جۆڵی هەیە بۆ ئەوەی کە باڵانسی هۆرمونی خۆی ریک وپێـک بکاتـەوە هـەر لـە سـەر ئـەم رێبـازە زانـستیەیـە کـە ئوروپائیەکان بەیانان ئاوی پرتەقاڵ وپەرەێ کاهوو دەخـۆن و نـەخۆشـی بـەردی گورچیلـە و بەردی مێزڵدان لەوی کەمترە.

پێستی ناوێنی سەنگدان کاری سەفرا دەکات و کاتێک کە لە بەیانی بخۆردرێت، لە گورچیلـە و مێزڵداندا ئەڕوات و بەردی گورچیلە ومێزڵدان ئەگەر لەسەر بنـەمـای قلـس یـان«ئاهـەک»

بێت؛ ئەم خۆراکـە وەکـوو تێـزاو «ئـەسـید»ە و بۆنیـانی لێـک ئـەداتـەو وردە وردە لـە ئـەم ئەندامانە دەر ئەچێت.

«ئەبووعەلی سینا» پزیشک وفەیلەسووفی ئێرانی لـە کتێبـی«طـب» جـۆرە دەرمانێـک بـۆ بەردی گورچیلە نووسیوە کە لە رووی رەواڵەتـەوە لـە باسـەکـەی ئیمـە دەچـێ. دەسـتووری دەرمانی ئەبووعەلی سینا بە ناو ئاوی ئاسن داخ «آب آهن داغ» بە ناوبانگە وئەڵێ:

« ئاردی بادامی تاڵ ئامێتەی یەک پەرداخ ئاوی سارد بکە و شیـشی ئاسـنی لـە سـەر ئـاگر سوور بکە و هەفت تا دووانزە جارلە ئامێتەکە داینە تابوونی سووتەمەنی لـێ هـەڵـدەسـتێ و خەستر بێتەوە کە ئامێتەکە حازر بوو پێویستە یەک رۆژ پێش، دووای نانی نێوەرۆ چـشتێک نەخۆی هەتا بەیانی ئەمرۆ و ئەم بەرنامەیـە بـۆ سـێ رۆژە و ئـەشـێ بـەردەوام بێـت. دووای رۆژی سێهەم، تەندۆرستی دەست کەوتووە»[17].

**سەگ seg**: گیانلەبەرێکیماڵییە و لە مێژەوە یاریدەری مرۆڤ بـووە. میینـەی سـەگ «دەڵ deɬ» و نێرینەی «گەماڵ gemaɬ»ی پێ ئەڵێن. بە پێ زانیاریـەکـان؛ سـەگ بـە ئـەمـەگ ترین حەیوانە. سەبارەت بە سەگ باوەڕێک هەیە کە ئەڵێ:

ئەگەر خاوەن ماڵ نەخۆش بکـەوێ و سـەگـی مـاڵ چـەن سـەگـی تـر لـە دەوری خـۆی کـوو بکاتەوە و پێکەوە پاس بکەن، خاوەن ماڵ ئەمرێت.

راستییەکەی وایەکە حەیوانەکان «هەستی شەشمیان» هەیە و زووتر لە ئینسان هـەسـت بـە خەتەر دەکەن و رەنگە ئەم باوەڕە ئاماژە بەم تایبەتمەندیە بکا. باوەڕێک تر هەیە کە ئەڵێ:

ئەگەر سەگ هار ببێت، هەندێک خوێ لە سەر نان دەکەن و لە بەری دائەنێن و پـێ ئـەڵـێن:

---

[17] – کتێبی «طب» ئەبوو عەلی سینا

به حەقی ئەم نان و نمەکە ئەگەر هار بوویتە گەردەنمان ئازا کە و برۆ. ئەگەر سەگەکە هار بێت ئەچێت.

بەڕێز کاک قودرەت دارابی کە لە لاپەڕەکانی پێشوو باسەکانی گێڕاندوومە دەڵێ:

«گەماڵێکمان هەبوو کە ساڵەهای ساڵ لە ماڵی ئێمە بوو، ڕۆژێک بیستم کە وەتیان هار بووە خوالێخۆشبوو دایکم؛ هەندێک خوێ لە سەر نانی کرد و پێ وەتی بە حەقی ئەم نان و نمەکە ئەگەر هار بوویتە برۆ. دووای چەند خولێک گەماڵەکە بە ڕێ کەوت و چوو. چەند ڕۆژ پێ چوو کە بیستمان لە گوندی خووارووی ئێمە خەڵکان ئەویان کوشتووە.»

ڕاستیەکەی وایە کە خۆدی سەگ وە هەروەها گورگ بۆ ئەوەی کە هار نەبن، چەند ڕۆژێک لە وەرزی بەهار گژوگیا دەخۆن و ئەوەم بە چاوی خۆم دیوە. هەروەها دەڵێن کە ئەگەر نانی داخ بدەیتە سەگ هار دەبێت.

سەگ لە ئائینی زەردەشت بۆخۆی خاوەنی هەندێک تایبەتمەندییە. لە بەشی سێنزەهەم و چووارده‌هەم و پانزەهەمی کتیبی وەندیداد نووسراوە کە :

«سەگ حەیوانیکی مۆقەدەسە و ئازاری ئەم حەیوانە شایانی قەرەبوو کردنەوەیە. ئەهوورامەزدا ئەم گیانلەبەرە بە دژی گورگ و ئفریتە ودێو خۆڵقاند تا شەوانە چاو دێریکەری ماڵ ومنداڵی مرۆڤ بێت.

«دروج ناسوو» لە بەشی هەفتمی وەندیداد ئفریتیکی غەیبی و مەترسیدارە کە لە جنازەی مردووەکان دەچێت و ئەوانە ناپاک دەکا بۆ دوور کردنی ئەم ئفریتە ئەبێ سەگیکی سپی بە گوێ زەردەوە لە نزیکی جنازەکە بێت، هەرکات کە چاوی سەگ بە مردووەکە بکەوێت؛ دروج ناسوو ئەبێتە مێشۆڵەیک و لە جنازەکە دوور ئەبێت و بەرەو باکوور دەڕوات. ئەم ڕووداوە بە «سەگدید» بە ناو بانگە.[18]

---

[18]– تەفسیری ئەوستا، جیم د.دارمستتر، وەرگێڕانی د.مووساجەوان، لاپەڕەی 112.

خەڵکان بەگشتی لە سەر ئەم باوەڕن کەسەگ هەفت گیانی هەیە. لە راستیدا وانییە بەڵکوو سەگ بۆ خۆی هەفت خسڵەتی هەیە کە لە فەسڵی سێنزەهەمی ئەم کتیبە « وەندیداد»، بەندەکانی چل و چووار وچل وهەفت ئەڵێ:

«سەگ هەفت خسڵەتی هەیە یەکم؛ وەک پێشەوای ئائینی بنەمای سفرە ئەخوات، دووهەم؛ وەک پیاوی جەنگکەر لە بەری هەموانە، سێهەم؛ وەک وەرزێر ژێر و وریایە چووارم؛ وەک هۆزانڤان ئاواز دەخوێنێت، پێنجم وەک دز هۆگری تاریکیە، شەشم وەک منداڵ بە نەینۆکی خۆی زەمین ئەدرێت و هەوتم وەک شەوگەرد شەوانە دەگەڕێت.[19]

**شەمشەمە کوورەک şemşemekûrek** : شەمشەمە کوورەک یان شەمشەمە، شەمەلە، شەمەلە کۆرە، چەک چەکی، چەکچەکیلە، قەڕناقووچ و قەڕناقووچەیش پێ دەڵێن؛ تەنیا باڵندەیکە کە هێلکە ناکات و زا و زی دەکا و گوانی هەیە.

خەڵک بەگشتی لە سەرئەم باوەڕەن کە ئەگەر ران ومێگەل تووشی نەخۆشی«شیر بردێ» ببێت؛ شەمشەمە کوورەک ئەگرن و وشکی دەکەنە و لە گەڵ هەندیک خوێ تێکەڵاوی دەکەن و وەک «خووا سوورگە» بە مێگەل ئەخۆردرێت و مێگەل وران باش ئەبنەوە.[20]

«شێربردێ» نەخۆشییکی وەرزانەیە کە تووشی مێگەڵ دەبێ و شیریان وشک ئەبێ و «خوواسوورگە xuwasûrige» یان «خووارێزە xuwa rêze» بریتیە لە رژاندنی خوێ لە سەر لەتە بەردەکان بۆ مێگەڵ.

سەبارەت بەم باوەڕە هۆکاریکی زانستیم بەدەستەوە نییە.

---

19- هەمان سەر چاوە، لاپەڕەی 113.

20-ئەم بابەتە لە کاک قودرەتی دارابی بیستوومە.

**قـوڕواق qwirŵaq** :گیانلـەبـەریکـی ئـاوی و دەیمییـە. ئـەوەی کـە دەیمییـە لـە فارسـیدا «وەزەق»ی پێ دەڵێن و ئەوەی کە ئاوییە لە زاراوەکانی دێکەی کـوردی« قـوڕواک، قـڕواق، قڕباق، بۆق، بەق»ی پێ ئەڵێن و خواردەمەنی نییە.

ئەوەی کە من بیستوومە قوڕواقی ئاوی بۆ دەرمانی نەخۆشی «گەڕی» باشە.[21] ئەوەش بەو مەرجە کە قوڕواقی چۆم و رووبـار بێـت و زۆر گـەورە بێـت. دووای گرتنـی قـوڕواق؛ بـە بـێ خاوێن کردن، سکی ئەدڕێن و لە سەر ئەو شوێنەی کە تووشی گەڕی بووە دائەنێن تا باشـی بکاتەوە. هەروەها ئەگەر زامێکی چرکین لە دەست و ئەنگوست بێت؛ بۆماوەی چەند خولێـک لە سکی قوڕواقی دائەنێن، هەموو چرک و زووخەکە تێک ئەدات.

رەنگە لە سک وپێستی قوڕواق مادەیکی تایبـەتـی هـەبێـت کـە هـۆی سـاڕێژ بوونـەوەی ئـەم نەخۆشییەیە.

هەروەها خەڵک دەڵێن کە ئەگەر ژنی پا بە مانگ بیەوێ منداڵەکەی چاوی شـین یـان سـەوز بێت، بەچکە قوڕواق بخۆات وا دەبێت. هەروەها ئەو کـەسـانەی کـە نـەخۆشـی«زووە»[22] لـە دەست و پێیان پەیدا ئەبێت، سکی قوڕواق ئەدڕن و ئەنگۆستەکـە لـە سـکی دەکـەن و بـاش ئەبێتەوە.[23]

**قۆمقۆمەک qomqomek** : قۆمقۆمەک یان قۆمقۆموک لە راستیدا جـۆرە بزمـژەکێکـە کـە لە کێفدا دەژێت و پێستی وشک و رەقە و رەنگی کەسکی تۆزکاڵە. خەڵک بە گشتی لە سەر ئەم باوەڕەن کە کاتێک کە قۆمقۆمەک تێڕوانینی مرۆڤ دەکا؛ ددانەکـانێ ئـەژمرێـت و چـاوی

---

21 - ئەم بابەتە لە دەمی باوکم بیستوومە.

22- زووە: نەخۆشیکی پێستیە وەک کەوڵە،کە لە ئەنگۆستی دەست وپێ رۆ ئەدات.

23-ئەم بابەتە لە دەمی کاک ئەیووب شەریفی بیستوومە.

لێ ئەدا و دووایی ددانەکانی ئەڕزێت بۆیە کاتێک کە لە گەڵ قۆمقۆمۆک ڕووبەڕوو بووین ئەبێ دەم و ددانی خۆتان ببەستین.

**قلا qiĺa** : قلا یان قالاو باڵەندەیکی زۆر زیرەک و توانایە. ئەم باڵندەیە ژیانیکی سەیری هەیە و تا ئێستە هیچ کەس جۆتگیری ئەم باڵەندەیە بە چاوی خۆی نەدیوە. جۆرە قالاوێک هەیە کە «قلاسییە» یان «قاژ»ی پێ ئەڵێن و لە وەرزی زستان زۆرترە وخەڵک بەگشتی لە سەرئەم باوەڕەن کە گۆشتی ئەمجۆرە قالاوە بۆدەرمانی نەخۆشی «سییەقوتە» باشە. لە ڕاستیدا قاژ باڵەندەیکی حەلاڵ گۆشتە بۆ ئەوەی کە «سەنگدان»ی هەیە. هەندێکیش لە خەڵک باوەڕیان وایە کە هێلکەی قاژ بۆ دەرمانی ئەم نەخۆشییە باشە.

**کەڕۆیە kerüye** : کەرگوێ گیانلەبەرێکە کە زیاتر لە کوێستانان و مەرغەزاران دەژێت و خواردنی گۆشتی کەرگوێ ئەوەندە باب نییە. خەڵک بە گشتی لە سەر ئەم باوەڕەن کە خواردنی گورچیلەی کەرگوێ ئەوەش بەو مەرجە کە بە خامی بێت، بۆ دەرمانی گەدە و کیمی ڕێخۆڵە باشە. هەروەها کەبابی گۆشتی کەرگوێ بۆ دەرمانی کەمەر ژان باشە بەو مەرجە کە هەتا چەند ساعەت دووای خواردنی، شتێک نەخۆی.

هەروەها گۆشتی کەرگوێ بە گشتی بۆ دەرمانی«سەرا نسییە» باشە وخەڵک بە عام خواردنی کەلەی کەرگوێ بۆ نازایی ژنان بە باش دەزانن و مشکی کەرگوێ بەو مەرجە کە بە خامی بخۆردرێت بۆ تێکدانی لەکە و ئاکنە لە دەم و چاو باشە.[24]

بابەتیتر؛ خوێنی کەرگوێە کە بۆ دەرمانی نەخۆشی «سەودا » باشە ئەوەش بەو مەرجە کە بە گەرمی و کاتی نەچیر کردن دەسبەجی لە سەرلەش بکرێت.

هەروەها خواردنی مێشکی کەرگوێ بۆ دەرمانی نازایی ژنان باشە.[25]

---

[24] – ئەم چەند بابەتە لە دەمی کاک ئەیووب شەریفی بیستوومە.

**کەڵ kel**: گیانلەبەرێکی کێفییە لە بزن گەورەترە و رەنگی بوور وخاکیە وشاخی بەرز وپێچ پێچە. چەند بیر و ڕا سەبارەت بەم گیانلەبەرە هەیە کە هەندێکیش لێ هۆکاری زانستیی هەیە. لەوانەیە «ریشْ کەڵ»کە ئەڵێن بۆ منداڵی ساوا کە شەوانە گمێز دەکا باشە و ریشی کەڵ لە گەڵ پێستەکەیەوە کزی دەدەن ونیمە سووتاو لە سەرینەکەی منداڵ یان جل و بەرگەکەی دائەنێن و کوتائی بە گمێز کردنی شەوانەی منداڵ دێت.

بە پێ زانیاریەکانێک کە گەیشتووەتە ئێمە زۆربەێ گیانلەبەرانی حەڵاڵ گۆشت لە چمکی چاویان و ریشووڵەی ژێر چەنەیان و گمێزیان جۆرە هۆرمۆنێک هەیە کە بوونی تۆندە و بۆ دیاری کردنی سنووری ژینگەی خۆیان کڵکی لێ وەر دەگرن. رەنگە ئەم بۆنە کاریگەریی لە سەر «ئەندامی حسی_ پێستی» بێت و بەرگیری لە گمێز کردنەوەی منداڵان بکا. لە لەشی ئینسان جۆرە هۆرمۆنێک هەیە کە «دیۆرتیک»ی پێ ئەڵێن کە کوتایی بە گمێز کردن لە ئەستۆیە و «ئانتی دیۆرتیک» دژی ئەوە.

بابەتێکیتر خواردنی مێشک و گۆشتی کەڵە کە ئەڵێن هەر کەس مێشکی کەڵ بخواتەوە ژیر و زیرەکە و هەر کەس گۆشتی کەڵ بخوا پڕ زوور وبە قەوەتە.

بابەتیتر «شاخ»ی کەڵە بەتایبەت شاخی کەڵی ساوا کە لە بەربچووکی و رەنگینی، جگە لەوەی کە ئەکرێتە مشتەی چەقۆ؛ وەکوو ئاوێز لە مەشکەی دۆ بە کاری دێنن و خەڵک لە سەر ئەم باوەڕەن کە بەری مەشکە بەرفراوان ئەکا.

هەروەها ئەوانەی فاڵ دەگرن وداهاتوو پێشبێنی دەکەن ئەڵێن:

ئیسقانی سەردەستی کەڵ لە کاتی سووتاندن داهاتوو بۆیان روون ئەکاتەوە. یان خەڵک لە پێشوو لە سەر ئەم باوەڕە بوون کە بۆ ئەوەی کە بزانن ژنی پا بە مانگ منداڵەکەی کوڕە

[25] – ئەم دوو بابەتە لە دەمی کاک کەیوومەرس رزایی خەڵکی گوندی کوڵەپای کەڵهوڕ کە دانیشتووی شابادە و تەمەنی سی و دووساڵە و خۆی مامۆستای قوتابیە، بیستوومە.

یان کچ، پیاوێک لەو بنەماڵە چووە و کەڵێک کوشتووە و سەر و کەلەی ئەم کەڵە لە گەڵا هێناوەتە ماڵ و دووای خاوێن کردنی، بە هەر دوو دەست چەنەی خوار و ژووری گرتنە و بە قەوەتی خۆیان دادڕاننە و سەیری ئیسقانی«فەک»ی کردوونە؛ ئەگەر ئەم ئیسقانە گۆشتی پێوەبێت؛ وەتوویانە منداڵەکە کچە و ئەگەر ئیسقانی رووت بێت؛ وەتوویانە منداڵەکە کوڕە.

(لێرە لە پەراوێزێک رای گشتی خۆم بە کورتی ئەڵێم. ئەم هەموو فتوایانە بووەتە هۆی قڕان و تێک چۆنەوەی ئەم ئاژەڵە جووانە لە شاخی کوردستان و متمانەم هەیە کە گەلی کورد پارێزەری مەڵبەند و نیشتمانە جووانەکەمان بن).

لەوەی کە مێشک و گۆشتی کەڵ بەتامە شکی تێا نییە بەڵام مێشک وگۆشتی ئەم ئاژەڵە جووانە هەر ئەو تایبەتمەندییەی هەیە کە ئاژەڵەکانی دێکە هەسیان و ئەم باوەڕە کە شاخی کەڵ ئەبێتە هۆی بەرفراوانی کەرەی مەشکە، هۆکاریکی رەوانناسیی هەیە و ئەمەش وایە کە ئەو کەسەی کە مەشکە دەهاژێنێ جگە لەوەی کە لە بەر خۆیەوە بەیت ئەخوێنی کە بە «بەیتی مەشکە» بە ناوبانگە، ئەم شاخی کەڵە کە دووانەیە لە یەک ئەدەن و وەکو گۆرانی بێژێک کە دەفی بۆی لێبدەن، هاوبەشی مەشکەژەنەکە دەکا و کەمتر ماندوو ئەبێت و مەشکەژەن لە جیاتی ئەوەی کە نێوساعەت مەشکەکە بژەنی، یەک ساعەت ئەیژەنێ ئاوەها بەری مەشکەکەش زۆرترە «بۆ پێ زانینی زیاتر بنوڕە مار».

هەروەها ئەوەی کە فاڵگیرەکان ئەڵێن کە ئیسقانی سەر دەستی کەڵ یارمەتیان ئەدا بۆ پێشبینی کردنی داهاتوو، باوەڕیکی مۆغوڵییەکە هاتووەتە نێوکوردەواری «تمۆچین» کە دووائی بووە چەنگیزخان لە سەر پێشبینی فاڵگیرێک کە بە سووتاندنی ئیسقانی سەردەستی کەڵێک داهاتووی چەنگیزی مۆغول بۆی گێراندەوە، هان درا کە بگەییتە ئەم پێشبینیە و گەیشت[26]، خەڵکی ئیمە بە گشتی ئەبێ بزانن ئەوەیکە فاڵگیرەکاندەڵێن هەمووی دروو و

[26] - فیلمێک لە سەر ژیان و بەسەرهاتی چەنگیزخان لە تلفزیوونی ئێران بڵاو بووەوە ئەم قسەیە دەقاودەق تێ گۆنجاو بوو.

تەنیا باری ڕەوانناسیی هەیە و زۆربەی فاڵگیرەکان بە گوێرەی ئیمە «پەڵپ گتۆج لە زمسان گرن» واتە داوا کاریکیان هەیە کە هەرسەیرە. لەوانەیە جگەری مرۆچە وسێپەلاکی دەمارەکۆڵ و سەر وپێ ئەسپێ لەگەڵ مێشکی مێشووڵە ئامێتە بکە و لە سەرکێفی قاف داینە کە با ئەوە بلەرێنێ بەڵکوو دڵی فلانە کچ بۆت بلەرێتەوە؟؟؟!!!

ئەوەش کە بە دادڕانی چەنەی کەڵ تێدەگەن کە منداڵە کەیان کوڕە یان کچ؛ بەختەوەرانە ئێستە گۆڕاوەتە سەر کەلەی پەز وبزن. بەڵام ئێمە ئەشێ لە تکنۆلۆژی کڵک وەر بگرین و لە زانستی سەردەم کە وێنە گرتن لە پیزە یان تۆڵەیە کە بە«سونوگرافی» ناسیارە یارمەتی بگرین ولە دۆی خۆرافە نەچین.

**کەمتار kemtar**: کەمتار یان کەمتیار یان کەفتار یان «ڤینگ شەلگە» گیانلەبەرێکە کە لە ورچ دەچێ و بە قەد ورچێکە وگۆشتخۆرە ودۆژمنی سەگە. دەنگی وەکوو دەنگی گریان وپێکەنینە بۆیە بە باوەڕی خەڵک ئەم حەیوانە لە ڕەگەزی شەیتانە. لە چەندین کەس بیستوومە کاتێک کە دێتە قەراخی گوندەکان، خۆی بە بەرویشتەوە ئەرمێنێ و کاتێک کە سەگ بوونی زگ وقۆنێ دەکا بە جارێک ملیان ئەگرێت و ئەێخاتە سەرپشت و ملیان دەشکێنێ و لە گەڵا ئەیباتە کولانەی خۆی. باوەڕێک سەبارەت بە کەفتار هەیە کە ئەڵێ:

ئەگەر کەفتارێک بێکوژێت ومیینەکەی ببڕیت و لە پارچە یەیک لە گەڵ خۆتەوە بێبەیت،دڵی هەر ئافرەتێک کە گەرەکت بێ بۆ خۆت رادەکیشی.

ڕاستیەکەی وایە کە ئەم باوەڕ هیچ پەیوەندیکی بە زانستەوە نییە بەڵکوو خۆرافەیە.

**کەمووتەر kemûter**: کەمووتەر یان کەوتر یان کەفتەر باڵندەیکی جووان و ڕەنگینە و ماڵی دەبێتەوە. کەوتر بە پێ ڕەنگی پەڕ وباڵی؛ ناوەکەی دەگۆڕێت و ناویکی تر بە خۆ ئەگرێت. بەڵام بەگشتی هەر کەمووتەرە و تەنیا ناوی تایبەتی لێ ئەنێن. لەوانەیە: تەوقی،

کەرەز، سۆرخن، زاق، پەڕەناو، لامل، حەڵـوایی و... هتـد. دوو جـۆرە کـەمووتـەر هـەیـە کـە ڕەنگی پەڕ وباڵیان قەت ناگوڕدرێت وهەر یەک ڕەنگە.

1:«یاهوو»ە کە ڕەنگی ڕەشی تۆزکاڵە ولە سۆرمەئی دەچێت وماڵی نابێت.

2:«گاکەمووتەر» کە لە کێفدا دەژێت و ئەوش ڕەنگی پەڕەکانی ناگۆڕێت واتە یـەک ڕەنگـی تایبەتیی هەیە و ئەوش ماڵی نابێت و لە کەمووتەرەکانی تر قەڵەوترە.

کەمووتەر لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی ناوێن بە گشتی، نومادی پاکی، عەشق وبـێ گوناحییـە هـەر بۆیە خەڵکی باشووری ڕۆژهەڵات خواردنی گۆشتی کەمووتەر بە تایبەت ئەوانـەی کـە مـاڵیین بە گوناح دەزانن. کەمووتەر باڵندەییکی زیرەک و بە توانایە وئەتوانێت بـێ وچانـەوە ڕێگـەی دوور ودریژ دەربیڕێت و زوو فێری ئەم شوێنگەیە ئەبێت کە ئاو ودانی خواردووە هەر لە سەر ئەم تایبەتمەندیەیە کە لە پێشوو کاری گەیاندنی نامە و خەبەرەکان کـە پێویـست بـووە زوو بە زوو بگەیندرێت لە ئەستۆی هەبووە وئەم ڕەواڵەتە بووەتە هۆی بنیات نانەوەی«کەمووتەر بازی» لە نێو خەڵکان .

سەبارەت بە کەمووتەر باوەڕێک هەیە کە ئەڵێ: ئەگەر منداڵی ساوا کە تازە زووانی گرتـووە، واتە خەریکی قسە کردنەوەیە، پت[27] بێت بۆ دەرمانی ئەم نەخـسە هێلکـەی کـەمووتـەر پـێ ئەدەن و باوەڕیان وایە کە باش ئەبێتەوە و بە باشی ئاخاڤتنی وشەکان دەکات.

لە ڕاستیدا هێلکەی کەمووتەر هیچ پەیوەندیکی بە باش ئاخاڤتنی منداڵـدا نییـە ئـەگـەر ئـەم باوەرە سەبارەت بە تووتی ببوایە لانی کەم سرنج ڕاکیش بوو بۆ ئەوەی کە خەڵک بەعام لـە سەرئەم باوەڕەن کە تووتی ئەتوانێ فێری قسە کردن بێت.

کەمووتەر هەر لە ڕاستیدا باڵندەیکی سەیرە. بە پێ زانیاریەکان مێشکی کـەمووتـەر بـە قـەد قاڵاوێکە هەر چەندە کە لەشی بچووکە. هـەر بۆیـە لـە باڵنـدەیکـی هاوسـنگی خـۆی وەکـوو

---

27 – پت یان بڕ منداڵێک کە بەباشی ئاخاوتن ناکێت و بڕک بڕک قسان دەکا.

کەوک وسووسگ زیرەک ترە وزانیاری و تێگەیشتنیشێ سەیرە. کەمووتەر لە سەرانسەری ژیانی خۆیدا تەنیا یەک جۆت بۆ خۆی دیاردە دەکا.

لایێ ئێمە بابەتێک هەیە کە بە«نەڕدەوان و مادەوان» بە ناوبانگە. ئەوەش بریتی لەوەیە کە کەمووتەری نێر یان مێ ئەوەندە جۆتەکەی لای خۆشە؛ کە ئەگەر تەنانەت خۆی لە قەراخی ئاسۆیش بێت، ئەگەر جۆتەکەی لە نێو دەستیش دا بگرێت یەک راست لە سەر دەستت ئەنیشێ. ئەم رەوایەتەی خووارە باسی ئەم ئەوێنداریە دەکا کە زۆر بە قەوەتەو لە دەمی کاک مەجید قەنبەری[28] بیستوومە کە دەیگۆت:

——— بۆ فرۆشتنی کەمووتەرەکانم لە گەڵ کابرایکی کرماشانی مامڵەمان کرد بەو مەڕجە کە پێ بگەێنم کە ئەم جۆتە کەمووتەرە نەڕدەوان و مادەوانە بۆیە لە سیارە دا دانیشتین وبەرەو کرماشان کەوتینە رێ لە شار کە دوور بووین دانەیک لە کەمووتەرەکان لە پەنجەرەی سیارە بەری داوم و ئەویتریان لای خۆم بوو وپەنجەرەکە داخستم. کە گەیشتینە گاڕاجی کرماشان ولە سیارەکە دابەزاین و سەیری ئاسمانم کرد، کەمووتەرەکە لە سەر سەرمان خەریکی پەرواز کردنەوە بوو ومن جۆتەکەیم لە دەست گرتم ونیشانی داوم، یەک راست لە سەردەستم دانیشت.

ئەوەێ کە شایانی باسە ئەمەیە کە رێگەی شاباد تا کرماشان شەست کیلومترە.

**گورگ gwirg**: گیانلەبەرێکی گۆشتخۆرە ومالّی نابێت و لە رەگەزەو لە سەگ دەچێ یان باشتر بلّێم سەگ گیانلەبەرێکە لە رەگەزی گورگ کە مالّی بووەتەوە. ژێنگەی گورگ کێف ودەر ودەشت بە تایبەت قەراخی گوندەکانە. سەبارەت بە گورگ؛ بیر و باوەڕ زۆرە لەوانەێە کە:

---

[28]–مەجید قەنبەری دانیشتووی شابادە تەمەنی چل وهەفت سالّە وماوەی زۆرێک کەمووتەر وبالّندەی پەروەردە کردووە .

خەڵکی باشووری رۆژهەڵات بە هێچ شێوەیەک گورگی مێینـە ئـازار نـادەن ونـایکوژن چۆنکـە ئەم کارە بە گوناح دەزانن. هەر وەها گورگ لای ئێمە حەیوانیکی تەماکار و دڕندە ومزێـڕە[29] ومەترسیان لە تاکە گورگ زۆرترە تا کوو گەلە گورگ، چۆنکە گورگ حەیوانیکی تـەماکـارە و لە ئەنجامی کاری خۆی دڵسەرد نابێت و بەردەوامە، ئەگەر بە گەلەو بێن هیچ کارێـک ناکـەن لە بەر ئەوەێ کە بە تەمای یەکتران ئەمێـنن وخۆیـان ناخـەنـە خـەتـەر، بـەڵام ئـەگـەر تاکـە گورگێک بێتە سەر رانێک تەنانەت ئەگەر شووان و چەند سەگیش چـاودێری رانـەکـە بکـەن، هێرش ئەباتە سەریان و بە ناچار هەر چەندەکە لە پەز وئاژەڵ بکـەوێتـە بـەر ددانـی ئـەدڕێ وزامی کاری ئەخاتە پێان و دڵنیایە کە لانی کەم دوو یان سێ لەوانە ئەتووپن و لاشەکـەیـان ئەیخەن دووری ئاوائی و دووائی ئەتوانێ لێیان بخوات. لە نێو خەڵکان خۆرافە گەلیک هـەیـە کە ئەڵێ :

ئەگەر سیپەلاکی گورگ بەو مەرجە کە لە کاتی دەر هێنانی ئاو لێ نەخواتەوە، یان بـە ئـاو شۆشتۆشوی نەدەن بە ئافرەتان بخوردرێت ئـەم ئـافرەتـە ئـاوەشـوو[30] دەبێـت. جگـە لـەوە ئەگەر کەسێک کە سیپەلاکی گورگی هەبێت و گمێزی خۆی ئامێتەی بکا وبداتـە ژنێـک؛ ئـەم ژنـە تـەنیـا لـە گـەڵ ئـەو کـەسـە پـەیـوەنـدی و دەس لـەمـلان ئـەکـا. هـەروەهـا خـەڵـک «زۆیەڵە züyeſe»ی[31] گورگ بۆ کاری دەرمان بە باش دەزانن و ئەمەیـش ئـا وەهایـە کـە زۆیەڵەی گورگ وشکێ دەکـەن ودووائـی بـە دەسـهاڕ[32] ئـارد دەکرێـت و لـە گـەڵ وەسـمە[33]

---

29– مزێڕ: مضر

30– ئاوە شوو: جندە،گەنەکار

31– زۆیەڵە : کیسەی سەفرا

32– دەسهاڕ : ئاسەک ، ئاسیاو دەستی .

33– وەسمە : پێستی گوێزەکە هاڕیاوە و وەک خەنە لە مۆی ئەگرن.

ئامێتەی ئەکەن و لە سەرسەری دەگرن و سەرئێشە وسەرانسیە[34] باش ئەکاتەوە و هەروەها بۆ بڕشت و سوومای چاو بە باشێ دەزانن.

جگە لەوانە؛ خەڵک بە عام لە سەر ئەم باوەڕەن کە «قاپ[35] »ی گورگ بۆ شەونەخونی و وریایکەری باشە. هەر بۆیە شووانەکان و ئەوانەی کە چاودێری مەڕومالات دەکەن بایخی هەرە زۆرێک ئەدەنە ئەم بابەتە. یان بیستوومە کە هەرکەس مۆی گورگی لە لا بێت، بچێتە هەرکۆرێک دا بنیشی ئەو کۆڕە تەفراو توونا ئەبێت. هەروەها گورگی مێ ئەو کاتە کە خواردەمەنی دەست نەکەوێ بەرەو قیبلە ئەوەندە ئەلوولێنێ کە لە ئاسمان پەنیر بۆی دێتە خوار.

خەڵک بە عام کڵاش وگیوە لە پێستی گورگ دۆرست ئەکەن و لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئەگەر پیلاوێک لە پێستی گورگ لە پێ بکەن و لە دۆی کارێک بچن، تا نەگەیننە ئاکامیکی باش دەس هەڵگیر نیین، بۆ ئەوەی کە گورگ لە ئەنجامی کاری خۆی زۆر تاقەتی هەیە و پشت سەرد نابێت.

وە هەروەها گورگ بۆیە لە ئاگر دەترسێ کە کاتی تێڕوانین بە ئاگر پیەی چاوی ئەسووتێ[36]. هەروەها باوەڕیکتر ئەڵێ: ئەگەر کەسێک دڵی گورگ بخوات، زاتدار و نەترس ئەبێت.[37]

**گون کەڵەشێرە gwin keľeşêre** : گیانلەبەرێکە وەکوو (کەڵەشێر خودایلە) یان هودهود. خەڵک بە عام دەڵێن کە ئەو کاتە کە حەزرەتی سۆلەیمان زەماوەند کرد، ئەمر کردووە کە هەموو باڵەندەکان بێن و باڵی خۆیان باز بکەن تا گزینگی خۆر ڕۆمەتی

---

[34]– سەرانسیە: نەخۆشی میگرن .

[35]–قاپ: ئیسقانی قاپی پێ .

[36]–ئەم چەند بابەتە لە کاک قودرەت دارابی بیستوومە

[37] ئەم بابەتە لە دەمی کاک ئەیووب شەریفی بیستوومە.

بۆکەکەی نەسووتێنێت و هەموو باڵەندەکان وا دەکەن. لە پڕ گزینگیکی خۆر ئەکەوێتە سەر ڕۆمەتی حەزرەتی سۆلەیمان ومەلان ئەپرسن ئەمە چییە؟! سۆلەیمان ئەڵێت: ئەم مەلە گون کەڵەشێرەیە. کە بانگی دەکا دێت و لێ ئەپرسێت بۆ هاتیت؟ ئەڵێ تۆ فەرمانت دا کە هەموو باڵەندەکان بێن و منیش هاتم، ئێستەش هەر ئەوەندە بزان کە ژن بەقا و بەفای نییە.[38]

**گییەڵەخۆرگ gîyeĺexwerig** : جۆرە کرمیکی زۆر گەورەیە کە لە مەزراکان ولە «بەونەکان»[39] دا بەر فراوانە وشکێ دەکەن و دووایی دەهەڕێن و وەکوو خۆراک ئەدەنە رەمەکی کاە وجوێ مێشنە و بزن و باوەڕیان ئەمەیە کە تووشی نەخۆشی نابن.[40]

**مار mar**: گیانلەبەریکی خەزەندەیە وخوێنسەرد[41]. لە سرۆشتدا دوو جۆر مار هەیە، ئاوی و دەیمی. مار بە شێوەی هێلکەدانان زاوزێ دەکا بێجگە لە هەفی کە ئەویش هێلکەکەی لە نێو زکی ئەگەیت وئەبێتە توولە مار. ماری ئاوی بە گشتی ژهراوی نییە واتە سەمی نییە جگە لە یەک نموونە کە«هەشیhęşî»یی پێ دەڵین ولە مەرغەزارەکا ندا دەژێت. لە کرماشاندا سەراوێک هەیە کە «هەشیلان»ی پێ دەڵین ولەوی مار ئاوی ژەهری زۆرە. ماری دەیمی بەگشتی ژهراویەجگە لە نموونەیەک کە لە کشت وکاڵ دا دەژێت و رەنگی سوورە وژێری زکێ زەردە. خەڵکان ئەم مارە بە فرێشتەی خێر وبەرەکەت دەزانن وکوشتنی ئاوها مارگەلێک بە گوناح دەزانن. ماری ژهراوی لە بواری ئەندازە و شکڵەو جیاوازیی هەیە لەگەڵ

---

[38] - ئەم بابەتە لە دەمی باوکم بیستوومە.

[39] – بەون : ئەو زەویە کە گیای خۆڕسکی تێایە

[40] – ئەم بابەتە لە دەمی باوکم بیستوومە.

[41] – لە سروشتدا دوو جۆر حەیوان هەیە،خوێنسەردوخوێنگەرم. زۆربەی خەزەندەکان لە بەشی خوێنسەرد گونجاون و بە کورتی خوێنسەرد گیان لە بەرێکە کە زستانان فەعالیەتیان نییە و ئەخەون.

ماری غەیری ژەهری ئەوەش بریتی لەوەیە کە سەریان کەشیدە وسێ چۆزە و ددانی«قەڵتویە qeĺûye»یان هەیە. بە ناو بانگترین ماری ژەهری بریتین لە: هەفی، کوڵەمار، جەعفەری، زەنگی و دارپەڕ.

زۆربەی خوراکی مار بریتیە لە: چۆڵەکە ومارمیلک و هێلکەی باڵندە وقورواک وماسی. بەڵام نموونەیک ماری دەیمی هەیە کە بەدەگمەن دەست دەکەوی و«سفرە مار»ی پێ دەڵێن ومن خۆم نموونەی ئاوا مارێکم لە باکووری ئێران و لە شاری«روودبار» سەر بە پارێزگەی «گیلان»م دیوە کە ژیانیکی سەیری هەیە.

خۆراکی ئەم مارە مێشۆلە ومرۆچەیە و بە شێوەیەکی زۆر سەیر نەچیرەوانی دەکا. ئەندازەی ئەم مارە زیاتر لە یەک مترە وبە نیسبەت ئەستوورە. ئەم مارە لە قەراخی باغ و باغاتدا دەژێت و رەنگی سووری کاڵی هەیە. لە کاتی برسایەتی دێتە قەراخی گەنیاوەکانی گوند وزگی خۆی باز دەکا وهەموو ئەندامی دەروونی خۆی ئەخات رووەوە و نیشان ئەدا کە مردووە و زگی دادڕاوە. کاتی مێشۆڵە و مرۆچەی زۆرێک داڕژاوە سەرێ وخەریکی خواردنەوەی بوون ،زکی خۆی ئەبستێ وزیندوو ئەبێتەوە وئەڕوات. ئەم مارە قەت بە دەم وددان خۆی نەچیروانی‌ناکا.[42] خەڵکی قەراخی چۆمی«سەیمرە» لە ناوچەی لەکستانی پارێزگەی ئیلام دەڵێن کە ئاوەها مارێک لە قەراخی سەیمرەبووە. نموونە یکیتر کە «دارپەڕ»ی پێ دەڵێن و لە سەر شاخی دارەکاندا دەژێت و لە لێرەوارەکانی شاری«گیەڵان» لە پارێزگای کرماشان زۆرە.

نموونەیکیتر ماری شاخدارە کە خەڵک ئەڵێن ئەگەر شاخی مارت هەبێ و بەقەد مەشکە ئاوێزانی بکەیت، بەری مەشکە بەرفراوان ئەبێت. من خوم ماری شاخدارم دیوە و شاخی ئەم

---

[42] – ساڵی 1369هەتاوی سەرباز بووم چەند مانگ بەر لەو مێژووە بوومە لەرزەیکی بە قەوەت پارێزگای «گیلان»هەژاند وئیمە بۆ یارمەتی دانی خەڵک چوێنە ئەم پارێزگەیە وله شاری«روودبار»دا گیرساینەوە و ئەم مارەم لەوی دیوم.

ماره بە قەد نیوەی نێسکێکە و هەر ناتوانی بیپڕیتەوە تاکوو بەگەیتە ئەوەی کە لە مەشکە ئاوێزانی بکەیتەوە .

بابەتیتر باسی«بەش»ە .«بەش» هەر بە مانای سەهم و قسمەتە و دوو جۆرە بەش لە نێو خەڵکدا هەیە . یەکم بەشی مار ودووهەم بەشی نەخۆشی .

عەشیرەتێک لە گەلی یارسان هەیە کە بە «باوەیل» بە ناوبانگن و هەم بەشی مار و دمارەکۆڵیان هەیە و هەم بەشی نەخۆشی گەلێک وەک زەردەی یان یەرەقان و ئاکلە یان سفلیس و ئاگرەک . بە باوەڕی من بەشی مار شتیکی مەورووسی نییە و هێشتا تێنەگەیشتوومە کە ئەوانەی کە بەشی ماریان هەیە ئەبێ خاوەنی چ تایبەتمەندیک ببن هەر ئەوەندە دەزانم کە قەوم و خزمانی ئێمە دەڵێن کە بنەماڵەی ئێمە بەشی ماریان هەیە . من خۆم و برای گەورە ترم و برا چکۆڵەکەم بە بێ ترس وخۆف مار دەگرین هەر وەها میمکی خۆم کە بە داخە فەوتا لە سەر ئەوەی کە ژن بوو و ژنان لە مەل و موور زۆر دەترسن، بە بێ هیچ ترسیک ماری دەگرت . بەڵام قەت ناتوانین مارانگەستە دەرمان بکەین . عەشیرەتی«باوەیل» مارانگەستە ونەخۆشی زەردەی و ئاکلە وئاگرەک بە بێ داروو و دەرمان، چاک دەکەن . بۆ نموونە؛ ئەوەی کە زەردەی یان ئاکلەی هەس، ئەتفننە نێو دەم و چاوێ و دووائی باش ئەبێتەوە .

بابەتیتر«میەرێ مار» یان مۆرەی مارە . خەڵک دەڵین هەر کەس مۆرەی ماری هەبێ، بە ئارەزووی خۆی ئەگەییت . ئەوەی کە من پرسیارم کردووە زۆربەی خەڵک لە بابەتێک بە نێوی مۆرەی مار قسە دەکەن بەڵام خۆیان ئاوا شتێکیان نەدیوە هەر ئەوەندە دەزانن کە بە قەد نێسکێکە وخرە و رەنگی شینە و ئەلەرێتەوە وئەشێ لە نێوانیپەمە هەشاری بکەیتەوە .

خەڵک بەگشتی لە سەرئەم باوەڕەن کە ئەگەر کەسێگ بە راشکاو بچێتە سەرجۆتگیری ماری نێر ومێ، زوو بە زوو پاپووشەکەی دەربێنێ وبخاتە سەریان وخۆی بە تۆندی هەڕا بکات و

هەفت جار لە سەر جۆگەیک باز بدات و بپەڕێتەوە، مارەکان مۆرەیک لە سەر پاپووشەکەی بە جێ دەهێڵێن کە هەر ئەو مۆرەی مارەیە کە باسی کردێن.

بەڵام ڕاستیەکەی وایە کە شلەگۆی مار تێزاویە «ئەسیدی»ە و مار لە سەر جۆرە بەردیکی تایبەت، کەوا دیارە لە مەڕمەڕ دەچێ گۆ دەکا و ئەبێتە هۆی ڕۆخاندنی ئەمجۆرە بەردە و مۆرەگەلیکی خڕ وشین لێ ئەکەوێتەوە کە ڕەنگە خەڵکان ئاماژەیان هەر بەو مۆرەی مارە بێت.

بابەتیتر«کەوڕ مارkewrî mar» یان پێستی مارە. خەڵک دەڵین پێستی مار بۆ دوعا کارێگەری هەرە زۆریکی هەیە و لە زۆربەی دوعاکاندا پێستی مار وسۆی دەرزیلە پێکەوە لە تۆی قاقەزی دوعاکە دەپێچن وئەڵین حێکمەتی هەیە.[43]

مار بە نیسبەتی چۆنیەتی وچەندایەتی خۆراکەکەی پێست ئەگوڕێنێ و لانیکەم لە ماوەی پازدە ڕۆژ هەتا مانگێک جیاوازە وهیچ حێکمەتیکی نییە. خەڵک ئەڵێن مار لە شەوانی هەێنی پێست ئەخات.

بابەتێکتر سەبارەت بە مار ئەمەیە کە ئەڵین یەک بست «وژە» لە لای سەر ویەک بست لە لای دۆی مار بقرتێنی و لە ئاوی کوڵدا بە زۆری بکۆڵێنیتەوە و دووای ئەوەی کە خەس و تۆخ بووەتەوە، لەسەری بگرێت بۆدەرمانی کەچەڵی و تاسی زۆر باشە لە لایکی تریشەوە هێندستانیەکان و تەنانەت عەرەبەکان باس لە ڕۆنی ماردەکەن کە بۆ مۆی سەر باشە.

ڕەنگە ئەم باوەڕە هۆکاری زانستیی هەبێ بەڵام شتێکم بە دەستەوە نییە هەر ئەوەندە دەزانم کە بۆیە یەک بست لە سەر ویەک بست لە دۆی مار ئەبڕن کە کیسەێ ژەهری مار لە ژێری ددانەکانیە و بەشی دۆی مار هەتا کونی قۆنی تاڵە، بۆیە باوەڕکە ئەڵێ کە ئەبێ ئەم دوو بەشە لە لەشی مار ببڕیتەوە. هەر وەها لە خواردنی ماریش ئاوا دەستوورێک هەیە.

---

[43] – ئەم بابەتە لە دوعانووسێک بیستوومە کە بە دەرخواستی خۆی ناوی نانووسم.

بابەتیکیتر سەبارەت بە مار، دەرمانی مارانگەستەیە. شێوەی دەرمان لە لای خەڵکان جیاوازە. بۆ نموونە هەروا کە لە لاپەڕەی پێشوو باسمان کرد؛خەڵکی گۆران کە بە گشتی سەر بە ئائینی یارستانن، ئەچنە لای باوەکان. شێوەیەکیتر ئەمەیە کە ئەو شوێنەی کە مار گازی لێ گرتووە بە چەقۆ زامی دەکەن وخوێنەکەی بە دەم وددان ئەکیشن. ئەم شێوە دەرمانە لە رووی زانستیەوە پڕ خەتەرە، ئەگەر ئەو کەسە کە بە دەم و ددانی خۆی ژەهری مار ئەکیشێ، ددانی کولوور بێت یان زامی بچووکێک لە دەمی بێت، ژەهری مار لە گەڵ خوێن و نێرونی[44] ئەعسابی ئامێتە ئەبێت وئەیکوژێت.

بە باوەڕی خەڵک ژەهری مار زۆر تاڵە وبووەتە نومادێک لە ئەدەبی کوردی. بەڵام لە راستیدا ژەهری مار قەد تاڵ نییە بەڵکوو شیرینە بە پێ زانیاریە زانستیەکان، ژەهری مارلە بۆنیانێک دۆرست بووە کە «بۆنیانی ئیدرۆکەربۆن» پێ ئەڵێن. ئەم ئامێتگەلە بۆنیانی چەوری و قەندە هەروەها ئەتوانی بەگرتن وبەردانی ئێلکترۆن بگۆڕدرێتە ئامێتە ییکیتر بە واتەێ زانستی «ئامفۆتریک»ە. ئەم دەستوورە لە دەرسی شیمی «ئۆکسیداسیون وئێحیا»ی پێ دەڵێن. خوێن چۆنکە هەموو جۆرە ئامێتەی تێایە، ئێلکترۆنی ئازادی زۆرە بۆیە کاتێک کە ژەهری مار بڕژێتە نێوخوێن، زوو بە زوو لە هەموو ئەندامەکاندا بڵاو ئەبێتەوە وبە تایبەت ژەهری مار کارێگەریی لە سەرعەسابی«سەمپاتیک و پارا سەمپاتیک»ی هەیە. ئەم دوو ئەعسابە ئەرکی هەناس کیشان وگەردشی خوێن وکوتەی دڵ و .... جێبەجێ دەکەن بۆیە لەشی مارانگاز تووشی هەڵ ومەرج دەبێت وئەمرێت. پزیشکان پێشنیار دەکەن کە ئەوانەی کە ددانیان کولوورە، ژەهری مار مەکیشن چۆنکە لە رێگەی کۆنی ددانەکە کاریگەری خۆی ئەنجام ئەدات. هەروەها کە وەتمان ژەهری مار ئەگەر لە خوێن ئامێتە بێت کاریگەری خۆی

[44] – نێرۆن : قەڵاف یان رۆکەشی دەمارەی ئەعسابە.

به جێ دێنێت بەڵام ئەگەر تەنانەت بخۆردرێت، بەو مەرجە کە زامی گەدە و ریخۆڵەی نەبێت هیچ کاریگەریی نییە.

شێوەیەکیتر لە دەرمانی مارانگاز، شێوەیکی رەسەنی کوردیە کە هۆکاری زانستیشی هەیە. ئەم رەوایەتە لە دەمی میمکەزای خۆم لەیلا رەشیدی[45] بیستوومە کە بۆم گێڕاندووە کە لە گوندی«بەلەوا تەڕە» سەر بە مەڵبەندی «چەرداوڕ» کە ئێستە سەر بە پارێزگەی ئیلامە پیاوێک بە نێوی«موحەممەد» کوڕی«ئەسەد» کە ئێستە فەوتاوە و خزمی خۆیان بووە، دەمارەکۆڵ دەستی زامار دەکا و لەم کاتە وبێدەرەنگ زاوکەی کە پیاویکی لێهاتوو وپسپۆڕ بووە و ناوی «مایخان» بووە بزنێگ ئەکوژی وخوێنەکەی رژاندووەتە سەر زامەکەی و موحەمەد باش بووەتەوە. کوڕەکەی بە ڕەحمەتی «موحەمەد» خەڵکی ئەم گوندە ئەم رەوایەتەی قەبووڵ بوو و وەتیان راستە.

ئەبێ بزانین کە دمارەکۆڵ وماری گەرمیان زۆر ژەهراویە و خەڵکان مەترسی زۆرێکیان لەم دوو گیانلەبەرەیە بۆ ئەوەێ کە لە ناوچەی گەرمیان ئاو کەمە و ژەهری ئەم گیانلەبەرە تۆخترە.

هەروەها دایکی خۆم خوالێخۆشبو«شیرین عەباسی» بۆم گێڕاندەوە کە:

ئەو کاتە کە گەرمیان وبەڕەچامان[46] دەکرد لە گوندی «سەر چەم» کە هاوێنە هەواری هۆزی زەنگنە بووە وئێستە سەر بە پارێزگای ئیلامە، خەڵکان خەریکی دۆرستکردنەوەی زمێیە[47] بوون؛ مارێک زام خستە دراوسیەکەمان وباوکم کە لە کاری دەوا و دەرماندا شارەزائیی هەبوو، زوو بەزوو بەرخێکی کوشت وگەدەکەی کۆن کرد و دەستی مارانگازەکە بە گشتی تێا کرد و بە ڕێخۆڵەکەی گرێبەستی کرد. دووای ماوەیکی کورت گەدە و

---

[45] - لەیلارەشیدی دانیشتووی شابادە وتەمەنی پێنجاوچووارساڵە وخانەدارە.

[46] - بەڕەچای: سەردسێر ،زێزی گەرمەسێر.

[47] - زمیە: شوێنگە هاوێنی بۆ ران ومێگەل.

سەخوڕەکەی ڕەنگی زەردەو بوو و پیتار پیتارەو بوو وکابرایش یەک دوو ڕۆژ هەندێک ناساز بوو و دووائی باشەوە بوو.

هۆی زانستی ئەمجۆرە دەرمانە ئاوەهایە کە لە گەدە هۆرمونێک هەیە بە ناوی«گاسترین» کە زۆر تۆخە و کاری هەزم ومیکرۆبکۆژیی گەدە لە ئەستۆیە و بە «شیرەی مێعدی»یش ناودارە ولە گەدەی ئاژاەڵدا جگە لە سەوزە و کا و جوێ نییە وهەر ئەمانەش خەواسی دەرمانییان هەیە و بە پێ زانیاریەکان«فشاری ئوسموزی»ی بە نیسبەتی خوێن زۆر زۆرە. کاتێک دەست یان پێ یا هەر ئەندامێک لە لەش مارانگاز بێت و بەگەدە وسەخۆڕەکەیەوە بپۆشرێتەوە فشاری ئوسموزی ئەبێتە هۆی ئەوەکە ژەهری مار بەرەو خۆی بکیشێ و ژەهر بە نیسبەت کەمتر ئەڕژێتە نێو خوێن.

بابەتێکیتر سەبارەت بە دەرمانی مارانگاز ئەوەی بوو کە خۆم ئەزموونم کرد.

کوتائی مانگی خاکەلێوە بوو کە لە گەل دوو دۆست و بەرادەری خۆم کاک «فەریبۆرز نیکوونژاد»[48] وکاک «جەواد مەنسووری»[49] بۆ گرتنی مار چوێنە کێفەکانی دەڤەری شاباد.

مار بە گشتی لە کوتائی مانگی خاکەلێوە لە کونی خۆی دێتە دەر و لە بەر خۆر خۆی دەخەملێنێ و هێشتا گڕ و گورج نییە، بۆیە گرتنی ساکارترە. کاک فەریبۆرز کە خۆی شارەزای مارگرتن بوو؛ مارێک بووە تۆشیەوە و بۆ گرتنی پەلە کرد و بە داخەوە مارانگاز بوو.من و کاک جەواد بە دەم و ددان هەندێک لە خوێنی پێ فەریبۆرزمان کیشا و بە پەلە ئەومان گەیاندە نەخۆشخانەی شاباد. لەوی پەرستارێک بە تەمەن بوو بە ناوی«ئاقای سۆڵەیمانی» کە خەڵکی گوندی«تراو سەی حەیاس»ە و ئێستە خانەنشینە وەتی شیری پێ بدەن تا دارووەکانی حازر بکەین و ئیمە شیرمان پێ خۆراند ودووای یەک دوو خولێک

---

[48]–فەریبۆرز نیکونژاد خەڵکی گوندی شیانە ودانیشتووی شابادە و تەمەنی سی وشەش ساڵە و کاری ئازادە دەکا.

[49]– جەوادمەنسووری خەڵکی گوندی تەجەرەودانیشتووی شابادەوتەمەنی سی وهەشت ساڵە ولە ئاژانس خەریکی ئیشە.

کاک فەریبۆرز شیرەکە قەسیان کرد و سەیر ئەوە بوو کە دی شیر نەبوو بەڵکوو پەنیری تەواو بوو. یەک دوو را ئەو کارەمان کرد و رەنگ و رووی فەریبۆرز باشەوە بوو و زۆرینەی ژەهرەکە لە لەشی نەما. فێر بوونی ئەم دەرمانە مەدیوونی«ئاقای سۆلەیمانی»یم کە پیاویکی بە ئەزموون ولێهاتووە.

هۆی زانستی ئەم شێوە دەرمانە ئاوەها کە زۆرێنەی ژەهر و سەم لە دەمارەکانی گەدە و رێخۆڵەدا ئەڕوات و شیر باشترین دەرمان بۆ ژەهر وسەمە وهەموو ژەهر وسەمێک لە خۆ دەگرێت .

**ماخەر ma xer**: سەبارەت بە کەر لە لاپەڕەکانی پێشوو باسمان کرد بەڵام ماخەر یان کەری مێ چەندەها بیر و باوەڕی تر لە سەرێ دا هەیە. وەک شیری ماخەر کە «مازاک mazak»ی پێ دەڵین و بۆ دەرمانی کیم و خڵتی سیپەلاک باشە. مازاک هەر وەک شیری ئاژەڵەکانی دێکەیە بەڵام زۆرخەستر و چەورترە و راستیەکەی وایە کە هەر شیرێک بۆ دەرمانی کیم و زۆخی سێپەلاک باشە. هەروەها گۆی ماخەر کە «قەرسەقول»ی پێ ئەڵین بۆ نەخوشی«چاوئێشە» زۆر باشە. چاوئێشە لە راستیدا نەخۆشییکە کە لە گەرت و خاک و گەردەلوول هەڵدەستی و ئەبێتە هۆی کیمدار بوونی پێڵەی چاو وکرمی لێ دەکەوێتەوە کە زۆر بچووکە ولە چمکی چاودا دەژێت و قەرسەقولی ماخەر دووکەڵێکی تۆندی هەیە کە ئەبێتە هۆی تێک چوونەوەی ئەم کرمە وچاو باش دەبێتەوە.[50]

بابەتیتر سەبارەت بە «مایەرزا mayerza»ی جاشۆڵکەیە. مایەرزا یەکم گۆی هەر ئاژەڵێکە کە تازە لە دایک بووە و زۆر خەس وتۆخە ورەنگی قاوەی و سووری هەیە و لە راستیدا گۆ نییە بەلکوو خۆراکی پیزەیە کە لە رێگەی «ناوک» یان«ناف»ەوە ئەچێتە

---

[50] – من خۆم شاهێدی ئەم دەرمانە بوومە.

پیزەدان. بە هەر حاڵ، مایەرزا وشکێ دەکەن و دووایی بە دەسهاڕ، دەهەڕێن و لـە گـەڵ دوو یان شیر تێکەڵێ دەکەن وبۆ دەرمانی «تەوەسێڕوو» یان ماڵاریا بە کارێ دێنن.[51]

شێوەی دەرمانی تر بۆ تەوەسێڕوو هەیە کە کاک«شێردڵ ئێڵپوور»[52] بۆم گێڕاندووە کە:

ئەوەیکە تووشی تەوەسێڕوو بووە دووای گێمز کردن لە سەر خـاک؛ ئـەیبـەنـە ماڵـەوە دووای چەند ساعەت کە خاکەکە وشک بووەوە یەک لایەێ لێ لا ئەبەن و لای ژێـری ئـەم خاکـە لـە تۆی دەستماڵێک دەکەن و لە سەر هەنێ نـەخـۆش دائـەنـێن و دووای چـەن کـەڕت کـە ئـەم کارەیان کرد، نەخۆش باش ئەبێتەوە.

راستیەکەی وایە کە ئەوەیکە تووشی تەوەسێڕوو بووە زۆربەی هۆرمونەکانی لەشی لە رێگەی گمێزەوە دەرئەچێت و خاک بەشێک لەم هۆرمونانە لە خـۆی ئـەگرێـت وکاتێـک کـە لـە سـەر پێست یان هەنێ دائەنێن لە رێگەی«کونی پێست» کە عارەقی لـێ دێتـەدەر وخاکـەکـە تـەڕ ئەکات، فشاری ئوسموزی دۆرست ئەبێت و هۆرمونەکان هەر لە رێگەی کونی پێستی هەنێ، سەر لە نوو ئەگەڕێتەوە بۆ لەش.

هەروەها ئەگەر گمێزی ماخەری باردار بڕژێتە سەرزامێگ، ئەم زامە قەت باش نابێتەوە.[53]

هۆکاری زانستی ئەم بابەتە رەنگە بەرفراوانی هۆرمۆنی «ئسرۆژن و پرۆژسترۆن» بێت کە لە کاتی بارداری زۆرترە.

بابەتیتر سەبارەت بە مۆمی گوێ کەرە کە بـۆ دەرمـانی ئێـشی ددان باشـە. ئـەگـەر ددانێـک کۆلوور بێت و ئێش بکا؛ هەندێک مۆمی گوێ کەر لە سەر ددانەکە دائـەنێن،بـاش ئـەبێتـەوە. هەروەها ئەگەر مۆمی گوێ کەر بخوردرێت؛ ئینسان تووشی گیژی ومەنگی ئەکا.[54]

---

[51] – ئەم بابەتە لە زاری باوکم بیستوومە

[52] – شیردڵ ئێڵپوور خەڵکی گوندی بەێرگرده کە سەربە شاری شابادە وتەمەنی سی و پێنج ساڵە ودانیشتووی کرماشانە و ماموستای قوتابخانەیە و لە شێعر وکورتە چیروکی کوردی دەستی باڵای هەیە.

[53] – ئەم بابەتە لە دەمی کاک قودرەت دارابی بیستوومە.

**ماسی masî:** گیانلەبەریکی ئاوییە وگۆشتی بە تامە وبۆ ئەوانەی کە تووشی نەخۆشی شەکروکە و چەوری خوێن بوونە، باشە. خەڵک بە گشتی لە سەرئەم باوەڕەن کە :

ئەو کەسە کە تووشی نەخۆشی یەرەقان یان زەردی بووە «ماسی خولگە»[55]ی بە زیندووئی بێخوات باش ئەبێتەوە.

**مامر mamir:** مر، مرخ، مامر، مریشک، مرشیکە، کەڕگی، کەرگ، کەرک وکەرکی هەموو ناو گەلی مامرە. بە باوەڕی من مامر لە بواری مۆرفۆلوژییەوە دۆرست تر. مامر واتە «مایە مر» یا«مایە مرخ» و نێرەکەی ئەبێتە کەڵەشێر. سەبارەت بە مامر باوەڕێک هەیە کە ئەڵێ:

ئەگەر مامر شەکەتی بخاتەوە، یان خاوەن ماڵ ئەچێتە سەفەر یان مێوانی سەفەری دێتەماڵ. شەکەتی خستن بریتیە لەوەی کە مامر لە بەر خۆرەوە خۆی راکیشێ و باڵەکانی باز بکاتەوە وەکوو ئەوەێ کە بخەوێ. بە هەر حاڵ ئەوەش باوەڕێکە. باوەڕێکتر ئەڵێ:

ئەگەر مامر وەک کەڵەشێر بقولێنی، لێقەومانێک لە رێگەیە.

بابەتێکیتر سەبارەت بە«ریتق rîtiq »ی مامرە. خەڵکان ئەڵێن بۆ دەرمانی زام باشە. بەڵام لە نێو گەلی کەڵهوڕ بە تایبەت گیەلانی رۆژئاوا کە سەربە پارێزگای کرماشانە، جۆرە دەرمانێک هەیە بۆ«چیەرێ گاز». چیەری گاز بریتی لەو زامەیە کە لە کاتی بەرگن و خوری گرتن لە مێشێنە چیەرێوان زامێک بخاتە لەشێ مێشەکە وپێستی ئاژەڵەکە بقرتنێ. زوو بەزوو رۆنی دان و پەتەسوو لە گەڵ ریتقی مامر ئامێتە دەکەن ولە سەرئاگر دائەنێن

---

[54] – ئەم بابەتە لە دەمی مامۆستا ئەردەشێر میرزایی بیستوومە کە خۆی خەڵکی شیانە و دانیشتووی شابادە و مامۆستای خانەنشتنە.

[55] – ماسی خولگە : ماسی زۆر بچووک.ئەو ماسی بچکۆلانەی کە لە قەراخی چۆم و رووبارەکان دا دەژێت.

دووای ئەوەی کە گەرم بوو هەندیک دووی ئامێتەی دەکەن و دووای خەس بوونـەوە لـە سـەر چیەریگاز دائەنین، خوێنەکەی وشک دەکا و زامەکە کیمدار نابێت و زوو چاک ئەبێتەوە.[56]

ئەم دەرمانە هۆی زانستیی هەیە. پەتەسوو یان بوو سوو خۆی بەرگری لە خوێنرشتن ئەکا.

بە گشتی دوو جۆرە پەتەسوومان هەیە؛ یەکم ئەو پـەتـەسـووە کـە لـە پارچـە و قـەنـدە کـە پێکەوە ئەسووتێنن. دووهەم «زوری»یی پێ ئەڵێن کە لە جیاتی پارچە وقەند، لە بافەمەنی و مـافۆرە وەکـوو دەوار وجلـی کـەر لـەگـەڵ قـەنـدە کـە دەسـووتێنن و خاسـیەتـی«ئـانتی بیووتیکی»یی هەیە. هـەروەهـا رۆنـی دان کـە «کێلوسـترۆل»ی زۆر و ریتقـی مـامر کـە بـە بۆنەی هەبوونی گازی«ئێتیلین» خاسـیەتـی گـەنـدزودائیی هـەیـە. ئـەبینـین بـە گـشتی بـۆ سارێژی زام باشترین مەرهەمە.

بابەتیکیتر سەبارەت بە ریتق ئەوەی بوو کە لە سەر زاری خەڵکی گوندی«موومنای»یـە کـە سەر بە باژێرێ شابادە و ئەوەش ئەمەیە کە لە قەراخی ئەم گوندە کێفیکی هەرە بەرز هەیـە کە بە «کوناکونا» بەناوبانگە.هۆی ئەم ناوەش هەبوونی چەندەهـا ئـەشـکەوتـی گـەورە لـەم کێفەیە کە زۆرتر ژێنگەی «کەمووتەرە».

خەڵکی ئەم گوندە لە ساڵێک یەک را چوونەتە ئەوێ و ریتقی گاکەمووتەریـان هێنـاوە چ بـۆ کاری دەرمان و چ بۆ کشت وکاڵ. ئەبێ بزانین کە ریتقی کەمووتەر یان مرێشکە زەمـین هـار دەکا و بەری زەوییەکە زۆرتر ئەبێت.

**مانگا manĝa**: ئاژەڵێکی شیری و قەڵەوە و خەڵکان جگـە لـە کڵـک وەرگـرتن لـە شـیر و گۆشتی، بۆکاری جۆتیاری و کیشە و کوتەی خەرمان بەکاری دێنن.

---

[56] – ئەم دەرمانە لە دەمی کاک قودرەت حاتەمی بیستوومە کە خەڵکی گیەلانی رۆژئاوایە وتەمەنی لە پێنجاە تێپەڕ بووە ئێستە دانیشتووی شابادە.

جگە لەوانە سپڵی مانگا بۆدەرمانی کەم خوێنی وبەرگیری لە گمێز کردنی منداڵی ساوا کەبابی دەکەن وپێ ئەدەن.لە سپڵی مانگا وهەر ئاژەڵێکی تر«گۆلۆکوز» و «هۆرمونی دیۆرتیک» بەرفراوانە وئەبێتە هۆی بەرگیری لە گمێز کردن و خەس بوونی خوێن.

باوەڕێکیتر ئەڵێ کە ئەگەر مانگا لە کەڵگا بپەڕێت؛ ئەو ساڵە، ساڵێکی پڕ لە خۆشی وخێر و بەرەکەتە.

لای خەڵکی باشووری ڕۆژهەڵات خواردنی مێشکی مانگا ئەوەندە باب نییە و ئەویان بە مەکرووە دەزانن ولە جیاتی خواردنەوەی لە کاری ساز کردنی«ڕۆشوور» بە کاری دێنن. ڕۆشوور وەک کەشکە و لە حەمام کردن و پاقژ کردنەوەێ لەش بە کاری دێنن وچۆنیەتی سازینی ئاوەهایە کە: مێشکی مانگا لە گەڵ گڵی سپێ تێکەڵ دەکەن و بە باشی وەرزی ئەدەن و دووایی وەک تەپۆڵکەی کەشک لە بەر خۆر دائەنێن تا وشک ببێتەوە و لە حەمام بەکاری دێنن.[57]

مێشکی مانگا وگڵی سپێ ئامێتەێکی«بازێک»ە. واتە تێزاوی نییە وچرک وقرێژی لەشیش هەر بازیکە بەڵام لە بواری چەندایەتی چەوری لە ڕۆشوور خوارترە. بۆیە لە گەڵ ڕۆشوور تێکەڵ ئەبێت ولەش خاوێن ئەبێتەوە میکانیزمی دۆرست کردنی سابوونیش هەروایە. هەروەها باوەڕێک تر ئەڵێ:

ئەگەر نەخۆشی«زووە»[58] لە ئەنگۆستی دەست روو بدات؛ لە کونی لووتی مانگا یان گووری بکەیت باش ئەبێتەوە.[59]

ڕەنگە لە کونی لووتی مانگا و گوور و لە چڵمەکەیدا جۆرە ئانزیمێک بێت کە ئەبێتە هۆی تێکچوونی میکرۆبی ساز کەری نەخۆشی «زووە».

---

[57] – ئەم بابەتە لە زاری میمکی خۆم لەیلا رشیدی بیستوومە.

[58] – زووە: نەخۆشیکە وەک کەوڵە کە ئەنگۆستی دەست و ژێری نەینۆک پەیدا ئەبێت و ئەبێتە هۆی سوور بوونی ئەنگۆست.

[59] – ئەم بابەتە لە دەمی باوکم بیستوومە.

بابەتیتر سەبارەت بە مانگا ئەوەیە کە ئەگەر مانگا لـە کـاتی کـەڵ گرتنـی بچێت وجۆتخـواز نەبێت؛ خەڵک لە سەر ئـەم بـاوەڕەن کـە ئـەگـەر گیـای «مانگـاوەکـەڵ» لـە میینـەی مانگـا دابنێن، مانگا کەڵ ئەگرێت. هەر وەها کڵـک وەرگـرتن لـە «گـتو ئـەسـارە» کـە لـە فارسـیدا «کرمی شەبتاب»ی پێ ئەڵێن ولە لای خەڵکان کاریکی زۆر بابە وباوەڕیان وایـە کـە ئـەگـەر ئەم مەلە لە مێینەی مانگا دابنێن، مانگا کەڵ ئەگرێت. گیای مانگاوەکەڵ وەک گیای چەویرە و رەنگی سووری تۆزکاڵە.

راستیەکەی وایە کە ئەم کارگەلە هیچ پەیوەندییکی بە گیای (مانگاوەکەڵ) یان مـەلـی (گـتو ئەسارە) وە نییە بەڵکوو تەنیا نەقشی هاندەرییان هەیە. رەنگە لە گیای مانگـاوەکـەڵ جـۆرە مادەیەک ببێت کە ئەبێتە هۆی خوریکی مێینەی مانگا وهان بدرێت بۆ ئـەوەی کـە جۆتخـواز ببێت. هەروەها مەلی گۆئەسارە کە ئەویش بـە بۆنـەی جم وجـولی خـۆی ئـەبێتـە هانـدەری مانگا کە جۆتخواز ببێت.

بابەتیتر کڵک وەرگـرتن لـە گمێـزی مانگـا بۆکـاری رەنـگ رەزی و رەنگکاریـە بـەتایبـەت بـۆ مافۆرە ومەوج. شێوەی کارەکە ئاوەهایە کە ئاو لە سەر قـەزانیکـی گـەورە ئـەکـۆڵێنن وئـەم رەنگانە کە لە سرۆشتدا هەیـە وەکـوو روونیـاس، تێکـەڵاوێ دەکـەن ورەنگـڕەزی دەسـت پـێ ئەکرێت. ئەگەر گمێزی مانگا بە تەنی تەنیا بکۆڵێنن رەنگی پرتـەقـاڵی یـان نـارنجی دەسـت ئەکەوێ و ئەگەر ئاو تێا بکەن رەنگی زەردی کاڵ دەست ئەکەوێت. بۆ ئەوەی کـە رەنگـەکـە کاڵتر و روونتر ببێتەوە«سیازاخ» کە بە جەوهەرلیموویش بـە ناوبانگـە و بـەرگـی داری وەن تێکەڵاوێ ئەکەن ورەنگی کەسک بە دەست دینن.[60]

---

[60] – ئەم بابەتە لە زاری باوکم بیستوومە.کاک عەلی رۆستەمی خەڵکی گوندی باقراوای دێزگران کە سەربە شاری شابادە وخۆی جولاّیە ولە کاری خۆی پسپۆڕە؛ وەتی دۆرستە.

بۆ ئەوەی کە قەزانێک لە گمێزی مانگا کوو بکرێتەوە، ژنان بە ئەنگۆست ژێری «تـەن ten »ی[61] مانگا ئەخورێنن و مانگاکـان گمێـز دەکـەن.[62] راسـتیەکـەی وایـە کـە لـە گمێـزی هـەر ئاژەڵێگ رەنگدانەیک هەیە ولە گمێزی مانگا لە بەر فراوانـی گمێـزەکـەی ئـەم رەنگدانـەیـەش زۆرە وکاتی کوڵاندن و خەس بوونـەوە رەنگـی لـە زەرد ونـارنجیدەچێـت. هـەروەهـا لـە بـەر هەبوونی «ئاموونیاک » لە گمێز، رەنگـە کـە هـەمگیـر نـەبێـت بۆیـە «سـیازاخ» تێکـەڵاوی دەکەن کە جۆرە تێزاویکی کاڵە و ئەسەری ئاموونیاک کە «بازێک»ە تێک ئەدات و رەنگەکە واڵتر وشینتر ئەبێت و ئەم رەنگە قەت بە شۆشتن ناگۆڕدرێت و بەردەوامە. ئەگەر هـەنـدێک گەڵای داری «وەن» کە بەنیشک لێ دەگرن تێکەڵاوی ئەم رەنگە بێت؛ رەنگـەکـە ئـەگۆڕێتـە سەررەنگی شین وئەگەر روونیاسی تیا بکەن ئەبێتە رەنگی سووری شین.

ئەوەی کە شایانە باسی بکەم ئەمەیە کـە ئـەم مـافۆر و مـەوجانـە کـە بـەم شـێوەیـە رەنـگ ئەکرێت؛ جگە لەوەی کە رەنگەکەیان قەت ناگۆڕدرێت، پووتـاریش نابێـت چۆنکـە لـە گمێـزی مانگا ئاموونیاک زۆرە و هەر مەل و موورێک ناتوانێت لە ناوی ئەم مەوج و مافۆرەدا بژێـت و ئـەبێتـە هـۆی تێـک چـوونی ئـەسـپێ و مـوور کـە لـە ژیـانی کۆچـەری، بـەرفراوانـە. ئاواکـە کۆنینەناسان ئەڵێن؛ کۆنتەرین مافۆری جێهان مـافۆری «هـەرسـین»ە کـە زیـاتر لـە 2000 ساڵ پێشنەی هەیە و هێشتا بە ساقی ماوەتەوە.

رەنگە هەموو ئەوانە پەیوەندی پتەوی لە گەڵ بابەتە مێژووئیەکانی سـەردەمـی زەردەشـتەوە بێت. (ڤیلیام جۆنز) سەبارەت بە بەندی یەکم هەتاچل وشەشمی کتیبی «وەندیداد» ئەڵێ: (زەردەشت لە ئەهوورا مەزدا ئەپرسـێت: ئـەگـەر مرۆڤێـک دەسـتی بخواتـە جنـازەی مرۆڤـێ مردوو و ناپاک بێت، چۆن ئەتوانێت خۆی خاوێن بکا؟

---

[61] – تەن : مینەی مانگا.

[62] – ئەم قسەیە لە زاری باوکم بیستوومە وهۆکاری زانستی هەیە.

وەڵام ئەدرێتە پێ کە؛ ئەم مرۆڤە ئەبێ لە شوێنێکی تایبەت و دوور لە مەزداپەرەستان بمینێت و ناتوانێت بە ئاگر و ئاو وخاک وگا ودار وپیاوی خواپەرەست نزیک ببێتەوە هەتا نوو شەو لە سەرێ تێپەڕ ببێت. دووای نوو شەو؛ ئەبێ لەشی خۆی بەگمێزی مانگا بشووریت.)[63]

یان لە بەندی هەوتمی ئەم کتیبە سەبارەت بە ژنێک کە زارۆکی مردووی هێناوەتە سەر دۆنیا دەنووسێت:

(مەزدا پەرەستان ئەبێ هەسارێک لە نێو خانووەکە ساز بدەن و ژنەکە لە گەڵ هەندێک خواردەمەنی تێا دابنەن. یەکم خۆراکی ئەم ژنە گمێزی مانگا تێکەڵ بە خۆڵەمێشە، ئەم ژنە دووای سێ شەو ئەبێ لەشی خۆی لە گمێزی مانگا بگرێت ودووایی بە ئاوخۆی بشووریت.)[64]

لە بەشێکتر لەم کتیبە سەبارەت بە پاقژکەرەکان «مۆتەهەرات» ئەڵێ:

(لەش بە چووار شت پاک ئەبێتەوە، یەکم؛ شۆشتنی لەش بە گمێزی مانگا وپەز دووهەم؛ شۆشتن بە ئاو و گمێزی مانگا سێهەم؛ خوەندنی کەلامی ئیزەد، چووارم؛ لێدان بە شەلاخ)[65]

سەبارەت بە مانگا وگمێزی مانگا لە ئەڤیستا باس زۆرە و هەر ئەوەندە بێژم کە بە پێ کتیبی وەندیداد هەشتا لە سەدی بوونەوەرەکان لە رەگەزی مانگایە.

**مـتوش müş** : مشک لە هەموو شوێنێک دا دەژێت و دوو جۆرە مشک هەیە مشکی ئاوی و دەیمی. ئەوەی لە ماڵ دەژێت هەربە گشتی متوش یان مشکی پێ دەڵین وئەوەێ کە لە کشت و کاڵدا دەژێت مـتوش کووری پێ دەڵێن کە لە ژێری زەویدا لانە دۆرست ئەکا و

---

[63] – تەفسیری ئەوستا نووسراوەی «جیم د.مستتر» وەرگێڕانی «د. مووسا جەوان» لاپەڕەی 76 چاپی دووهەم_ دنیای کتاب.

[64] – هەمان سەرچاوە. لاپەڕەی 77.

[65] – هەمان سەرچاوە.

ئەوەیکە لە گەنیاوەکاندا دەژێت «گرزە»ی پێ دەڵێن و ئەوەی کە لە تەپۆڵکەکان و چیاکاندا دەژێت «رسک»ی پێ دەڵێن کە زیاتر لە قەڵا کۆنەکان و قەبرستانەکان ئەژێت.

باوەڕێک سەبارەت بە مشک هەیە وئەڵێ کە ئەگەر کەسێک مارانگاز بێت، مشک لە سەر لەشیدا باز بداتەوە، ئەو کەسە بە بێ دوو وسێ ئەمرێت. پەندیکی پێشنان هەیە کە ئەڵێ:

(مێوش وەتە مار : لە تۆ گاز، لە من باز)

هەروەها بیستوومەکە خۆڵەمێشی مشک بۆدەرمانی کەچەڵی باشە. باوەڕێکیتر سەبارەت بە مشک هەیە،کە وا ئەگێڕنەوە «رسک» لە سەر خەزینە کولانە دۆرست ئەکا و تێا دەژێت.

ئەم باوەڕە تا رادەیەک راستە وچەند جاربیستوومە کە لە دەرگای کولانەی رسک، ئاڵتۆن و مۆرەی کۆنینە بە دی کراوە. راستیەکەی وایەکە رسک لە شوێنگەلیدا دەژێت کە لە پێشوو ژینگەی مرۆڤ بووە وئیستە خاپوور وکاول بووە. دوور نییە لە کاتی کولانە دۆرست کردن لە سەر خەزینەدا بڕوات و لێ بخاتە دەرێ. رسک لە هەموو مشکەکان قەڵەوترە وپەندیکی پێشنان هەیە ئەڵێ:

«منێدە رسکْ بانْ خەزینە».

کە مەبەست مرۆڤی قەلەو و زڵهۆرتە. جۆرە مشکی تر هەیە کە مێوش خورمای پێ دەڵێن. مێوش خورما لە راستیدا مشک نییە بەڵکوو«قاقم»ە. مێوش خورما تەنیا مشکێکە کە خۆراکی گۆشتە و باڵندەکانی وەک چۆڵەکە، جوجەڵە و مرێشک ئەخوات.

باوەڕێکتر سەبارەت بە مشک، باسی«خاکڵەمێوشان»ە. خاکڵەمێوشان بریتیە لە ئەو خاکە کە مشکی کوێر لە کشت و کاڵ وەکوو تەپۆڵکەیکی بچووک دۆرست ئەکا و ئەوەش بۆ دەرمانی نەخۆشی«کەوڵە»یە. کەوڵە نەخۆشییکی میکرۆبیە کە کەلەمە ئەخاتە چاوی میشنە وئەنگۆستی ئێنسان. خەڵک بە عام دەڵێن:

ئەگەر کەوڵە لە ئەنگۆستی دەست یان پێ بکەوێ؛ خاکڵە مۆشانی تازە لێ بگرێت باش ئەبێتەوە.[66]

رەنگە لە خاکی زەوی مادەیەک هەبێ کە دژێ نەخۆشی کەوڵە بێت. بۆ زانیاری زیاتر بنواڕە بەشی نەخوشیەکان «نەخۆشی کەوڵە».

بابەتیکیتر سەبارەت بە خاکڵەمۆشان ،جۆرە خاکڵە مۆشانێکە کە لە پاێ چیاکان دەست ئەکەوێ و رەنگی خاکەکە سپیە و بۆ دەرمانی «وایَ ستویەر» زۆر باشە.[67]

«وایَ ستویەر» [68] کە لە فارسیدا «بادسرخ»ی پێ دەڵێن نەخۆشییکە کە لە سەر گوونا و دەم و چاو کارێگەریی هەیە ولە ئەسەری گەرمای خۆرە کە «سەوین»ی پێ ئەڵێن و ئەوەش توودەی هەوای گەرم و وشکە کە کشت و کاڵیش وشک دەکا وخوێنی سەرگوونا فاسد ئەبێ و دووائی بە سەنگی چەخماخ سەرگوونا ئەرێنن و زالۆی لێ ئەخەن تا زالۆ خوێنی فاسد و گەنیاو بخوات و دووائی بە خاکی خاکڵە مۆشانی سپێ کە ئەڵەک کراوە، سەر گوونا و زامێ گوونا ئەپۆشێنن. بۆ زانیاری زیاتربنواڕە بەشی نەخۆشیەکان «وایَ ستویەر».

**مەلۆچگ melüçig**: مەلۆچگ یان چۆڵەکە باڵندەیکە کە لە هەموو مەڵبەند وگوندەکانی کوردستان دا دەژێ و هەرچەندەکە گۆشتی کەمە بەڵام کەبابی چۆڵەکە زۆر بە تامە. خەڵک بە عام دەڵێن کە گۆشتی سینەی چۆڵەکە بۆ منداڵێک کە تازە ددانی دەر هێناوە باشە و ئەبێتە هۆی بەردەوامی و ماندوویی ددانی منداڵ. هەر وەها پیەی چۆڵەکە بۆ ئێشی گوێ باشە و پیەکەی ئەتاونن و لە گوێ دەکەن و ژانی گوێ ساکت ئەبێتەوە. ئەڵبەتە چۆڵەکە

---

[66]–ئەم بابەتە لە دەمی باوکم بیستوومە.

[67] – ئەم بابەتەش لە دەمی باوکم بیستوومە.

[68] – ئەم بابەتە لە دەمی باوکم بیستوومە.

ئەوەندە پیەی نییە بەڵام جۆرە چۆڵەکەیک هەیە کە «مـەلـتۆچـک زەردە» پـێ دەڵـین ولـە چۆڵەکە گەورەترە وگۆشتی لە رەنگی زەرد دەچێ و پیەی زۆرە. جۆرە چۆڵەکەیک تر هەیـە کە «جقە» پێ دەڵین ولە گـەڵ جقـەی حـەرام گۆشـت کـە بچووکـە و رەنگـی رەش وسـپییە جیاوزە و وەک«بوورەپەڵ» و «کوڵکولاوە»ە. بۆ نەچیر کردنی شێوەیکی تایبەتـی بـە کـار دێنن و ئەوەش جۆرە دامێکە کە «تلانجق»ی پێ دەڵێن. تلانجق بریتیە لـە باقـە یـان نـەی کە بە دریژائی دوو یان سێ بنگۆست لـەتـێ ئـەکـەن و بـە قـەد یـەک بنگۆسـت دەمـی دوو لەتەکە لە یەک باز ئەکەن و لەتە چێوێک کە«سـیت»ی پـێ ئـەڵـێن لـە نێـوانی ئـەنـێن کـە ئەگەر«سیت» بکەوی دوو سەری باقەکە بە قەوەت ئەبەسترێت. ئەم تلانجقە لـەسـەرشـاخی دارەکانی چڕ و پڕ هەشاردەکەن وهەر کاتێک جقـە لـە سـەر تلانجـق دا بنیـشێ و وردە وردە بەرەو سیت بچێت، سیت وەکوو «زامنی کەوان» لەق ئەبێت ودەرئـەچێـت وجقـە لـە نێـوانی دوو لەتی تلانجق گرفتارئەبێت. لەکاتی نـەچیـر کـردن، نـەچیـروان لـە بـەر خۆیـەو ئـاوازێک دەخوێنی و ئومێدواری ئەدا بە خۆی کە ئاوازەکەیە وایە:

تلانجق بچەق،جقە سووارە  سیت بەرتەڵەک لە دۆر دیارە

هەلارو مەلار،جقە بخە خووار  هشکن ومشکن ، قولەیلێ بشکن[69]

ئەم ئاواز خوێندن وئومێدواری بە خۆدانە لـە کـات قارچکـە پـەیدا کـردنیش هـەیـە. خـەڵـک دەڵین قارچگە لفی هەیە وبە تەنیـائی شـین نابێـت بۆیـە کاتێـک قارچگێـک پـەیدا ئـەکـەن، تێڕوانینی دەور وبەری دەکەن و لە بەر خۆیانەوە ئەخوێنن:

«کانە کانە  لفێ بخە ئی بانە»

یان ئەڵێن:

«لفێ لفێ  هەڵکفێ».

---

69 – ئەم بابەتەلەزاری«حاج عیسا ئسفەندیاری»خەڵکی گوندی باقراوی دێزگران کە ئێستە دانیشتووی شابادە و تەمەنی لە نەوەد تێپەڕ بووە بیستوومە

هەروەها مێشکی چۆڵەکە بۆ دەرمانی ناتەوانی پیاو زۆر بە ناوبانگە و خەڵک بە گشتی لە سەر ئەم باوەڕەن کە هەر کەس مێشکی چۆڵەکە بخوات؛ تەوانی جنسیی ئەچێتە سەرەوە.

**مێەسهەسەڵ mêes heseĺ**: مێەس هەسەڵ یان مێشەنگوێن لە لای خەڵکان وەک گیانلەبەریکی موقەدەسە و خەڵک بە عام دەڵێن ژەهری مێشەنگوێن بۆ دەرمانی رۆماتیسم باشە. رەنگە لە ژەهری مێشەنگوێن جۆرە تێزاوێک بێت کە بۆ رۆمانتیسم باش بێت. خۆدی هەسەڵ یان هەنگوێن خۆراکیکی بە قەوەتە وخاسیەتی دەرمانیی هەیە. هەروەها مۆمی هەنگوێن لە فەرهەنگی کوردەواری زۆر بە کاری دێنین بۆ نموونە بۆ دۆرست کردنی کەوان؛ رێخوڵەی پەس لە مۆمدا دەئاخێنێن تا کوو ژێدار[70] ببێتەوە هەروەها مۆمی هەنگوین وەک «بوو بڕ» بە کاری دێنێن ولە زۆڵفی کۆرپەی ساوا ئاوێزان دەکەن تا ئەو نەخوشی گەلە کە لە رێگەی بۆنی خەرابەوە کاریگەریی لەسەر کۆرپەکان هەیە، پووچەڵ بێت. دەرمانێکتر لە مۆمی هەنگوێن بۆ ئێشی ددانە. ددانێک کە کولوور بووە وئێشی هەیە، مۆمی هەنگوێن تێا دەکەن وئێشەکە ساکت ئەبێت. هەروەها ئەگەر ددانێک بکەوی یان لەق بێت سەر لە نوو ددانەکە لە شوێنی خۆی دائەنێن و بەقەد کەوچکێک هەنگوێن و مۆم لە پێی ددانەکان ئەگرن و وەک رۆژی یەکم سفت ئەبێتەوە.

هەروەها لە دۆنیای سەردەم، لە ژەهری مێشەنگوێن بۆ بەر گیری لە نەخۆشی «ms » کڵک وەر ئەگرن. هەر وەها مۆمی هەسەڵ لە گەڵ رۆنی دان ئامێتە دەکەن و وەک گلیسرین بۆدەرمانی تەرەکی دەست و پێ بە کارێ دێنن.[71]

---

[70] - ژێدار: انعطاف

[71] –ئەم بابەتە لە دەمی کاک عەبدۆلا عفەتی بیستوومە.

**وراز wiraz** : وراز یان بەراز گیانلەبەریکە کە زیاتر لە کوێستانان و مەرغەزاران دەژێت.

خواردنی گۆشتی بەراز لای هەمووان باب نییە و زیاتر لای گەلی یارستان بابە. گەلی یارستان بە گشتی ئەڵێن کە گۆشتی بەراز «حەکیمە». سەبارەت بە بەراز چەند باوەڕ هەیە کە ئەڵێن:

پێستی بەراز بۆ دەرمانی نەخۆشی«ژان و ژوو» یان رۆماتیسمی ئیسقانی باشە. ئەوانەی کە تووشی ئەم نەخۆشیە ئەبن؛ ئەبێ رووت ببنەوە لە تۆتۆی پێستی بەراز کە تازە نەچیر بووە بچن. باشە کە بزانین گەرمای لەشی بەراز زیاتر لە هەفتا دەرەجەی سانتیگرادە. یان خەڵک بە عام دەڵێن کە خواردنی گەدەی بەراز یان«قووزی»یەکەی[72] بۆ دەرمانی نەخۆشی شێرپەنجە زۆر باشە.

هەروەها زیەڵەی بەراز بۆ دەرمانی مارانگاز زۆر باشە و خەڵکان ئەڵێن ئەگەر مارانگاز هەندێک لە زیەڵەی بەراز بخوات؛ باش ئەبێتەوە. بابەتێک تر سەبارەت بە فرمێسکی بەرازە کە خەڵک ئەڵێن ئەو کاتە کە بەرازێک نەچیر ئەکرێت، فرمێسکیچاوی زۆر بۆنخۆشە و وەک«مۆشک»ە و هەتا چەند رۆژ بۆنی هەیە.[73]

باشە بزانین کە گۆشتی بەراز بۆیە مەکرووهە کە لە لەشی بەراز جۆرە کرمێک هەیە کە «تریشین»ی پێ ئەڵێن و ئەگەر بە باشی نەکوڵێنن ئەو کرمە لە گەدە و ریخۆڵە جێگیر ئەبێت و هەتا دووانزەمتر دریژ ئەبێت.

---

[72] – قووزی: پێزە، پێز

[73] – ئەم چەند بابەتە لە دەمی کاک ئەیووب شەریفی بیستوومە.

## هەندێک بیر و باوەڕی جیاواز

**ئاش aş** : ئاش بریتیە لە خواردەمەنییک کە خەڵکان دۆرست دەکەن بەڵام لای خەڵکی باشووری رۆژهەڵات دۆرست کردنی ئاش تایبەت بە مەراسیمێکە لە بۆ نەزر و نیازە. بۆ نموونە پاڕووکانە و چلەبڕانە و دیان ڕووکانە و دانەکولانە و ... هتد کە هەموویان تایبەت بە مەراسیمێکە کە لە پێشوو باسمان کرد. یەک لەوانە دانەکولانەی سەر پەچیەیە.

ئەم ئاشە لە کاتی خۆی کە لە سەرەتای‌مانگی گەلاوێژ و کوتایی مانگی خەرمانانە؛ واتە ئەم کاتەی کە ران و مێگەل جۆتخوازە دۆرست ئەکرێت. شووانان ومەڕداران لەم کاتە ئاشێک دۆرست ئەکەن کە دانەکولانەی سەر پەچیەی پێ ئەڵێن کە بریتییە لە گەنم و نێسک و نۆک و... و لە کاتی ئێوارە لە پاڵی ئاخوڕی ران لە بار ئەنێن و بە باشی ئەیکۆڵێنن و باوەڕیان وایە کە کاتێک کە دانەکولانە قوڵ ئەدا؛ ران ومێگەڵ ئەکەوێتە «قوڵ وەرەن qwĺi weren » و مێینە جۆتخواز ئەبێت ودوواییش چەند مشت لەم ئاشە ئەپاشنە سەر رانەکە و ئەودووایی لە نێو خزم و دراوسێ بڵاو دەکەنەوە.[74]

**ئاڵ aĺ**: ئاڵ یان «هاڵ» لە نێو فەرهەنگی کوردەواری باوەڕێکی زۆر بە قەوەتە. خەڵکان بە گشتی ئەڵێن:

---

[74] – ئەم بابەتە لە دەمی کاک عەبدۆلا عفەتی بیستوومە و باوکمیش وەتی راستە.

ئاڵ بوونەوەرێکی نادیارییە کە دوژمنی ژنی زاورانە و لە کاتی زایمان دێتە سەر زاوران و دڵ و جەگەری ژنەکە ئەخوات وئەبێتە هۆی تێکچوونەوەی ژنەکە. خەڵک بە عام لە سەرئەم باوەڕەن کە ژنی پابە مانگ دوودڵ و جەگەری هەیە و لە هەر زایمانێک ئەوەی کە پێس بووە لە گەڵ منداڵەکە دێتە دەر.

ئاڵ لە راستیدا بوونەوەریکی خەیاڵییە و هەر وجوودی نییە. ئەوەی کە شایانی باسە ئەمەیە کە ئەڵێن«ئاڵ» کچی پەیغەمبەرێک بووە کە تووشی غەزەبی باوکێ بووە و لە بنەماڵە دەریان کردووە و هەر ئێستەش بە کچی ماوەتەوە و سوێندی خواردووە کە تۆڵەی خۆی لە ژنی پا بە مانگ و زارۆکەکەی بکێشێت. بۆیە لە ئاسمانەوە خول ئەخوات و لە هەر کوێ کە ژنێک پا بە مانگ بێت و کاتی زایمانییە، دێتە دەرگای ماڵەکەی و رائەوەستێ وکاتێک کە منداڵەکە هاتە سەر دۆنیا بە جارێک دڵ و جەگەری ژنەکە ئەیباتە ئاسمان وئەخوات.

بۆیە ئەوانەی کە چاودێری زاورانەکە دەکەن، خنجۆکێک لە ژێری جل وبەرگی خۆیان هەشاردەکەن و دووای پەیدا بوونی منداڵەکە زوو بە زوو دڵ وجەگەری پێس بووی ژنەکە لە ژێری خاک هەشاردەکەن و لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئاڵ نەیتوانیوە دڵ وجەگەری زاورانەکە بباتە ئاسمان.

راستیەکەی وایە کە ئەوەی کە ئەڵێن دڵ و جەگەری پێس بووە؛ «جۆت» یان«کیسەی ئامینۆن»ە کە پێزە لە تۆی ئەم کیسەیە پەروەردە ئەبێت وهیچ پەیوەندییکی بە دڵ و جەگەری زاورانەوە نییە و هیچ گیانلەبەرێک دوودڵ و جەگەری نییە.

لە نێو لوڕەکاندا باوەڕێک هەیە کە ئەڵێ:

بۆ ئەوەی کە ئاڵ سەر لێ شێواوە بێت و نەتوانێ دڵ و جەگەری زاورانەکە بیبات؛ بزنێک بە رەنگی سوور و زەرد کە«مڵەوی miĺewî»ی پێ ئەڵێن سەر ببڕن ودڵ وجەگەرە کەی لە سەرستۆنی رەشماڵێک ولاشەکەی لە بەرزاییک دابنەن تا ئاڵ بە راستی تێنەگەی کە کام دڵ وجەگەری زاورانە.

باوەڕیک تر ئەڵێ کە بۆ ئەوەی کە ئاڵ بە زاوران و زارۆک نزیک نەبێت؛ یەک بست چووی داری تاوی و یەک کەوچکە خوێ و دانەیک پێوازی سوور لە کیسەیک بکەن ولە بەر دەرگای ڕەشماڵ بۆ ماوەی چل ڕۆژ ئاوێزان بکەن تا ئاڵ پەلاماری زاوران و زارۆک نەبا.

باوەڕیکیتر ئەڵێ: بۆ ئەوەێ ئاڵ لە زاوران دوور ببێتەوە، ڕەسەنێک کە ڕەنگی ڕەش و سپێ تێا بێت و چاکڵی لە سەر بێت یان «کەشی» کە جۆرە ڕەسەنیکی پانە لە چووار دەوری زاوراندا ببەستن و سۆژنێک لە سەرِ سەروێنەکەی زاوران بدەن و باوەڕیان وایە کە ئاڵ لەوە دەترسێت.

هەروەها لە کاتی زایمان کەسەک کە بەشی ئاڵی هەیە دێت و لەچکەکەی خۆی ئەبەستێتە سەری زاوران و باوەڕیان وایە کە دی ئاڵ دوور ئەبێتەوە.[75]

**ئەسپ esp**: خەڵک بەگشتی ئەڵێن کە ئەگەر ئەسپ تووشی دڵ ئێشە ببێت، ئەبێ لە دەوری گۆڕستانێک خڕێ بدەیت تا باش ببێتەوە. هەروەها ئەڵێن ئەگەر ئەسپێک تووشی نەخۆشی ئاکڵە یان«سڵ» ببێت ئەبێ «قەوزاخ»ی پێ بدەی. قەوزاخ بریتیە لە جۆرە «جۆڵبەک»ێک کە لە ئاوەکاندا شین ئەبێت.

**ئەرەقْ کەمەر ereqi kemer**: ئەرەقی کەمەر زیاتر لە قەراخی راخ و کەمەرەکانی کێوەکان دەست ئەکەوێت و وەک لیموو ڕەنگی بوور و سەوزە. خەڵک ئەرەقی کەمەر ئاسیاوێ دەکەن ولە گەڵ ئاو تێکەڵاوێ دەکەن و بە جارێک هەموو ئاوەکە ئەگرێتە خۆی و وەک گەچ کە بکرێتە ئاو و باز ببێتەوە، باز ئەبێت و مەڵاتێک لە ڕەنگی سەوز و سوور

---

[75] – ئەم بابەتە لە کاک عەبدۆڵا عفەتی بیستوومە.

دۆرست ئەبێت کە لە پشتی نەخۆش ئەیگرن ولە سەر ئەم باوەڕەن کە بۆ دەرمانی کەمەر ژان باشە.[76]

**باران baran** : بۆ بارێنی باران چەندەها باوەڕ و داب و نەریت هەیە کە بەر چاو تەرینیان گەمەی «پلان»ە.

پلان بریتییە لە گەمەیەک کە لەوێ دوو دەستە لە بەرانبەری یەکدا ڕەزم ئەکەن و هەر تیپ سێ دانە سەنگ یان پەڵ دائەنێن وبە سەنگی تر پێیان ئەخەن و ئەبێ لێیان بدەن و سەرنگۆنیان بکەن. خەڵک بە گشتی لە ڕۆژی سێنزەهەمی خاکەلێوە کە بە ڕۆژی«سێنزە وەدەر» بە ناو بانگە ئەم گەمەیە ئەکەن و باوەڕیان وایە کە زەمین ئەلەرێتەوە وبارانی فراوان یان«پەڵە»ی بەهاری ئەبارێت. داب و نەریتیکی تر«کووسەوەیلگە»یە کە بۆ پێ زانینی زیاتر بنواڕە «کووسەوەیلگە».

بابەتیکی تر«پلۆوسک»ە کە بۆ پێ زانینی زیاتر بنواڕە «پلۆوسک».

**بنکڕ binkir̂** : خەڵک بە گشتی لە سەر ئەم باوەڕەن کە هەرکەس بنکڕ یان بندێک بخوات، لە زەماوەندەکەی باران ئەبارێت.

**بەسان besan** :بەسان یان بەسیان باوەڕیکە لە نێو کوردەواری وبریتی لەوێ کە زاوا لە شەوی زەماوەند نەتوانێت نزیکی بە بۆک بکاتەوە. خەڵکان بە عام لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئەگەر ویستت کە زاوا ببەستی کلیلکی نوێ بە نییەتی زاوا چفت بکەیت. باوەڕێک تر ئەڵێ کە بۆ ئەوەی زاوا ببەستیت؛ لەتە پارچەیەک کە بەرگدوور بۆ زاوا ئەبرێت گرێ بدەیت.

---

76 – ئەم بابەتە لە دەمی باوکم بیستوومە.

**پاژمەرگە pajmerge** :منداڵێک کە دووای فەوتانیباوکی بێتە سەر دۆنیا«پاژمەرگە» یان «سەرەخوەر»ی پێ ئەڵێن. ئەگەر بێانەوێ بەشێک لە خواردەمەنییەک بۆ کەسێک دابێن بکەنکە لەوێ نییە، بۆئەوەی کە حەرامی خۆراکەکە نەخوات؛ بە دەنگی بەرز ئەڵێن:

ئەم خۆراکە بەشی فڵانە کەسە«ناوی پاژمەرگەکە» ئەیبەن، هیچ حەیوانێک ئەم خۆراکە ناخوات.

**پڵووسک plûsk** :پڵووسک یانچەمەت بریتییە لە چێوی ئەستوور کە لە کاتی سووتان وەک مەشخەڵ ئەتوانی لە دەستدا بگریت. لە کاتی کەم بارانی کەسێک کە لە بواری کەسایەتیەوە لە پلەی سەرێک بێ پڵووسکێک لە دەست ئەگرێت و کراسەکەی چەوارشە لە بەر دەکا و دەرگای هەفت ماڵ ئەتەقنێ و بێجگە لەوەی کە وەک گەدا شتێکێ لێ گەرەکە،لە خاوەن ماڵ داوا دەکا ئاولە سەر پڵووسکەکە بڕژێنێت وخۆیشی بە بەرد لە پڵووسکەکە ئەدات وباوەڕیان وایە کە باران ئەباریت. رەنگە ریشەی ئەم باوەڕە لە ئاینی زەردەشتەوە هاتبێت. 77

**تەو ولەرز tew û lerz** : بۆدەرمانی نەخۆشی تەو و لەرز ؛ خاکی کوانوو کە رەنگی سوور بووەتەوە، بەیانان و بەر لە نانی بەیانی بە قەد یەک کەوچکی بچووک لەم خاکە ئەیدەنە نەخۆش و دووای یەک دوو رۆژ کە ئەو کارەیان کرد، نەخۆش باش ئەبێتەوە. ئەبێ بزانین کە ئەم شێوەی دەرمانە تەنیا لە لایەن کەسانەهایەک بەرێوە ئەچێ کە بەشی نەخۆشی تەو و لەرزیان هەبێت.

لە گوندی «قەلاێ هەرەسەم» خاتوونێک هەبووە بە ناوی «ماە بانوو» کە بەشی ئەم نەخۆشییەی هەبووە و خەڵکان بەر بەیانان چوونەتە لای وئەم خانمە بە پەمۆ خڕخاڵیان بۆ

---

77 – ئەم دوو بابەتە لە دەمی کاک قودرەت دارابی بیستوومە.

دۆرست كردووه و له دەستی راستیاندا بەستووه ودووایی لەم خاكە پێیان داوه و باش بوونەتەوه.[78]

**دێان dêan** : خەڵكان به گشتی له سەر ئەم باوەڕەن كه ئەگەر ددانێك كه لەق بووه دەریێ بێنین له سەر ماڵێك كه ژنی بارداری تێایه فرێ بدەن بەو مەرجه كه بێڵێی مندالە كەی كوڕێك بێت؛ ئەو ژنه ئەبێته خاوەنی كوڕێك. هەر وەها كاتی فرێ دانی ئەڵێن :

گۆنه بچوو زەرینه بەو

**جاڕوو carû** : خەڵك به گشتی له سەر ئەم باوەڕەن كه ئەگەر به جاڕوو یان گزێ یان گسك له ناو شانی لاوێك بدەیت؛ تەمەن دریژ نابێت.

**جنازه cinaze** : خەڵك به عام له سەر ئەم باوەڕەن كه بۆیه پەزێك له پێی جنازه سەرئەبڕن كه «سەگی حەوەش» یان «غولەی حەوەش» خۆی خەریكی خوێنی پەزەكه بكات و له دۆی جنازەكه نەكەوێت. هەروەها بۆیه له سەرگڵكۆی تازەمردوو ئاگرروون دەكەن تا فرێشتەی حسێبگەر بتوانێت به باشی هەموو شتێك ببینێت.

وا بزانم ئەم باوەڕه ریشەی له ئائینی زەردەشتی بوو بێت.

**خاك xak** : خەڵك به گشتی له سەر ئەم باوەڕەن كه خاك«مەیل بڕ»ە. بۆیه كاتی كەفن ودەفن كردنی مردوو مشتێك له خاكی گۆڕەكه له سەرسەری منداڵان و خزمانی مردووەكه دەكەن تا كەمتر بیر له سەر مردووەكه بكەن. هەروەها خاكی«ئەڵحەیّ» یان«لەحەد» له

---

78 – ئەم بابەته له دەمی باوكم بیستوومه.

خاکەکانی تر جوودا ئەکەن و دووای بە خاک سپاردنی مردووەکە لە سەر گڵکۆەکەی دەکەن و باوەڕیان وایە کە خاک سەنگینی خۆی لە سەرجنازەکە لا ئەدات.

هەروەها خەڵک بە گشتی لە سەرئەم باوەڕەن کە ئەگەر خاکی ژێری پێی مرۆڤی«سەونسرٍ» یان ڕێباخوار بکەیتە سەر باڵۆکە؛ تێکیان ئەدات.

**خەرمان xerman**: خەڵک بە عام بۆ پاراستنی خەرمان لە چاوی بەد؛ هێلکەیک لە سەر ماسییەکە دائەنێن و چێوێک لە کۆنی مۆرەی کەو کە کوژەکی پێ ئەڵێن ئەکەن وتەپۆڵکەێک لە شیاکەی مانگا ئەکەنە سەر مۆرەکە و وەک داوڵ لە سەرماسییەکە دائەنێن.[79]

هەروەها لە کاتێک کە گەنم لە ماسییەیە و مەڕ و ماڵات، بە تایبەت مانگا و وڵاخ لەم دەڤەرەدا هەیە نابێ بە دەنگی بەرز لایان بدەین چۆنکە پیتی خەرمان ئەبرێت.[80]

**چەمەری درەو çemerîdirew** :چەمەری درەو یەکێک لە نەریتەکانی سرنج راکیشی کوردەوارییە کە بە داخەوە نەناسیار ماوەتەوە. ئەم نەریتە بریتی لەوەیە کە ئەگەر وەرزێرێک زار وزەوی فراوانێک بکاڵێت و دووایی نەتوانێت درەوێ بکا تووشی داڵغە ئەبێت و نەخۆش ئەکەوێت. خەڵکان بۆچارەسەر کردنی ئەم نەخۆشییە بە گەلەوە ئەچنە سەر زەویەکەی وبۆی درەوێ ئەکەن ودووایی نەخۆشەکە لە ناو زەویەکەیەوە ئەچەرخێنن و نەخۆش بە چاوی خۆی ئەبینێت کە مەزراکەی درەو بووە وباش ئەبێتەوە. هاوکات لە گەڵ دروێنە کردن دەهۆڵ و زۆڕنای لێ ئەدەن وبەیت ئەخوێنن بەڵام شێوەی بەیتەکان قەت لە چەمەری ناچێت وخەڵکان خۆیان لە قۆڕ ناگرن. لێرەدا پڕ بە دڵ سپاسی بەرێز

---

[79] – ئەم بابەتە لە دەمی کاک قودرەت دارابی بیستوومە.

[80] – ئەم بابەتە لە دەمی کاک عەبدۆڵا عفەتی بیستوومە.

«غۆلامحسەین مۆحبی»دەکەم کە کورتە فیلمیک لە سەرئەم بابەتە دۆرستکرد ولـە دەنـگ و رەنگی کرماشان بلاوی کردەوە.

**چەو پەڕیان çew peȓyan** :خەڵک بەگشتی لە سەرِ ئەم باوەڕەن کە ئەگەر پێڵـەی چـەو بجوولێتەوە یان مێوان لە رێگەی دوور دێت یان لێقەومانێک لە رێگەیە.ئـەگـەر چـاوی راسـت بپەڕێت؛ خەبەریکی خۆش لە رێگەیە و ئەگەر چاوی چەپ بێت؛ لێقەومانیکە.

**چینی çînî** : چینی یان فەغفوور بە عام بۆ دەرمانی کەچەڵی کلّکی لێ وەردەگرن ئـەوەش بەم شێوەیە کە بە باشی وردێ دەکەن ولـە پارچـەیـەکـی نـەرم دائـەکـەن و لـە سـەرسـەری کەچەڵ یان گەرِ ئەماڵێن، کە خوێن لێ کەوتە رێ؛ دووایی بە هەویر ورۆنی دان ئـەیپۆشـێنن و باوەڕیان وایە کە باش ئەبێتەوە.

**زڵف zilf** : بە گشتی مۆی سەری نەچینراوە زڵفی پێ ئەڵێن وئەوەی کە چینـراوەیـە گـیس پێ ئەڵێن. ئەوەی کە ئەکەوێتە بەری سەروێـن یـان لـەچکـە؛ قـاوی پـێ ئـەڵـێن و ئـەوەیکـە چینراوە و ئەکەوێتە پشتی سەروێن؛ پەلگی پێ ئەڵێن. لە فەرهەنگی کـوردەواری گـیس؛ بـە تایبەت گیسی دایک تەقەدۆسی هەیە و سوێندی پێ ئەخـۆن. خـەڵـک بـەعـام لـە سـەر ئـەم باوەڕەن کە ئەگەر کچی ئازاو لە کاتی سەر شانە کردن زڵفی بکەوێتـە گریـە؛ دەزگیرانـێ بـۆ دێت. هەر بۆیە لە دێرە شێعرێک دەڵێن:

تاڵێ لە زڵفت کەفتێەسە گریە          وە گولاو بشوورەێ، بگرەێ لە خنیە

**زوو zû** : زوو بریتیە لە ناوەندیلکەی مۆی سەر. خەڵک بە گشتی لە سەر ئەم بـاوەڕەن کـە ئەگەر کەسێک دوو زوو لە سەری بێت، دوو ژن ئەخوازێت.

**زەڕینەوسیمینە zerîne û sîmîne** : پەلکەزێڕینە یان زەڕینە وسیمینە لە راستیدا «تەیفی نوور»ە کە شتیکی سرۆشتییە وهیچ حکمەتیکی نییە.

خەڵک بە گشتی لە سەرئەم باوەڕەن کە ئەگەر کەسێک خۆی بە زەڕینە و سیمینە بگەینێت و گمێزێ تێا بکەیت؛ بە ئاواتی خۆی ئەگەییت. هەروەها ئەڵێن کە ئەگەر کچ یان کوڕ خۆی پێ بگەینێت ئەگەر بێەوێت کە جنسییەتی خۆی بگۆڕێنێت، بە ئاواتی خۆی ئەگەییت.

**زەۆلەرزە zeülerze** : سەبارەت بە بوومەلەرزە یان زەمین لەرزە باوەڕێک هەیە کە ئەڵێ:

ئەگەر کاتی زەمین لەرزە؛ بە تایبەت لە شەوانە، وریا بوویت ودەستت لە سەر ئەرز دابنەیت و نییەت بکەیت کە ئەم دەستە لە سەر هەرئێش وژانێک قەرار بگرێت باشێ بکەیتەوە؛ هەروا ئەبێت.

ئەم ڕەوایەتەی خووارە لە دەمی باوکم بیستوومە کە ئاماژە بەوە دەکا :

ئەو کاتە کە لە گوندی «سەرچەم، هەوارگەی ئێڵی زەنگنە بووە» بووین؛ ژنێک بە ناوی «خاوەر» بوو کە تووشی دڵ ئێشەیکی خەراپ بوو و ئەو کاتەش پزیشک و دەوا ودەرمان نەبوو، هاوردیانە لای«نوور بانوو» کە ئەبێتە دایە گەورەی خۆم«نووسەر». ئەویش دەستی لە سەر دڵی دانا و دۆعای دەخوێند و دووای ماوەیەک باشەوە بوو.[81]

**ژن jin** : لە باشووری ڕۆژهەڵات باوەڕێک هەیە کە ئەڵێ: ئەگەر ژنێک کە منداڵی چلیاری هەبێت و وەکوو مێوان بچێتە زەماوەندێک؛ لە زەماوەندەکە شەڕێک دەست پێ دەکەییت. هەروەها ئەگەر ژنی چلیار بە بچێتە سەرمرێشکی کڕ؛ هەموو جۆجەڵەکانی ئەمرێت. باوەڕێک

---

81 – خاوەر باوەژنی ئەلانوور و شاواز بووە کە ئەم دوو کەسە ئەم ڕەوایەتەیان بیستن، وەتیان راستە.

تر ئەڵێ: ئەگەر لاوێک لە نێوانی چەند ژن رابووریێت؛ تەمەنی کەم ئەبێتەوە. هەروەها بیوەژنی لاو؛ پێڵاوی هەرکەس لە پێ بکات مارەی ئەکەوێتە سەری خاوەن پێڵاکە.[82]

**دۆدی düdî** : خەڵک بە گشتی بۆ دوور کردنی دووکەڵ لە خۆیان ئەڵێن: دۆدی نەو، نان و کەرە دەمەپێد.

نموونەیکیتر بانگ کردنی بایە کە ئەڵێن: (کوڵەجم کوڵەجم، واگە بجم) و دووایی فیکەیەک ئەکیشن و شنەی با دەستپێدەکەیت.

**دەردی دەردی derdî derdî** : دەردی دەردی بریتییە لە دەرد و بەڵا دوور کردن لە خەڵکی گوند. خەڵک بە گشتی لە سەرئەم باوەڕەن کە هەرکەس کە کاریکی خەراپە کردووە یان گەندەڵییک کردووە؛ ئەبێتە هۆی چارەڕەشی و پیت چوونی خەڵکی ئەم گوندە، بۆیە گەندەڵی ئەو کەسە بە شێوەی شێعریەوە ئەیڵێنەوە و ئەگەیننە گوندی دراوسێ ئەمگوندەش بۆئەوەی کە تووشی چارەڕەشی نەبن هەندێک شێعر ئەیخەنە سەرێ و ئەگەیننە گوندی دێکە و هەروا دووایی هەیە.

**دەس des** : خەڵک بە گشتی لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئەگەر کەفی دەستی راست بخورێت؛ رووزیت ئەرەسێت و ئەم دەستە لە هەنی منداڵی تێنەگەیشتوو ئەماڵێن و لە سەر ئەم باوەڕەن کە منداڵ پاکە و گوناحی نەکردووە و ئەم رووزیە لە چارەنووسی ئەوە.

**دێو وجن dêw û cin** : گیانلەبەریکی خەیاڵییە و قەت وجوودی نییە. سەبارەت بە دێو وتار زۆرە بەڵام خەڵک بە گشتی لە سەرئەم باوەڕەن کە دێوکاتی زایمان؛ منداڵەکەی لە نێو

---

82 – ئەم چەند بابەتە لە دەمی کاک قودرەت دارابی بیستوومە.

خۆڵەمێش دائەنێت وتەنیا گورگە کە ئەوە دەزانێت ودێت ومنداڵەکەی ئەبات ودێوەکە خۆیَ ناتوانێت بەرگیری لەم کارە بکات بۆیە نزیکتەرین ماڵ بەم خۆڵەمێشە بانگ ئەکات وداوای یارمەتی لیَ ئەکا، ئەگەر خاوەن ماڵ بگەیتە هاواری دێوەکە و منداڵەکەی لە گورگەکە وەربگرێت؛ هەر شتێک لە دێوەکە داوا بکات، پیَ ئەدات یان باشتر بڵێم بەشی هەرجۆرە دەرمان یان ماڵ و ماتووڵی لیَ گەرەک بێت پیَ ئەدات. هەروەها باوەڕێک تر ئەڵیَ کە بۆ تاراننی دێو وجن لە ماڵ، کلاشێک و یەک دانە سیر شەوانە لە بەر دەرگایَ ماڵ یان رەشماڵ ئاوێزان بکرێت، دێو و جن هاتو و چووی ئەم ماڵە ناکەن.

**سفێدپەڕ sifêd per̂** : سفێدپەڕ بە گشتی مەبەست ئارد و شیر و دۆ و هێلکە و هەر شتێک کە ڕەنگی لە سپیَ بچێت. خەڵک بە گشتی لە سەرئەم باوەڕەن کە شەوانە باش نییە سفێدپەڕ لە ماڵ ببەیتە دەرەوە چۆنکە پیت و بەرەکەتی ماڵ تێک ئەچێت.
هەروەهاخەڵک لە سەرئەم باوەڕەن کە ئەگەر ئەتەویَ رزق و ڕۆزی کەسێک تێک بچێت؛ ئێوارانە لە دەر ماڵی نەینۆک بگرە.

**قارچگ qarçig**: قارچگ یان قارچگە خواردەمەنییکی بە تامە وخەڵکان لە سەرئەم باوەڕەن کە کاتی هەورەتریشقە یان گرمەهڕ قارچک حەلاڵە شین ئەبێت. ئەم بابەتە هەر بە راستی هۆکاری زانستیی هەیە. بە پیَ زانیاریەکان گازی «نیترۆژن» هۆکاری سەرەکی شین بوونەوەی قارچگەیە و ئێمە ئەزانین کە لە کاتی هەورەتریشقە، گازی نیترۆژنی بەرفراوان ئەچێتە نێو زەمین و بۆیە قارچگە شین ئەبێت.

**قاژمژ پاژمژ qajmij pajmij** : داب ونەریتیکی تایبەت بۆ دەرمانی«ورِگ wir̂ig » یان بەهانەی منداڵی چلیارە کە لەویَ تەرازووێگ دێنن و منداڵەکە لە یەک لایَ دا ئەنێن و لە

ئەم لاکەی بەشێک لە گاوەسن دائەنێن و وەزنی دەکەن و دەهاژێنن. دووایی لە نێوانی پێی سێ کچی ئازەودا ئەیبەن و لە سەرئەم باوەڕەن کە منداڵەکە ورگ ناکەیت.[83]

**قاورمە qawirme** : خەڵک بە عام لە سەرئەم باوەڕەن ئەگەر لە کاتی خڕدانی قاورمە، یەک تیکە لە گۆشتەکەی بکەوێتە دەرەوە؛ هەرکەس ئەوە بخوات چاوی شوور ئەبێت. هەروەها لە کاتی دۆرستکردنی قاورمە، دایکان هانی منداڵان ئەدەن بۆ ئەوەی کە سەریان لە سەر قاورمەکە دابنەن و بۆنی بکەن و باوەڕیان وایە کە هووش و گووشیان باش ئەبێتەوە. قاورمە بریتیە لە خۆراکێک کە لە دڵ و جەگەر و سێپەلاک و گۆرچیلە کە لە رۆنی دان سوور ئەکەن وگژ وگیای جۆراوجۆر وەک ئەزبێ و کراوی و زەردە ژووە و .... هتدی تێا دەکەن. رەنگە بۆ ئەوە ئەڵێن سەرتێا بکەن و بۆنی بکەن کە بۆنی ئەم گیاگەلە بۆ ئینسان باش بێت.

**قوڕساق qwir̂saq** : قوڕساق لە راستیدا هەر ئەم مایەی دۆرستکردنی پەنیرە. بۆ بە دەست هێنانی قوڕساق شێوەیکی تایبەت هەیە کە بریتی لەوەیە کە بەرخۆڵەی یەک رۆژە تا ماوەی هەوتەیەک شیری«زیەک» یان کڵکافی پێ ئەدەن و دووایی سەرێ ئەبڕن وهەرشتێک لە«شیردان»ی بێت دەر دێنن و وشکێ دەکەن وئەبێتە قوڕساق و ئەگەر ئامێتەی شیری کوڵ بکرێت، ئەبێتە پەنیر.

**کوورپە kûrpe** :هەندێک بیروباوەڕ سەبارەت بە زارۆک یان کوورپە هەیە کە ئامـاژە پێان ئەکەین. زۆربەی ئەم باوەڕانە سەبارەت بە کاریگەری چاوی بەدە کە خەڵک بە گشتی

---

[83] – ئەم بابەتە لە دەمی کاک مۆجتەبا شەفیعی بیستوومە کە خۆی خەڵکی گوندی سییەسییەیە و ئێستە نیشتەجی شابادە و خوێندکاری کۆمەڵگا ناسییە.

باوەڕیی پێیە. ئەم نەریتە هەر لە لانکۆڵەی زارۆک دەستپێدەکەی وهـەتـا گـەورەیـی دریـژەی هەیە.

بۆ نموونە لقێک لە چێوی داری تاوی لە سەر لانکۆڵەکەێ ئاوێزان دەکەن بۆئەوەی کە چاوی بەد بتووقێت.

یان ئەوکاتە کە منداڵ ددانی دەرهێنا، ئاشێک ساز دەکەن کە «دێان رووکانە»ی پێ ئەڵـێن و بە خزم و دراوسیەکان ئەدەن.هەروەهامنـداڵ کـە خـەریکـی پاپـا کردنـەوەیـە؛ ئاشـێک تـر دەکەن کە «پاڕووکانە»ی پێ ئەڵێن وبە خزمان ئەدەن کە هەموویان بـۆ چـاوی بـەدە. یـان خەڵک بە گشتی رایان وایە کە ناشێ کوورپەیەک کە تەمەنی لەچل رۆژ کـەمتـرە و فـەوتـاوە لە گۆڕستانی گەورەساڵان بنێژرێت بۆئەوەی کە ئەبێتە «مەردئازمـا» یـان«جـووان ئـەزمـا» هەروەها ئەگەر لە شەودا بەرەو شوێنێک بچن و زارۆکەکەیان لە گەڵا بێـت؛ تیکـە نانێـک لـە سەرشانی ئەدەن و دایک ئەڵێ:

«خودایا ئەیە مناڵ گورگێگە.»

هەروەها بۆ فاڵگرتن و پێشبینی داهاتوو زارۆکێک کە هێشتا چلێارە، واتە تەمەنـێ بـە چـل رۆژ ناگەییت؛ لە سەر دەست ئەگرن وئەڵێن:

ئەی تفلی بێ گوناح ئەگەر ئەم کارە ئاکامیکی باشی هەیە پێی راستت هەڵگرە.

بابەتێک تر ئەڵێ: ئەگـەر جنـازەیـەک لـە بـەر ماڵێکـەوە کـە زارۆکـی هـەیـە بێبـەن؛ ئـەشـێ زووبەزوو زارۆکەکە لە خەو بکەیتەوە کەچی ئەگەر لە خەو بێت، گەورە کە بوو، چاوێ شوور ئەبێت. یان خەڵک بە گشتی لە سەر ئەم باوەڕەن کە منداڵێک کە دێتە دۆنیا ئەگەر خاڵێـک لە ئەندامی بێت؛ بـە تایبـەت لـە سـمت وساتانی؛ دایکـی بێـزوو بـووە وبـە ئـارەزووی خـۆی نەگەییوە. هەروەها خەڵک ئەڵێن:

ئەگەر منداڵی چلیار ئەنگۆستی خۆی لـە دەم بگرێت و پـێ و دەسـتی خـۆی بـەرەوئاسـمان بکا؛لە خوا رۆژی خۆی گەرەکیە.

**کوشتن kwiştin** : له باشووری رۆژهه‌ڵات خه‌ڵک به‌ گشتی له‌ سه‌ر ئه‌م باوه‌ڕه‌ن که‌ ئه‌گه‌ر که‌سێک مرۆڤێک بیکۆژێت؛ به‌رۆکی کراسه‌که‌ی ئه‌درن وکڵاشی پێی راستی له‌ پێی چه‌پی ئه‌که‌ن وهی پێی چه‌پی له‌ پێی راستی تا فێری خوێنڕشتن ومرۆڤ کۆژی نه‌بێت.

**که‌ره kere** : خه‌ڵک به‌ گشتی له‌ سه‌رئه‌م باوه‌ڕه‌ن که‌ که‌ره‌ی نوومیلکان نابێ بده‌ن به‌ مێوان که‌ بخوات بۆ ئه‌وه‌ی که‌ پیتی مه‌شکه‌ ئه‌چێت.

**که‌شک keşk** :خه‌ڵک به‌ گشتی له‌ سه‌ر ئه‌م باوه‌ڕه‌ن که‌ ئه‌گه‌ر که‌شکێک که‌ تازه‌ پان کراوه‌ بۆ ئه‌وه‌ی که‌ وشک ببێته‌وه‌؛ ده‌نگی باڕه‌ی به‌رخی بژنه‌وێت، تاڵ ئه‌بێت.

**کییه‌ره‌مۆ kîyeremü** : کییه‌ره‌مۆ بریتییه‌ له‌ مۆی بزن که‌ بۆ چه‌ند ده‌رمان به‌ کاری دێنن. بۆ نموونه‌ کاتێک که‌ ئه‌ندامێک زامار وچرکین ئه‌بێت؛ مۆی بزن چه‌ور ئه‌که‌ن و له‌ سه‌ر زامه‌که‌ی دائه‌نێن تاهه‌موو کیمه‌که‌ی بکیشێت. یان ده‌مه‌ڵێک که‌ دێرئه‌گه‌ییت، کییه‌ره‌مۆ چه‌ور ئه‌که‌ن و له‌ سه‌رێ دائه‌نێن تازووتر بگه‌ییت. هه‌روه‌ها له‌ کاتی شکه‌ست و به‌ستکردنی ئه‌ندامی شکاو، کییه‌ره‌مۆ زۆر کاریگه‌ره.  هۆکاری هه‌موویانیش ئه‌مه‌یه‌ که‌ کییه‌ره‌مۆ له‌ گه‌ڵ رۆنی دان گه‌رمییه. باوه‌ڕێک سه‌بارەت به‌م بابه‌ته‌ هه‌یه‌ که‌ ئه‌ڵێ:

ئه‌گه‌ر یه‌کم کییه‌ره‌مۆی بزنێک بده‌یته‌ کچیکی ئازه‌و تا بڕێسێت و ئێوارانی چووارشه‌مه‌ به‌ ناوی هه‌ر که‌س که‌ خۆشیان ناوێ نیه‌ت بکه‌ن وگریی بده‌ن؛ له‌ هه‌ر بابه‌تێک که‌ داخوازییکت هه‌بێت، زمانێ به‌ستراوه‌ و ناتوانێت وه‌ڵامی نه‌ پێت بڵێت.[84]

---

[84] – ئه‌م چه‌ند بابه‌ته‌ له‌ ده‌می کاک قودره‌ت دارابی بیستووه‌.

**گووڕستان gûrîstan** : خەڵک بە گشتی لە سەرئەم باوەڕەن کە لە گۆڕستاندا «مردەزما» یان «جووان ئەزما» هەیە بۆیە شەوانە لە گۆڕستاندا ناچن. «مردەزما» یان جووان ئەزما لە بواری وشەییەوە بە مانای ئەزموونی مەردانەگی کردنە. مردەزما لە راستیدا بوونەوەریکی خیاڵییە.

خەڵک بە گشتی لە سەرئەم باوەڕەن کە ئەگەر منداڵی چلیار؛ بفەوتێ و لە گۆڕستانی منداڵان نەنێژرێت ئەبێتە مردەزما.

هەروەهاخەڵک لە سەرئەم باوەڕەن کە ئەگەر گەرەکت بێ لە ماڵێک دزی بکەیت و رێگەت نەبێ؛ مشتێک لە خاکی گۆڕستان بڕژێنە سەرئەم ماڵە، هەموویان لە شرین خەو ئەمینن.

هەروەهاخەڵک لە سەرئەم باوەڕەن کە گووڕستان باشترین پەناگایە بۆ رێبوار ولە رێ ماندوو چۆنکە ئەرواح پارێزەری ئەوانەیە وتەنانەت ئەگەرخۆراکێک لە لایەنی خاوەن مردوو دۆرست بکرێت وبە خێرات بە خەڵکان بدرێت، بەشی رێبوار و لە رێ ماندوو ئەگەییتە دەستی.

**گووش زرِیان gûş zirŷan**:خەڵک بە گشتی لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئەگەر گوێ کەسێک بزرنگێت، ناوی ئەبەن. ئەگەر گوێ راست بێت؛ ناوی بە باشی ئەبەن و ئەگەرگوێ چەپ بێت؛ بە خەراپە ناوی ئەبەن. هەر لە سەر ئەم باوەڕە، پەندیکی پێشنان ئەڵێت:

«خەێر ئێوش، خەێر وە رێید باێد»

واتە ئەگەرناوم بە باشی ئەبەیت، تووشی خێروخۆشی ببوویت.

**گەردەگتوچان gerdegüçan** : خەڵک بە گشتی لە سەر ئەم باوەڕەن کە گەردەگتوچان یان گەردەلوول زەماوەندی شەیتانە وئەبێ لێ دووری کەیتەوە. هەروەها باوەڕێکتر ئەڵێ:

یەکم گەردەلوول لە سەر خانووی هەر کەس رابووڕێت، پیاوی ئەم ماڵە دەیوت یان قۆڕمساقە.

**ماڵ maʃ** : خەڵک بەگشتی لە سەرئەم باوەڕەن کە ئەگەر لە عاڵەمی ئسکامەتی ستۆنی رەشماڵ بشکێت؛ سەرە ژنی ئەم ماڵە ئەمرێت.

**ماڵ شەیٚتان maʃ şeêtan** :ماڵ شەیٚتان بریتیە لە تووڕی جۆمیتەنکە و خەڵک ئەم تووڕە ئەسووتێنن و لە گەڵ پەتەسوو یان بۆسوو لە سەر ئەنگۆستێک کەتووشی نەخۆشی «کەوڵە» و«زووە» بووە ئەیگرن و باوەڕیان وایە کە باش ئەبێتەوە.[85]

**مانگ گیریان mangˆ gîryan** : خەڵک بە گشتی لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئەو کاتە کە مانگ ئەکەوێتە تاریکی؛ دژمنان مانگیان گەمارۆ دانە، بۆیە لە تەنکەکوت و دەهۆڵ ئەدەن تا دژمنان ببیستن ومانگ بەربدەن. ئەگەر مانگ دێر ئازاد بکرێت، حاکمێک ئەمرێت.

راستیەکەی وایە کە ئەمە ڕووداویکی سرۆشتییە و کۆسووف و خۆسووفی ناوە و هیچ پەیوەندیکی بە دژمنەوە نییە. رەنگە ئەم باوەڕە لە سەردەمی«ئەبوو ڕەیحانی بیروونی» دەست پێکراوە. زانای بلیمەت«ئەبوو ڕەیحانی بیروونی» ئەستێرەناس وحساب زانی سەردەمی سەلجۆقیەکان بووە و پێشبینیی کردووە کە مانگ ئەچێتە خۆسووف و وایش دەبێت. شای سەلجۆقی کە ئەم رووداوەی نەدیووە تۆڕە ئەبێت کە بۆچی منیان ئاگادار نەکردووە؟

ئەبووڕەیحان ئەڵێ: بەڵێنت پێ ئەدەم کە بە چاوی خۆت ئەم رووداوە ببینی. چەند ساڵێک پێ ئەچێت و کوڕی شا ئەمرێت و شا ئازیەتباری کوڕەکەیە کە سەر لە نوو خۆسووفە و شا

---

[85] – ئەم بابەتە لە دەمی باوکم بیستوومە.

له شیرین خەودایه و کەس زات ناکەی له خەو هەڵێدەستێنێت. بۆیه ئەبوورەیحان دەستوور ئەدا به خەڵکان که له ساز و دەهۆڵ بدەن تاشا له خەو هەڵدەستێ. کاتێک که شا به تۆرەیی له خەو هەڵدەستێ و پرسیار ئەکا که چ لێقەومانێکه؟ پێ ئەڵێن که دژمنان مانگیان گەمارۆ دانه وئەمانه ویستیانه که مانگ ئازاد کەن.

**مرۆژه mirüje :** خەڵک بەگشتی له سەرئەم باوەڕەن که بۆ ئەوەی مرۆچەکان له ماڵ دوور ببنەوه هەندێک مۆی سەری کچی ئازەو له کولانەیان دابنێن وبێژیت:

خان وەتووه که هەتا بەیانی ئەم مۆه بکەنه مافۆره، مرۆچەکان لەوێ نامینن.

**مێوان mêwan** :سەبارەت بەهاتنی مێوان له لاپەڕەکانی پێشوو باسمان کرد، باوەڕێک هەیه که ئەڵێ ئەگەر ویستت که مێوان زووتر بچێت؛ هەندێک خوێ له پێڵاکەی بکە، زوو بە زوو ئەچێت.

هەروەها خەڵک به گشتی ئەڵێن که ئەگەر قەند له دەستدا بکەوێتە نێو پەرداخی چای؛ مێوان دێته ماڵ.

**نان خواردن nan xwardin:** خەڵک به گشتی له سەر ئەم باوەڕەن که له کاتی نان خواردن ئەگەر نان له قورگ گیر بکا، خزمی نزیک یان دراوسییەک برسیەتی و له تەنگانەیه.

**ناوک پەری nawki perî** : جۆرە بەردیکی خڕ وشینە وکۆنیکی لێیە وخەڵک باوەڕیان وایە کە حۆکمی هەیە و بەرگیری لە قەسیانی زارۆک دەکا [86].

**ناوک کەفتن nawk keftin** : ئەم نەخۆشییە کە ناوی زانستیی «کۆلیتی ڕێخۆڵەیە» هەر لە راستیدا بە داروو دەرمان ناکرێت و بابەتیکی سەیرە و ئەوەش بریتی لەوەیە کە ڕیخۆڵەی بەرتاسکە کە ناوک تیا جێگیر بووە، جیبەجی دەبێت و ئاو چووار دەوری ناوک لە خۆ ئەگرێت و ئەبێتە هۆی سەر ئێشە و کزی و قەسیان. هۆکاری زانستی ئەم نەخۆشییە سس بوونی مایچەی پشت و ڕێخۆڵەیە. بۆ دەرمانی ئەم نەخۆشییە کەسیکی کارامە کە لە دەرمانی ئاوەها نەخۆشیگەلێک، شارەزایە دێت وبەر وپشتی نەخۆش ماساژ ئەدا ودووایی پێستی پشتی هەر لە ناوشانەوە هەتا بەرتاسکەی لە نێو پەنجە ئەگرێت و ئەتۆقێنێت و باش ئەبێتەوە.

هەروەها بە باوەڕی کورد،ئەبێ ژنێک کە منداڵی دووقۆلیی هەیە پا بنێتە سەر وپشتی نەخۆشەکە تا باش ببێتەوە.

هەروەها ئەگەر رەگی مل یان پشت بپلیێت؛ ئەبێ ئاوا ژنێک پێ لە سەروپشتی نەخۆشەکە بنێت تا باش ببێتەوە.

**وەفر wefr** : وەفر یان بەفر لای کوردان بایخی زۆرە. هەر وا کە وەتمان یەکم بەفر ناخوردرێت چۆنکە ئەبێتە هۆی نەخۆشی«قرنقاز» بەڵام بەفری ئێڵاخان لای کوردان بە قیمەتە و لە زۆرینەی شێعری فۆلکۆلور ئاماژەی پێ دەکەن. راستییەکەی وایە بەفری ئێڵاخان ئستعارەیە.

---

[86] – ئەم چەند بابەتە وبابەتەکانی لاپەڕەی پێشوو لە دەمی کاک قودرەت دارابی بیستوومە.

خەڵک بەگشتی لە سەرئەم باوەڕەیەن کە بەفر خاڵۆی سەگە بۆیە لە کاتی بەفر بارین خۆراکی گەرم بە سەگەکان ئەدەن. هەروەها لە سەر ئەم باوەڕەن کە دووایین بەفر؛ بەفری دەرمانگەرە. لە دێڕیکی شێعری فۆلکۆلوردا ئەڵێن:

سەونزە، سەونزێکە لە سەر نساران سفێد وەفرێگە سەفایٚ بیماران

یا:

هەم خوداڕەیشتە، هەم شویەڵەیٚ نۆری هەم وەفرْ کاوان لە بیمار دۆری

**وەۆ weü** : وەۆ یان بەوی یان بۆک لە کاتی «پاواکەران» بە پێی پەتی ئەیبەنە سەرکانی و ئەبیٚ هەفت کونە ئاو پڕ بکا تا خێر وبەرەکەت بێتە نێو ماڵی.

پاواکەران داب ونەریتیکی کوردانەیە کە دووای زەماوەند و گواستنەوەی بۆک بۆ ماڵی زاوا ئاهەنگی خۆشی وشایی ساز دەکەن.

**هاری harî** : هاری نەخۆشی تایبەتی سەگ و گورگە و خەڵک بە گشتی لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئەگەر نانی داخ بە سەگ بدرێت، هار ئەبێت.

خەڵک بە گشتی لە سەرئەم باوەڕەن کە ئەگەر سەگی هار یان گورگی هار مرۆڤێک زامدار بکا و تووشی هاری ببێت، هەفت تۆتگ یان بەچکە لە سکی ئەکەوێت کە ئەگەر ئەوانە بێخات، باش ئەبێتەوە. ئەم بابەتە بۆ ژن و پیا یەکسانە.[87] ئەگەر لە ماوەی چل رۆژ ئەم هەفت بەچکەیە نەکەوێت، نەخۆش ئەفەوتیٚ. راستیەکەی وایە کە نەخۆشی هاری ماوەی دەرمانی چل رۆژە و ڤیرۆسی هاری هەتا چل رۆژ کاریگەری خۆی جیبەجی ناکەیت ئەگەر لە ماوەی ئەم چل رۆژە هاری دەرمان نەکرێت، ئەدی دەرمانکاریی بیٚ فایدەیە.

---

87 – ئەم بابەتە لە کاک عەبدۆلا عفەتی بیستوومە.

## بەشی دووهەم:

## گیاکان ونەخۆشییەکان

لێرە پڕ بە دڵ سپاسی کاک عەبدۆلا عفەتی دەکەم کە بۆ دۆزینەوەی ناوی فارسی و تایبەتمەندیەکانی ئەم گیاگەلە هەوڵێکی کوڕانەی کرد.

**ئاغووڵ axùî** : جۆره دڕکێکه که له چەمەنزارەکان شین ئەبێت و بە «شترخار»یش بە ناو بانگه. خەڵک بە گشتی ئاغووڵ بە باشی ئەیکوڵێنن و وەک ئارەق له شوشه ئەکەن و بۆ دەرمانی بەردی مێزڵدان کلّکی لێ وەرئەگرن. هەروەها ئاغووڵ له گەڵ خێاتەی«زڕات» یان گەنمه شامی تێکەڵاو دەکەن بۆ دەرمانی بەردی گورچیله.[88]

خەڵکی شارەزوور بۆدەرمانی ئازاری گورچیله، ئازاری مێزڵدان، بۆرییەکانیمێز، له گیاکانی بەڕەزا، قەیتەران ، ریشاڵی گەنمەشامی، بە شێوەی چالێنان کلّک وەر دەگرن.[89]

**ئەرجن ercin** : داریکی جووان و سرنج راکیشه و له زۆربەی مەڵبەندی کورد بە عام شین دەبێ. له لق و پووپی داری ئەرجن عاسا و ئەمزگ سیکاری جووان دۆرست ئەکەن که بە راستی سرنج راکیش وسەیره. بەڵام تەنیا بۆ خاتری چووەکەی نییه که بە ناوبانگه بەڵکوو ئەرجن بۆخۆی داریکی دەرمانییه.

بەری داری ئەرجن که وەک «بادام»ه و زۆر ترشه بۆ دەرمانی قەسیان و شۆشتن و کرم کۆژی گەده بە کاری دێنن. هەروەها خەڵک شیرەی داری ئەرجن که لای ئێمه بە «جەتۆ » بەناو بانگه، له گەڵ زەردینەی هیلکه ئامێته دەکەن و وەک سەر شووریکی سرۆشتی بە کار دێنن.«جەتۆ» له گەڵ «مۆخۆڕ»[90] تێکەڵاو دەکەن و بۆ دەرمانی دمەڵی کیمدار زۆر باشە. شێوەیکی تر له دەرمان کردنی دمەڵی چرکین کلّک وەرگرتن له «گتۆ ئەرجن»ە.[91] گتۆ

---

88 – ئەم بابەته له دەمی کاک کەیوومەرس رزایی بیستوومه.

89 – کتیبی هەگبەوهەوارگه، نووسینی ئەیووب رۆستەم- چاپی یەکم- سلێمانی 2003 لاپەڕەی 33 .

90 – مۆخۆڕ یان مخۆڕ؛ جۆره بەری داری مازووه.

91 – ئەم بابەته له دەمی کاک جەبار بەساتی خەڵکی گوندی «دیەکوڕیشه » بیستوومه که ئێسته دانیشتووی شاباده و خوێندکاری کۆمەڵناسییه.

ئەرجن بریتیە لە خاکی ریشەی داری ئەرجن کە مەل و موور دەری ئەخات و لە پای دارەکە کوو ئەبێتەوە. هەر ئەم خاکەیە لە گەڵ«جەو»ی دارەکە ئامێتە دەکەن و دووایی لە تۆتۆی پارچەیکی خاوێن دەکەن و لە ژێری خۆڵەمێش دائەنێن و هەروا بە گەرمی لە سەر دمەڵی کیمدار دائەنێن و بە گشتی دمەڵەکە لە گەڵ هەموو کیم و زۆخەکەیەوە بۆ خۆی ئەکیشێت.

**ئەسپەن :espen**: گیاهیکی بتەئییە و بۆ دەرمانی دڵ ئێشە باشە. شێوەی ئەم دەرمانە وایە کە ئەم گیایە بە تەڕی ئەکوڵێنن و خەسی دەکەن و دووایی کە ساردەوە بوو، ئەیخۆن.

**ئەشەدبوو eşed bû**: گیاهیکی بۆنخۆشە و وەک گیای «برێنداس»ە و لە کاری دەرمان هەر ئەو تایبەتمەندیانەی برێنداسی هەیە (بنوارە برێنداس).

**ئێلاخە ıêfaxe** : ئێلاخە یان گێلاخە یان گیەلاخە گیاهیکی خواردەمەنییە لە تیرەی «تەمێشکییان» کە لە گەڵ پاقازە بۆ دەرمانی«سخڵ»یان قەبز باشە. بەلام خەڵک بە گشتی بۆ دەرمانی نەخۆشی باوەسیر یان مایە سیری کڵک لێ وەردەگرن. لە شارەزوور گێلاخە و گەلای هەنجیر بۆ چارەسەر کردنی ئەم نەخۆشییە بابە.[92]

**باوەرزوو bawerzû** : ئەم گیایە لە کوێستانان شێن ئەبێت وبەرەکەی وەک پەمۆوە وبە رەنگی کەوە و لە فارسیدا «پەنبەی کووهی»ی پێ ئەڵێن و دەم کەردەی بۆ دەرمانی دڵ ئێشە زۆر باشە.

**بارهەنگ barhenĝ**: گیاهیکی خۆڕسکە و لە مەرغەزاران شین ئەبێت و بەرگەکانی پان و بەرینە و رەنگی سەوزی شینە. بەری ئەم گیایە بۆ دەرمانی «بەلەفیرە»ی مندالان زۆر باشە. هەروەها بەرگی ئەم گیایە هەروا بە تەڕی ئەکوتن و بۆ دەرمانی«سیازەخم» بە کارێ دێنن.[93]

---

[92] – کتیبی هەگبەوهەوارگە، نووسینی ئەیووب رۆستەم- چاپی یەکەم- سلێمانی 2003 لاپەرەی 33 .

[93] – ئەم بابەتە لە دەمی کاک عەبدولا عێفەتی بیستووە.

**بايَم baêim** : داریّکه که بەرەکەی خواردەمەنییە و خاوەنی هەموو جۆرە تیزاوی چەورە و زۆر بەتامە و لای کوردان داریکی مۆقەدەسە و بۆ خۆی خاوەنی حۆکمە.

لە سرۆشتدا دوو جۆرە داری بایم هەیە؛ ئەوەی کە شیرینە و ئەوەی کە تاڵە و «بایَم تییەڵە baêim tîyeʃe »ی پێ ئەڵێن.سەبارەت بە بایمی شیرین بابەتێک هەیە کە ئەڵێ: ئەگەر کەسێک تووشی نەخۆشی«بایَمەک» کە وەک کوتەیە و لە ئەندامی لەش، بە تایبەت لە رووی زووان دەردێت، ببێت؛ بەیانان بەر لە نانی بەیانی نییەت بکا وناوکی بایم لە سەر زووان دابنێت، باش ئەبێتەوە.[94]

**برا بەلتو bira belü** : برابەلتو یان براوەڕتو یان بەلاڕتو کە لە هەندێک شوێن بزە بەلتویش پێ دەڵێن جۆرە گیایکە وەکوو داری خورمایە بەلام زۆر بچووکە و بالای بە یەک ئەنگۆست ناگەییت. خەڵک بە گشتی لە ئەم گیایە بۆ دەرمانی باز کردنی دەمارەی کە کوێرەوە بووە یان نەخۆشی«تەسەلۆبی شەراییین» کڵکی لێ وەر ئەگرن. هەر وەها باوەڕیان وایە کە بزن بۆیە چاخ نابێت کە ئەم گیایە ئەخوات چۆنکە بۆ خۆی پییەی لەش تێک ئەدات.

**برێنداس birêndas**:برێنداس یان برنجداس کە لە فارسیدا «بوو مادەران»ی پێ ئەڵێن، گیاهیکی بوونخۆش و دەرمانییە. لەوانەیە دەرمانی نەخۆشی وای ستویەر. ئەم نەخۆشییە چەندەها شێوەی دەرمانی هەیە کە لێرە بە کورتی ئاماژە پێ دەکەین.

ئەم نەخۆشییە لە راستیدا کاریگەری بادی زۆر گەرم و وشکە کە رەنگە هەر ئەو«بۆمببارانی ئێلێکترۆنی» خۆر بێت و کاریگەریی لە سەرپێستی دەم و چاوە و ئەبێتە هۆی فاسێد بوونی خوێنی دەم وچاو ولە فارسیدا«بادی سۆرخ»ی پێ ئەڵێن. بۆدەرمانی ئەم نەخۆشییە ئەبێ بە سەنگی چەخماخ دەم و چاو رەندە بکرێت و زالتو یان زالۆ بخرێتە سەر زامەکە تا خوێنەکە بمژێت و دووایی یان بە «خاکڵە متۆشان»ی سپێ یان بەگیای برێنداس وگوڵی

---

[94]-ئەم بابەتە لە کاک قودرەت دارابی بیستوومە.

خەشخاش کە پێکەوە تێکەڵاو دەکەن و لە سەر زامەکە دائەنێن تا هەم زووتر باش ببێتەوە و هەم شوێنی زامەکە دیاردە نەبێت.

هەروەها گیای برێنداس وشکێ دەکەن و دووای ئاسیاو کردن لە گەڵ دوو یان شیر تێکەڵاوی ئەکەن بۆ دەرمانی «تەو ولەرز».[95]

بابەتیتر سەبارەت بە گیای برێنداس؛ کڵک وەرگرتن بۆ میکرۆبکۆژی «کەریان»ە. کەریان جۆرە مەشکێکە کە کەرەی تێ دەکەن و ماوەێ سێ رۆژ ئامێتەی ئاو و برێنداس تیّا دەکەن بۆ ئەوەی کە بۆنی نەخۆش و میکرۆبی کەریان تێک بچێت[96].

**بزن ترِنە bizin tirîne** : گیاهیکە وەکوو کەوەر وتامی تۆند و گەسە. هەروەها جۆری قارچگە هەیە هەر بەم ناوە کە ژەهراوییە.

**بزنەریشە bizine rîşe** : گیاهیکە لە تیرەی باریک بەرگەکان و لە فارسی «پووا»ی پێ ئەڵێن و لە کاتی کەم بارانی و وشکە ساڵدا بە باشی شین ئەبێت هەر بۆیە بزە ریشەی پێ ئەڵێن لە بەر ئەوەی کە وەک ریشی بزن سفت و دەستە دەستەیە و خۆراکی مەڕ و ماڵاتە.

**بزواق bizwaq** : گیاهیکە وەکوو «کەنگر» کە «جارز» و «ولە»یشی پێ ئەڵێن و لە فارسی«ئانغۆزە»ی پێ دەڵێن بۆ پاراستنی ران ومێگەل لە سەرماخواردنەوە، پێیان ئەدەن بۆ ئەوەی کە میکرۆبکۆژیکی سرۆشتییە.

**بلوور bilûr** : بلوور یان ملوور گیاهیکە کە بە گشتی لە مەزرای گەنم شین ئەبێت ولە فارسی «تەڵخەک»ی پێ ئەڵێن. بنوارِە هۆرووم

**بنج قانگ bincqanĝ** : بنج قانگ یان«سەونجگ» یان «سەگ بنجگ» گیاهیکە بۆ قانگدانی مەشکە و تەکاندنی چەو وکرمکۆژی زام کڵکی لێ وەرئەگرن بۆ ئەوەی کە میکرۆب

---

[95] – ئەم دوو بابەتە لە دەمی باوکم بیستوومە.

[96] – ئەم بابەتە لە کاک عەبدۆلا عفەتی بیستوومە.

کۆڕیکی سرۆشتییه. هەروەها بنج قانگ به باشی ئەیکوڵێنن وخەسێ دەکەن و زامی کیمدار پێ دەشوورن وزۆرباشه.[97]

**بن گزێ bingizê** : گیاهیکه له کوێستانان شین ئەبێت و تا زەمانێک که جووانه خواردەمەنییه و دووایی که پیر بوو گسکی لێ دۆرست ئەکەن.[98]

**بنەزوو binezû** : گیاهیکه له تیرەی«کەرەفسیان» که « کەرەوسی وەحشی»یشی پێ ئەڵێن و له دووکەڵی بۆ دەرمانی کرمکۆژی دەست وپێ کڵک وەر ئەگرن و دووکەڵیکی تۆخی هەیه. هەروەها ئەم گیایه له ژێری خۆڵەمێشی دا ئەنێن و دووای برژیان بۆ کەمەرژان کڵکی لێ وەرئەگرن.[99]

**بوورەگوڵێ bûregwilê** : بوورەگوڵێ یان بوورەوڵێ گیاهیکه وەک سیرمووکه وله راستیدا جۆرێک «ستویەرانه»یه که بەرگەکانی سوور نییه و له کوێستانان شین ئەبێت. له ئەم گیایه بۆ میکرۆبکۆژی گەدە کڵک وەرئەگرن.[100]

**بووگەنگە bûgenig**:گیاهیکی بۆن خەراپه و تەنانەت ئاژەڵەکانیش ئەوەیان ناخۆن.

**بەڕۆ berû** : ئەتوانم بێژم داری بەڕۆ ناسنامەی گەلی کوردە. ئەم دارە بە گشتی لە مەڵبەندی کورد دەست دەکەوی وجگە له دەرمان؛ وەک خۆراکیش کڵک لی وەردەگرن.

له ساڵەهای پێشوو، بەری داری بەڕۆیان ئارد دەکرد و له هەویرەکەی نانیکی تایبەت دۆرست دەکردن که خۆراکی گشتی خەڵک بووە. هەروەها له «جەفت»ی بەڕۆ بۆ دەرمانی دڵ ئێشه و «ئاخانن»ی مەشکه کڵک وەرگرتنه. «جەفت»ی بەڕۆ ئەبێته هۆی «پیر» بوونی گەدە و ئاردی بەڕۆ بۆ دڵ و گەدە و ڕێخۆڵه زۆر باشه. هەروەها ئاردی بەڕۆ له

---

[97] – ئەم بابەته له دەمی کاک کەیوومەرس رزایی بیستوومه.

[98] – ئەم بابەته له دەمی کاک عەبدوڵا عفەتی بیستوومه.

[99] – ئەم بابەته له دەمی کاک عەبدوڵا عەفەتی بیستوومه.

[100] – ئەم بابەته له دەمی کاک عەبدوڵا عفەتی بیستوومه.

گەڵ«خوەڵ ودوو»[101] بۆدەرمانی کزەکز کردنەوەی گەدە باشە. هەروا کە دەزانین خۆڵەمێش«پتاسیۆم»ی بێ خەوشە کە ئامێتەیکی بازیکە وبۆ ئەوانەی کە گەدەیان تیزاوییە زۆر کاریگەرە. هەروەها خۆڵەمێشی بەڕۆ بۆ تێک دانی بالۆکە لە دەست زۆر کاریگەریی هەیە. سەبارەت بە بەڕۆ باوەڕێک هەیە کە ئەڵێ:

ئەگەرچووی بەڕۆ لەکاتی سووتاندن،کفە بکاوشیرەی لێ دەر بچێت؛ ئەبێ لە ئاگرەکە دەرێ بێنێت و بە چوویکیتر لێ بدەی چۆنکە کەسێک خەریکی نووڕکردن و بەدگۆییە.[102]

بابەتیتر کڵک وەرگرتن لە «قاو»ی بەڕۆە. قاو هەر ئەو پۆشووی داری بەڕۆە کە رەنگیکی قاوەئی هەیە و زوو بە زوو ئەسووتێ. ئەگەرزامێک بکەوێتە لەش وخوێن بە بەرفراوانی لە لەش بچێت؛ قاوی بەڕۆ لە سەر زامەکە ئەنێن و ئاگری دەدەن وفوۆی لێ ئەکەن تاشوێنی زامەکە بسووتێنێ و خوێن ڕشتن کوتایی بێت.

لە راستیدا ئاگر ئەبێتە هۆی کوێربوونەوەی رەگەکان و خۆڵەمێشی قاو کە پۆتاسیۆمی خاڵیسە ئەبێتە هۆی سارێژ بوونەوەی زامەکە.

بابەتیتر سەبارەت بە بەڕۆ کڵک وەرگرتن لە«مۆخۆڕ»ی بەڕۆە. مۆخۆڕ وەک خۆشەی تری لە سەرداری مازوو شین ئەبێت ومازوو خۆی جۆرە داریکی بەڕۆە کە دووای ئاسیاو کردن و ئارد کردن؛ لە گەڵ«جەتو» ئامێتەی دەکەن و بۆ پاقژ کردن و بڕینی مۆی تاسکە بە کاری دێنن. هەر لە سەرئەم بابەتە پێ ئەڵێن«مۆخۆڕ»واتە مۆخۆر.

**بەڕەزا bereֹza**: گیاهیکە لە وەرزی بەهار و لە کوێستانان شین ئەبێت و بۆ خۆی بووەتە نۆمادێک لە شێعری کوردی. ئەم گیایە لە تیرەی «پەرسیاوەشان»ە.

**بەڕەژە bereֹje** : گیاهیکە کە بە«صمغ الانجدان» بە ناو بانگە ولە کوێستانان شین ئەبێت وشیرەییکی قاوەیی هەیە کە بۆ«بووبرەک» و میکرۆبکۆژی کڵکی لێ وەر ئەگرن.

---

[101] – خوەڵ ودوو: خۆڵەمێش ودوو کە تێکەڵاوە. ئەم بابەتە لە دەمی باوکم بیستوومە.

[102] – ئەم بابەتە لە دەمی کاک قودرەت دارابی بیستوومە.

**بەڵاڕۆ belarû** : بنوارە برابەلتو.

**بەلەک belek**:بەلەک یان مێکۆک گیاهیکی خۆڕسکە کە لە مەزرا و مـەرغـەزارەکـان شـین ئەبێت. دوو جۆرە بەلەک هەیە؛ ئەوەی کە ئاژەڵەکان لێ ناخۆن کە بـە «هـەرەبـەلـەک» بـە ناوبانگە و ئەوێتر کە«خوەشە بەلەک» پێ ئەڵێن ولە فارسی«شیرین بەیان»ی پێ ئـەڵـێن. خەڵکان بەعام لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئەگەر ئاژەڵێک لـە بـەهـاران خـوەشـەبـەلـەک بخوا، شیرەکەی بە تامترە. هەروەها بەرگی بەلەک بۆ سارێژی زامی کۆنە باشە.

هەروەها شیرەی بەلەک بۆتێک دادانی بالۆک لە دەست و پێ باشە و هۆکارەکەشی ئـەمـەیـە کە بالۆک جۆرە ڤیرۆسێکە کە لە رێگـەی هـەواوە دەژێـت و کاتێـک کـە بـە شـیرەی بـەلـەک بپووشرێتەوە، لە بەر نەبوونی هەوا ئەم ڤیرۆسە ئەمرێت و هێدی هێدی ئەرزێتەوە.

هەروەها شیرەی بەلەک بۆ کزەکزی گەدە باشە و لە بـەرگـی ئـەم گیایـە وەک بۆسـوو کڵـک وەرئەگرن بە تایبـەت لـە کـاتی دروێنـە کـردن. هـەر وەهـا لـە بـەرگـی بـەلـەک بـۆ عـەتـر و ئۆدۆکولۆن کڵک وەرئەگرێت.[103]

**بەلەگووشە belegûşe** : بەلەگووشە یان پەڵووشە گیاهیکە کە زیاتر کە کوێـستانان شـین ئەبێت و وەکوو چەوەندەرە و بەرگەکانی پان و کوڵکنە گوڵەکانی لە رەنگی سفێد ئەچێت.

**بێڵەهەڕ bêleher** : بنوارە «کەمەوبێڵەهەڕ».

**پاقازە paqaze** : گیاهیکە لە تیرەی«پێ غازیـان» و لـە وەرزی بـەهـار و لـە مـەزراکانـدا شین ئەبێت و گیاهیکی دەرمانی وخۆراکییە.

بـۆ نموونـە؛ گیـای پاقـازە وشـکێ دەکـەن و وردکـراوەکـەی بـۆ دەرمـانی زام بـە تایبـەت زامی«خەتنە» بە کارێ دێنن. هەروەها ئاوی پاقازە بۆ دەرمانی نەخۆشی«کەهیر» کـە لای ئێمە بە«کڕنەک» بە ناوبانگە بە کاری دینن.[104] هەروەها گیای پاقازە بۆ تاراننی «پەخشە

---

[103] – ئەم بابەتە لە دەمی کاک عەبدۆلا عفەتی بیستوومە.

[104] – ئەم دوو بابەتە لە کاک قودرەت دارابی بیستوومە.

کووره» کە جۆرە مێشۆڵەی زۆر بچووکە، لە کاتی کار کردنەوە لە مەزرا زۆر کاریگەرە و ئەمەش بەبۆنەی هەبوونی گازی«ئێتیلێن»ە کە هۆی تاراِن و دوور خستنەوەی ئەم گیانلەبەرەیە. باشە بزانیین کە زۆربەی گیاکان گازی«ئێتیلێن وئتان»یان هەیە.

**پاڵەمییە paĩemîye**: گیاهیکە خواردەمەنی وبەرگەکانی پان وبەرینە و لە قەراخی چۆم و رووبارەکاندا شین ئەبێت و زێزی گیای «بەڵاڕۆ»ە واتە ئەبێتە هۆی چاخ بوونی لەش و خەڵکان بە گەمە و گاڵە ئەڵێن:

«پاڵەمییە بخوە، بپەنەمییە.»

**پاڵەچین paĩeçîn** : گیاهیکە وەک گوڵەخاتوونە وخەڵک ئەڵێن کە ئەگەر ئەم گیایە ببەیتە ماڵ؛ چینی و فەغفوور لە ماڵ ئەشکێت.

**پاڵەوان ترِنە paĩewan tirîne** : گیاهیکە بەد بوو.

**پـورچگ pürçig** : گیاهیکە لە «ستویەرانە» دەچێت و لە کوێستانان شین ئەبێت. لەبەر هەبوونی گازی «ئتیلین» بۆ شۆشتۆشووی گەدە زۆر باشە.

**پـورشگ pürşig** : بنوارە پـوشگ

**پـوشگ püşig** : گیاهیکە کە لە کوێستانان شین ئەبێت و وەک پێواز غۆدەی هەیە و غۆدەکەی خواردەمەنییە و لە گوڵەکانی بۆ رەنگدانەوەی خۆراک کڵک وەرئەگرن و هەر وەها ئارامش بەخشە. لە ئەم گیایە بۆ «بەر خستن» بە تایبەت لە ژنان، وە هەروەها پێش خستنی عادەتی مانگانە کڵک وەرئەگرن.[105]

**پـویار püyar** : گیاهیکە لە مەزرا و مەرخەزار شین ئەبێت و خۆراکی ئاژەڵە.

**پەشمینە peşmîne** : گیاهیکە لە مەزرا و مەرخەزار شین ئەبێت و خۆراکی ئاژەڵە.

**پەڵووشە pelûşe**: بنوارە بەلەگووشە

---

[105] –ئەم بابەتە لە دەمی کاک عەبدوڵا عفەتی بیستوومە.

**پەێکوڵ peêkwiĺ** : دڕکێکی بە ناوبانگە ولە هەموو مەڵبەندی کوردەواری شین ئەبێت و لە فارسیدا «خار خەسەک»ی پێ ئەڵێن. ئەم دڕکە وەک دەرمانیکی کارا بۆ نەخۆشی«سوورنەک» یان«سووزاک» وە هەروەها بەردی گورچیلە و بەرگیری کردن لە شاشبەن بەناوبانگە. ئەوەش ئاوەهایە کە بەرگ وساقی ئەم دڕکە لە گەڵ خێاتەی گەنمەشامی ئەێکوڵێنن ودووای خەس بوونەوە ئەیخۆن وبۆ دەرمانی بەردی گورچیلە زۆر باشە.[106]

**پیاز pyaz** : پیاز یان«پێواز» گیاهیکی بتەئییە و لە زۆربەی مەڵبەندی کورد شین ئەبێت و خاوەنی هەموو جۆرە تیزاوی مۆفیدە وخاسیەتی هەزمی خواردەمەنیی هەیە. هەروەها لای کوردان بە پێواز ئەڵێن «حەکیمْ سفرە». سەبارەت بە پیاز باس زۆرە کە بە کورتی ئاماژەیان پێ ئەکەین.

سوورکراوەی پیاز کە بە پیازاخ بە ناو بانگە بۆ سارێژی زامی سووتیان زۆر باشە. هەروەها رەندە کراوەی پیاز لە دەم وچاو ئەگرن بۆئەوەی کە پێستی دەم وچاو سپێ ببێت. ئەمەش بە بۆنەی هەبوونی تیزاوی مۆفیدە کە کاریگەریی لە سەر پێستی رەش و چڵکنی دەم و چاوە و ئەسرێتەوە. هەروەها خواردنی پیاز ئەبێتە هۆی ئەوەی کە تەوانی نێرینە بچێتە سەرەوە. هۆکاری ئەم بابەتە ئەمەیە کە لە پیاز جۆرە تیزاویکی مۆفید هەیە کە «ئامینۆئەسید»ی پێ ئەڵێن کە کاریگەریی لە سەر هۆرمۆنی«تستسترۆن» هەیە. هەروەها پیاز خاسیەتی میکرۆبکۆژیی هەیە.

**پێبازە pêbaze** :

**پێبەرگ pêberg** :

**پیچگ pîçig** : پیچک یان پیرچگ گیاهیکە لە سیرمووکە دەچێت وتامی تۆندە.

---

[106] – ئەم بابەتە لە دەمی کاک عەبدۆلا عفەتی بیستوومە.

**تاتووڵە tatûĺe** : گیاهیکی ژەهرییە و خواردنی بۆ ران و مێگەل پڕخەتەرە و لە تیرەی «بادمجانیان»ە. گوڵەکانی بە رەنگی سپێە و وەک زۆڕنا ئەمێنێت و لە راستیدا گوڵەکانی ژەهریە.

**تاوی tawî** : تاوی یان«تاو» جۆرە داریکی بەرز و زۆر گەورەیە کە بەرەکەی وەک بەڵاڵۆکە و تامی گەسە و تا رادەیەک چەورە و لە تیرەی «ناروەنیان»ە. داری تاوی لای کورادن داریکی مۆقەدەسە و بە باشی ناوێ لێ ئەبەن و باوەڕیان وایە کە ئەم دارە حۆکمی هەیە بۆیە سەر پەلی ئەم دارە ئەتاشن و لە لانکۆڵەی زارۆکان ئاوێزان دەکەن و لە سەرئەم باوەڕەن کە چاوی بەد لە زارۆکەکە دوور ئەبێت. هەروەها چێوی ئەم دارە لە مەشکە وسێپا ئاوێزان دەکەن و ئەڵێن بەری مەشکەکە زۆرتر ئەبێت.

سووتاندنی داری تاوی لای کوردان گۆناحە و قەت داری تاوی بۆ سووتەمەنی بە کار نابەن و تەنانەت کاتی بڕینی سەرشاخەکانی داری تاوی؛ لە دارەکە داوای لێبۆردن دەکەن و ئەڵێن بە ناچاری و بۆ خێر وبەرەکەت ئاوا کارێک دەکەن و هێوادارن کە دارەکە لە سەر گۆناحیان رابوورێت. هەروەها بۆ دوور خستنی«ئاڵ» کە لە لاپەڕەکانی پێشوو باسمان کرد، داری تاوی کاریگەری خۆی نیشان ئەدات. (بنوارە ئاڵ)

**ترشگی tirşigî:** گیاهیکە کە زیاتر ئەنگەڵە و لە پاناری داری بەرۆ شین ئەبێت و ساقەکەی سوورە و بەرگەکانی پان و بەرینە و تامییکی زۆر ترشی هەیە و بەخامی ئەیخۆن.

**تووسی tûsî** : گیاهیکە کە بۆ دەرمانی قۆفە باشە.

**تەڕەسلێمانی terêsiĺêmanî** : گیاهیکە لە کەوەر دەچێت و وەکوو پاقازە یان سۆیەرانە ئەیکۆڵێنن و خواردەمەنی.

**تەشام teşam** : گیاهیکە لە«ئەسپەن» دەچێت و درِک و دالّی هەیە ولە مەغـەزاران شـین ئەبێت. بەرگی ئەم گیایە ئەیکوڵێنن و لە بۆخـارەکـەی بـۆ دەرمـانی سـەرئێـشە و سـیپەلاک کڵک وەردەگرن .[107]

**تەشنەداری teşnedarî** : گیاهیکی بتەئییە و لـە گیـای «ئـەسـپەن» دەچێت و چـووار وەرزی ساڵ سەوزە. ئەم گیایە چەندەها تایبەتمەندیی هەیە کە ئاماژە پێان ئەکەین.

بەرگ و ساقی ئەم گیایە ئەکوڵێنن و ئاوەکەی بۆ دەرمانی نەخۆشـی«دەم وێرانـی» کـە لـە فارسیدا«بەرفەک»ی پێ ئەڵێن و لە ئاژەڵەکاندا خۆی ئـەنوێنێـت زۆر بـە کڵکـە. هـەر وەهـا سڵپەکەی بۆ دەرمانی ئێشی ددان زۆر باشە وئەم گیایە بۆ دەرمانی زامی کیمدار و زۆخـاوی زۆر باشە و هەر لە ناوی ئەم گیایە دەر ئەکەوێت کـە بـۆ دەرمـانی کـیم و زۆخـە «تـەش = ئێلتەهاب+ داری = داروو».[108]

دەرمانیکیتر لە ئەم گیایە؛ دەرمانی نەخۆشی«هف» یان « هفە»یە. بنوارە هف.[109]

**تەماتە temate** : تەماتە یان«باجاناسوور» گیاهیکی خواردەمەنیە کە بە پێ زانیاریەکـان خاوەنی هەموو جۆرە ڤیتامین و پرۆتەئینە ولە هەموو میوەکان سەرترە و خۆراکیکی ئاسـان هەزمە. ئاوی تەماتە بۆ تێک دادانی بالۆک زۆر بە کڵکـە و ئـەبێتـە هـۆی نـەرمـی و جـووانی پێستی لەش. هۆکارەکەشی ئەمەیە کە لە تـەماتـە جـۆرە تیزاوێـک هـەیـە کـە لـە «ئـەسـید نیتریک» دەچێ ئەم تیزاوە لە لیموویش دەست ئەکەوێت.

هەروەها لق و ساقی تەماتە بۆ تاراندنی مێشوڵە و پـەخـشەکـوێرە زۆر بـە کڵکـە و هۆکـارە کەشێ ئەمەیە کە لە زۆربەی گیاکان؛ بە تایبەت ئەوانەی کە «جالیز»ین واتـە وەک بتـەیـە،

---

[107] – ئەم بابەتە لە دەمی کاک شەمسولا نەزەری تەمەنی سی وپێنج ساڵە و خەڵکی گوندی گەورە جووە بیستوومە کە ئێستە دانیشتووی شابادە و فرۆشیاری کەل و پەلی ناوماڵە.

[108] – ئەم بابەتە لە دەمی کاک عەبدوڵا عفەتی بیستوومە.

[109] – ئەم بابەتە لە دەمی باوکم بیستوومە.

گازی«بۆتان وئتان و ئتیلین»زۆره. له شارەزووریش له ئاوی تـەماتـه بـۆ چـارەسـەر کردنـی بالۆکه کلّک وەر ئەگرن.[110]

**تـەۆلگـی teülig̑î** : ئـەم گیایـه وەک «گیـاداخ»ه و لـەوه دەچێت و چـەند خاسـییەتـی دەرمانیی هەیه.

له ئەم گیایه بۆدەرمان وتێکدادانی بالۆک کلّک وەرئـەگرن بـۆ ئـەوەی کـه هـەنـدێک تیزاویـه وخەسه و ئەبێته هۆی تێک دانی ئەم نـەخۆشـییه. هـەروەهـا سـاق و بـەرگ و پێسـتی ئـەم گیایه به زۆری ئـەیکـوڵێنن و دووایـی پـاڵێوراوی دەکـەن کـه تـامیکی زۆر تـاڵی هـەیـه وبـۆ دەرمـانی«برنـگ birng̑ » یـان «ئاپاندیـسیت» بـه کـارێ دێـنن. هـەروەهـا بـۆ دڵ ئێـشه باشترین دەرمانه.[111]

**تیەڵگی tyeɫîgî** : گیاهیکه وەکوو شتورتگ که له بەر تاڵی خۆی به ناوبانگه.

**جـل تـانجی ciltancî** : گیاهیکـه وەک پالـەمیـه و «گوڵـەخاتـونـه» کـه بـه خـامیش ئەخۆردرێت.

**جۆاس cüas** : گیاهیکه له جوێ دەچێت.

**جووانشێر cuwanşêr** : گیاهیکه که زۆرتر له مەزرای چەوەندەر شین ئەبێت وساقەکـەی خواردەمەنییه و ئـەگـەر ریـشەی ئـەم گیایـه لـه گـەڵ قـەرسـەقـول بـسووتێنێ بـۆ دەرمـانی نەخۆشی«چەوگلی» زۆر باشه.

**جۆقی coqî** : گیاهیکه له مەزرا ومەرغەزار شین ئەبێت و لـه فارسـیدا «خاکشیر»ی پـێ ئەڵێن و بۆ دەرمانی نەخۆشی گەرمازەدەگی باشه.

---

110 – کتیبی هەگبەوهەوارگە، نووسینی ئەیووب رۆستەم- چاپی یەکەم- سلێمانی 2003 لاپەرەی 33

111 – ئەم بابەته له دەمی باوکم بیستوومه .

**چاێر çaêr** : چاێر یان«هرێز، مەرەغ، کرتک» گیاهیکە کـە زیـاتر خـۆراکی مـەڕ و ماڵاتـە. سەبارەت بە چاێر یان هرێز ئەڵێن ئەگەر تەنانەت قاڵاو پوشۆی ئەم گیایە بـۆ هێڵانـە سـازی بیبات و دووای چل ساڵ بکەوێتە سەر زەوی، سەر لە نوو شین ئەبێت.

**چنگ پشی çinĝpişî** : گیاهیکە

**چنگووڕ çinĝûr̂**:چنگووڕ یان چنوور گیاهیکی بۆنخۆشە و خەڵکان ئەم گیایە لـە هیـزەی ڕۆن ئەکەن وبۆن و تامی ڕۆنەکە خۆش ئەکات.

**چنگەمامر çinĝemamir** : گیاهیکە

**چەقچەقە çeqçeqe**: گیاهیکە کە لە دامەنەی یەپۆڵەکـان شـین ئـەبێت و خـواردەمـەنـی نییە و لـە وەرزی پـاییز بـەرگـەکـانی کوڵکنـە و ئـەبێتـە هـۆی ئـاڵۆزی لـەش لـە ئینـسان و حەیوان.

**چەوبازە çewbaze**: گیاهیکە کە زیاتر لە مەزرای گەنم شین ئەبێت و تامی وەکوو کاهووە و بەرگەکانی پان و بەرینە.

**چەورگی çewrigî** : چەورگی یان چەوچەورە گیاهیکی کوڵکن وساق وپەل ئەسـتوورە کـە گوڵەکانی لە ڕەنگی سوور و زەرد دەچێت و لە تیرەی«گوڵ گازووان»نەکانـە و بـەرەکـەی و ساقەکەی خواردەمەنییە.

ساق وبەرگی چەورگی بۆقانگدانی چەو ودەرمـانی نـەخۆشـی «چـەوتـەکـانن» زۆر کڵـک وەر دەگرن. بۆ زانیاری زیاتر بنواڕە «خوەشیر».

**چەویر çewîr** : گیاهیکی بۆنخۆشە وخەڵکان ئەم گیایە لە هیزەی ڕۆن ئەکەن وبۆن وتامی ڕۆنەکە خۆش ئەکات.

**خۆرماسـوچـان xormasüçan**: خۆرماسـوچـان یـان «خۆرماسـیلک» گیاهیکـە کـە لـە «پـۆشگ» دەچێت و ڕەنگی وەک زێڕە و خواردەمەنییە.

**خوەشیر xweşîr** : خوەشیر یان خورشیلک گیاهیکی خۆڕسکە ولە پاڵی چیاکان شین ئەبێت وبەرگەکەی لە مێکۆک دەچێت وساقەکەی تارادەیەک سپی و شینە و شیرەیکی تۆخی هەیە کە ئەگەر بڕژێتە سەری هەر ئەندامێک؛ ئەستوور ئەبێت. لە ریشەی ئەم گیایە بۆکاری دەرمانی کرمکۆژی دەست و پێ یان «تەکاننی چەو» کڵک وەر ئەگرن. ئەم نەخۆشییە لە راستیدا جۆرە بیمارییکی پێستییە کە کرمی زۆر بچووک کە بە چاو دیاردە نییە دەست و پێ یان چەو و گوێ ئەگرێتە خۆی و تم و دایم ئەخورێت. خەڵک ساق و بەرگی ئەم گیایە ئەسووتێنن و ئەو ئەندامە کە کرمی تێایە لە سەر دووکەڵەکەی ئەگرن و دووکەڵی ئەم گیایە ئەبێتە هۆی کۆژران و تێکچوونی کرمەکان و لەش ساق ئەبێتەوە. ئەم تایبەتمەندیە لە «کەودڕگ» و «زەردە سیری» و «چەورگی»یش هەیە. هەروەها ریشەی ئەم گیایە وشکێ دەکەن و زبرەکەی دەگرن و وەکوو ئەسپەن لە سەری ئاگر ئەسووتێنن بۆ کاری «گەندزودایی» کردنی ماڵ و رەشماڵەکان[112] .

**خەرتەل xertel** : گیاهیکە وەکوو وەنگی و ساقەکەی پێستی ئەگرنەوە و خواردەمەنییە.

**خەرتیزنگە xertîzinĝe** : گیاهیکە وەک خەرتەل و ترپچە.

**خەرخنکنە xerxinikine** : گیاهیکە لە مەزرای گەنم و جوێ شین ئەبێت و بەرگەکانی وەک چەوەندەرە و زیاتر لە چووار یان پەنج بەرگ ئەگرێت و بە قەد گەنمێک بەرز ئەبێت و ئەگەر بە جووانی مەڕ و ماڵات لێ بخوات، ئەیکۆژێت.

**خەرکووڵ xerkûÎ** : گیاهیکە کە دڕک و داڵی زۆرە

**خەرەبەنگ xerebenĝ** : گیاهیکە کە لە بەنگ گەورەترە و مادەسڕکەرەکان وەک حەشیش لێ دەست ئەکەوێت. خواردنی بەری ئەم گیایە ئەبێتە هۆی مەنگی و سەرەگیژەی مرۆڤ.

---

[112] –ئەم بابەتە لە دەمی باوکم بیستوومە.

**خەلیلە xelîle** : گیاهیکە کە بەرەکەی وەک گوڵخۆمچە خڕ و پڕ ورشتە رشتەیە وبۆ خاوێنکردنی بێخی ددان باشە.

**خێارشنگ xêarşinĝ** : خێاریکی کوڵکنە ولە خێارانی تر بەتامترە. پێستی ئەمجۆرە خێارە بۆ دەرمانی نەخۆشی ئاتەشەک وئێلتەهاب زۆر باشە. بە پێ زانیاریەکان لە پێستی خێار جۆرە ڤیتامینێک هەیە کە بۆ پێستی دەم و چاو زۆرباشە ولە زۆربەی کێرێمە ئارایشیەکان ئامێتەیک لە ڤیتامینەکانی خێاری تێایە.

**دارشکن dar şikin** : جۆرە گیاهیکی وەرزانەیە و لە مێکۆک دەچێت. خەڵکان لە سەرئەم باوەڕەن کە ئەگەر دەرمانێک لەم گیایە لە سەر زامێک دابنێن، ئەم زامە قەت باش نابێتە.

**داسقاڵ dasqaĺ**:گیاهیکە وەک«ماشۆلە» پێچ پێچە.

**داسۆلە dasüle** : گیاهیکە وەکوو ماش و خۆراکی ئاژەڵە و دەم کەردەی بۆ دەرمانی دڵ ئێشە و سەر ئێشە باشە.

**داڵگ و دۆیەت daĺig û düyet** : گیاهیکە بۆ دەرمانی ئاوڵە.

**دانۆکە danüke** : گیاهیکە کە بەری نییە و زیاتر خۆراکی باڵەندەیە و ساق و بەرگی خۆراکی مەڕ و ماڵاتە.

**دانەمەلۆچگ danemelüçig** : گیاهیکە وەکوو چەورگی کە بەرەکەی چەورە و زیاتر خۆراکی چۆڵەکەیە.

**دپەلە dipele** : گیاهیکە وەکوو سیرمووکە.

**دزۆل dizül**: گیاهیکی لە مەزرای چەوەندەر شین ئەبێت و گوڵیکی سپیی هەیە و خۆراکی مەڕ و ماڵاتە. ئەم گیایە وەکوو سەرشۆری سرۆشتی کڵکێ لێ وەر ئەگرن و هەروەها بووبرە.

**درکیلە dirk̂île** : گیاهیکە خواردەمەنییە.

**دگان تێژکەرە digan têjkere** : گیاهیکە خواردەمەنی و لە مەزرای چەوەندەر شین ئەبێت و خەڵکان لە سەر ئەم باوەڕەن کە خواردنی ئەم گیایە ئەبێتە هۆی خاوێن بوونی دەم و ددان و ددان پاک ئەبێتەوە. لە راستیدا هەر وایە چۆنکە ئەو کەسانەی کە تم و دایم دەمیان بۆنی نەخۆشی لێ دێت، بە خواردنی گیای دێانتێژکەرە ئەم بۆنە تێک ئەچێت و ددان سپی تر خۆی ئەنوێنێت. تامی ئەم گیایە وەک نەعنایە.

**دگونە digwine** : گیاهیکە کە بەریکی بچووک وەک سیاسنتوج ئەگرێت و خۆراکی مەڕ و ماڵاتە.

**دلیق dilîq** : گیاهیکە وەک«تتورگ tür̂ig » کە پڕ درک و داڵە و وەک پەرچینی باغات کڵکی لێ وەر ئەگرن.

**دتوڕوویلە dü r̂uwîle** : گیاهیکی دڕکیلە دارە وەکوو (گەماڵدتو) و لە پاڵی چیاکان شین ئەبێت.

**دتوزەردی düzerdî** : گیاهیکە

**دەم گەنگە demgenige** : گیاهیکە لە ماش دەچێت و خواردەمەنی نییە و تامیکی خەراپی هەیە.

**دیوەرکەڵە dîwerkel̂e**: گیاهیکە

**رازیانە r̂azyane**: گیاهیکی دەرمانییە و بە تایبەت بۆ دڵ ئێشە زۆر باشە. هەر وەها خواردنی رازیانەی دەم کەردە بە تایبەت بۆ ژنێک کە زارۆکی هەیە زۆر باشە و شیرەکەی بەرفراوان ئەکا.

**رخڵ r̂ixl̂**: رخڵ لە راستیدا یەک گیا نییە بەڵکوو کۆمەڵێک لە گژ وگیای بۆنخۆشە کە لە بنی ئاخۆڕی ئاژەڵەکان ئەڕشێنن تا بۆنی خەراپەی ئاخۆڕەکە بگرێت .

**رسق r̂isq** : بنوارە رسقەموویژ.

**رسقەمووریژ rîsqemûrîj** : رسقە یان رسقەمووریژ یان «رێخ مرۆژ» گیاهیکی بتەئیبیە کە لە پاڵی چیاکان و تەپۆڵکەکان شین ئەبێت و بەرەکەی وەک رێخ و ماسە خۆی ئەنوێنێت و چەورە وئینسانیش لێ ئەخوات و زۆریش بە تامە. مرۆچەکان لە وەرزی بەهار بەری ئەم گیایە کوو ئەکەنەوە و بۆ خۆراکی زستانان کڵکی لێ وەرئەگرن. هەر بۆیە ناوی«رێخ مرۆژ»یان لێ نانە.

بەری ئەم گیایە لە گەڵ گەنمەشیرە لە سەرئاگر بە تایبەت «ساج تاوە» ئەیبرژێنن و دووایی دەهەرێن و ئاردەکەی لە گەڵ شیر و شەکەر یان قەند تێکەڵاو ئەکەن و جۆرە«قاویت»ێک دۆرست ئەکەن کە بۆ ژنی زاوران زۆر باشە.[113]

**رەشەگیا rêşegya** : گیاهیکە

**رەگەکیشە rêgekîşe**: گیاهیکی ئاوییە ولە «پاڵەمییە» دەچێت و بەرگەکانی وەک گوێ مانگایە. خەڵکان بە عام بەرگی ئەم گیایە ئەکۆتن ولە سەر زامێک کە دەمی باز بووەتەوە دائەنێن و بە پارچەیەک ئەبەستن و دووای چەند رۆژ دەمی زامەکە ئەبەستێ وباشێ ئەکاتەوە.[114] لە شارە زوور ئەم گیایە بۆ چارەسەر کردنە زیپکە و دۆمەڵ بە کاری ئەبەن.[115]

**رێحان rêhán** : گیاهیکی خواردەمەنییە.

**زڵفنج ziḻfinc** : گیاهیکە کە بۆ کرمکۆژی ئاژەڵەکان کڵکی لێ وەرئەگرن.ئەم گیایە ژەهراوییە وخاسیەتی میکرۆبکۆژ یی هەیە.

**زڵق ziḻq** : گیاهیکە لە تیرەی چەوەندەر و لەوێ بچووک ترە و لە بەرگەکەی خۆراکێک ساز ئەکەن کە هەر بە زڵق ناودارە.

**زلگە zilige** : بنوارە زڵق.

---

113 – ئەم بابەتە لە دەمی باوکم بیستوومە.

114 – ئەم بابەتە لە دەمی کاک قودرەت دارابی بیستوومە.

115 – کتیبی هەگبەوهەوارگە، نووسینی ئەیووب رۆستەم- چاپی یەکم- سلێمانی 2003 لاپەرەی 33

**زنیان zinyan** : گیاهیکە کە دەم کەردەی بۆ سارێژی دڵ ئێشە باشە.

**زوو zû** : گیاهیکی غۆدەییە و لە کوێستانان شین ئەبێت و بە تایبەت بۆ ترشیجات زۆر بە کڵکە.

**زەل zel** : گیاهیکی ئاوییە و بە قەد مێتر و نیۆیک بەرز ئەبێت وخەڵکان بۆ سەر پەڕی چاتووڵ و خۆراکی مەڕ و ماڵات کڵکی لێ وەر ئەگرن.

**ژەقنەبووت jeqnebût** : گیاهیکی زۆر تاڵە و تەنانەت مەڕو ماڵاتیش ئەوە ناخوات.

**ساقسوێیەرە saqsüyere** : گیاهیکە کە لە مەزرای چەوەندەر شین ئەبێت و بە «سەڵمانە»ش بە ناوبانگە و لە فارسیدا«تاج خۆرووسی وەحشی»ی پێ ئەڵێن و وەکوو «زڵق» ئەیکۆڵێنن و خواردەمەنییە.

**سرێنجگ sirêncig** : سرێنجگ کە لە فارسیدا« سنجد» ی پێ دەڵێن؛ داریکی کێویە. لە نێو خەڵکاندا باوەڕێک هەیە کە ئەڵێ:

دووکەڵی سرێنجگ بۆدەرمانی ئێشی گوێ باشە.[116] هەر وەها ئەم دارە لە چووار وەرزی ساڵ لە مانگانی تایبەت بۆنیکی لێ هەڵدەستێ کە ئەبێتە هۆی نەخۆشی «بوو بڵێنی» کە بە تایبەت لە سەر زارۆکان کاریگەریی هەیە. خواردنی بەری سرێنجگ بۆ دەرمانی نەخۆشی بووبڵێنی یان نەخۆشی بەلەفیرە زۆر باشە.

**سوێیەران süyeran** : گیاهیکە کە گوڵەکانی لە ڕەنگی زەرد دەچێت و ژەهراوییە و لە ساق وپەلی گزێ دۆرست ئەکەن.

**سوێیەرانە süyerane** : گیاهیکە لە تیرەی سیرمووکە کە لە کوێستانان شین ئەبێت و خواردەمە نییە و لە فارسیدا «تەرەی وەحشی»ی پێ ئەڵێن. خواردنی ئەم گیایە بۆ دەرمانی کرمی گەدە و نەخۆشی سەرما زۆر باشە.

---

116 -ئەم بابەتە لە دەمی کاک ئەردەشێر مێرزایی بیستوومە.

**سەگ بنجگ segbincig** : سەگبنجگ یان گوڵبنجگ گیاهیکە کە زیاتر بۆ قانگدانی مەشکە کڵکی لێ وەر ئەگرن.

**سەڵمانە seĺmane** : بنوارە«ساق ستویەرە».

**سەور sewr** : گیاهیکە بتەیی و رەنگی لە سوور دەچێت و وەکوو بەرۆژە بەرز ئەبێت و زۆر جووانە و خوارەمەنی نییە.

**سیپێچگ sîpeçig** : گیاهیکە

**سیرسم sîrsim** : گیاهیکە

**سییەژاوە sîyejawe** : گیاهیکە گوڵەکانی سووری تۆز کاڵە.

**سییەسنتوج sîyesinüc** : گیاهیکە بەرەکەی وەک « کونجی»ە وخاسییەتی کونجیی هەیە و بۆ نەخۆشی کیمدار بوونی سیپەلاک باشە. هەروەها ژنانی کورد ئەوەیان ئامێتەی دۆ یان شیراز ئەکەن و تامەکەی خۆش ئەکاتەوە.

**شامی مارانە şamî marane**: بنوارە کاڵگەمارا

**شترخار şitirxar** :جۆرە دڕکێکە لە ئاسندرگ دەچێت و گوڵەکانی لە رەنگی سووری تۆزکاڵە و لە چەمەنزار شین ئەبێت. خەڵکان ساق وبەرگی ئەم دڕکە لە قەزیان ئەیکوڵێنن و دووایی ئارەقەکەی ئەگرن کە بە ئەرەقی شترخار بە ناوبانگە و بۆدەرمانی بەردی مێزڵدان بە کاری دێنن. هەروەها ئەگەر مەل و موور یان باڵەندە گوڵەکانی بقرتێنێت، جۆرە شیرەیکی سوور لێ دێتەدەر کە «تەرە نجەبین» یان تەرەهەنگوێنی پێ ئەڵێن و بۆدەرمانی نەخۆشی «گەرمایژنەک» زۆر بە کڵکە. گەرمایژنەک جۆری زیپکەی سوورە کە لەش ئەگرێتە خۆی و هۆکاری گەرمای خۆر و ئارەقی لەشە.

**شرین شاتەرە şirîn şaterê** : گیاهیکە لە «ترپووکە» دەچێت و خواردەمەنییە و لە فارسیدا «کەڵزا»ی پێ دەڵێن.

**شووالّەکەنگ şuwaľ kenig** : شووالّەکەنگ یان شەروالّ بەکۆلّ گیاهیکە لە گەرمیان شین ئەبێت و خواردەمەنی نییە وتارادەیەک ژەهراوییە و هەرکەس بخوات، تووشی بەلەفێڕە ئەبێت. خەلّک بە گشتی بۆ دەرمانی«سخلّ» یان قەبز کلّکی لێ وەر ئەگرن. ئەم نەخۆشییە لە شارەزوور بە کلّک وەرگرتن لە گیای سینەمەکی، شەلەمە، تۆلّەکە، رۆنی گەرچەک دەرمان ئەکرێت.[117]

**شتوت şüt** : گیاهیکی بۆنخۆشە کە بەرگەکانی باریک و سووزەنییە و زیاتر لە مەزرای چەوەندەر شین ئەبێت و لە فارسیدا «شوئید»ی پێ ئەلّێن. خەلّک بە گشتی ئەم گیایە لە گەلّ ماست تێکەلّاو دەکەن بۆ دەرمانی چەوری خوێن.

**شوور şûr** :گیاهیکە لە سەگ بنجگ دەچێت وتامی سوولّە.

**شتورتگ şürtig** : گیاهیکە کە ریشەکەی خواردەمەنییە و لە «هەپوولّک» دەچێت و شیرەی زۆرە و لە شیرەکەی بۆ دەرمانی نەخۆشی چاو کلّک وەر ئەگرن.

**شەقەگولّ şeqegwiľ**: گیاهیکە لە«خوەشیر»دەچێت و خواردەمەنی نییە.

**شەکرووکە şekrûke** : گیاهیکە کە بۆخۆی«ئەنگەلّ»ە واتە لە گیایکیتر ئەخوات بە تایبەت ئەلکێتە گیای «کەر تەشی» ولەوێ ئەخوات وبە «قەنشەکەرووک» یان کەنگر خەرانەش بە ناوبانگە و لە تیرەی«ئارتیشن»ە. خودی شەکرووکە گیا نییە بەلّکوو کرمی پەروانەیە کە لە ساقەی کەرتەشیدا پیلە دۆرست ئەکا ولە ئەم گیایە ئەخوات وئەم کرمە لە رۆمەتەوە وەکوو پستەیە و خواردەمەنییە.

**شیرقوتکە şîrqwitige**: شیرقوتگە یان«شیرکوتگان» یان شیرخۆرشید گیاهیکە کە گولّەکانی لە رەنگی زەرد دەچێت و وەکوو مادەی پەنیرکلّکی لێ وەرئەگرن. شیرەی ئەم گیایە تیزاویە و کەلەمە ئەخاتە پێست.

**شیرکوتگان şîrkwitgan** : بنوارە شیرقوتگە.

---

[117] – هەگبەوهەوارگە، نووسینی ئەیووب رۆستەم- چاپی یەکەم- سلێمانی 2003 لاپەرەی 33 .

**شیرماسنەک şîrmasinek** : گیاهیکە لە رووومەتەوە لە «کەوەر» دەچێت و بە قەد یەک بنگۆست بەرز ئەبێت و لە «شنگ» پانترە و بەرگەکەی سەوزی زەقە ولە زۆربەی شوێنەکان شین ئەبێت. شیرەی ئەم گیایە زۆر تۆخ وسپێ رەنگە وئەگەر لە نێوی شیر ئامێتەی بکەن، شیرەکە ئەبێتە ماست.

**ڤێ vê** : ڤێ یان «بەی»جۆرە داریکی خۆڕسکە و لە مەڵبەندی کوردەواری بە گشتی شین ئەبێت. بەرچاو ترین نموونەی ئەم دارە«شووڕەبە»یە. پێستی سپێ ئەم دارە ئەتاشن و ئەیکوڵێنن و خەسی ئەکەن ولە پارچەیەک ئەپێچن کە زۆر تاڵە و وەک سارێژکەری سەرئێشە و نەخۆشی «کەلەمیقاو» یان «سینۆزیت» کڵکی لێ وەر ئەگرن.[118]

**فلووس filûs** : گیاهیکە کە بەرەکەی لە غەلآفێکدا هەشارە و خەڵک ئەم بەرە لە ئاوی دەکەن و ئەتێلنن و بۆ دڵ ئێشەی زارۆکان زۆر باشە.

**قاقووڵە qaqûl̂e**: گیاهیکی دەرمانییە.

**قڕام qirâm** : گیاهیکە زیاتر لە باتلآخەکان شین ئەبێت و لە «زەل» دەچێت.

**قورینجگ qwirîncig** : گیاهیکە لە «هەپووڵک» دەچێت و بەرگی نییە و وکوو قارچگە دمەلآن لە ژێری زەوی سەر بەرز ئەکا و خواردەمەنییە و خەڵکان بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشی خورەمیرە یان (جوع) کڵکی لێ وەرئەگرن.

**قوزڵقورت qwizilqwrt**:گیاهیکی زۆر تاڵە و بەرەکەی بە قەد دانەی تەزمێرە و زیاتر جاڵجاڵۆکە لە سەریدا هێلآنە دەکا و زۆر ژەهراوییە و هەر حەیوانێک لێ بخوات، ئەتووپێت.

**قوژە qwije** : گیاهیکە وەکوو قوزڵقورت.

**قۆمام qomam** : قۆمام یان قۆمامیلە کە لە فارسی «گەندۆمی وەحشی» پێ ئەڵێن؛ جگە لەوەێکە جۆرە قارچگەیکە، گیاهیکە کە چیمەنیشی پێ ئەڵێن و خۆراکی مەڕ ومالآتە.

---

[118] - ئەم بابەتە لە دەمی باوکم بیستوومە.

ئەوەی کە ئەبێتە قارچگە لە راستیدا جۆرە قارچێکی ڤیرۆسییە کە لە ریشەی ئەم گیایە ئەخوات و ئەبێتە قارچگەی خۆراکیکە قارچگ قۆمامیلەی پێ ئەڵێن.

**قەرەقاچ qereqaç** : قەرەقاچ یان«قەرەقاژ» یان «گەنمەگیا» گیایکە لە گەنم دەچێت و خۆراکی مەڕ و ماڵاتە.

**قەژیەڵێ qejyeĺê** :گیاهیکی زۆرتاڵە ولەفارسیدا «ژاڵە»ی پێ ئەڵێن و بەرگەکانی زۆر بچووک وخۆش ڕەنگە. خەڵک بەگشتی ئەم گیایە لە سەر زەوی کشت وکاڵ ئەنێن و باوەڕیان وایە کە دژی چاوی بەدە وچاوی بەد کوێر ئەکا. ئەبێ بزانین کە ئەگەر حەرام گۆشتێک وەک کەر یان قاتر قەژیەڵێ بخوات، ئەتووپێت.

خەڵک بە گشتی گیای قەژیەڵێ لە گەڵ دووشاوی تۆ ئامێتە دەکەن بۆدەرمانی نەخۆشی «سەودا».

**قەڵتاس qeĺtas**: گیاهیکی خۆڕسکە وزیاتر لە قەراخی مەزرای گەنم و جوێ و تەپۆڵکەکان شین ئەبێت و لە کاتی خۆی و لە جووانی خۆراکی مەڕ وماڵاتە.

**قەڵتاسە گیا qeĺtase gîa**: بنوارە قەڵتاس.

**قەنشەکەرووک qenşekerûk**: بنوارە شەکرووکە.

**قەیناخ qeynax** : گیاهیکە

**کاڵگەماران kaĺigemaran** : یان کاڵکەمارانە گیاهیکە لە زەویە دەیمییەکانی نزیک بە کێف شین ئەبێت و بەرەکەی وەک کاڵکە و زۆرتر خۆراکی مەل و مووڕە. لە فارسی و عەرەبیدا « هندوانە ابوجهل»ی پێ ئەڵێن.

**کراوی kirawî** : گیاهیکە لە تیرەی«کاکتوسیان»ە و لە فارسیدا «ئانغۆزە»ی پێ ئەڵێن کە لە کوێستانان شین ئەبێت ودڕکینە وبەرگەکەی وشک ئەکەن ولە خۆراکگەلێک کە ئەبێ بە رۆن سوور بکرێت وەکوو «کفتە» ئەکەن و تامی خۆش ئەکا.

**کرتک kirtik** : بنوارە هرێز

**کرف kirf**:جۆرە داریکی بچووکەکە لە قەراخی چۆم و رووبارەکاندا شین ئەبێت وبەرەکەی وەک «هەڵەڕەزگە » یە وخواردەمەنییە. خەڵکان ساق وپەلی ئەم دارە بە تەڕی ئەسووتێنن و کەفێک لێ وەرئەگرن کە بۆ دەرمانی نەخۆشی «گەزنەک» کە جۆرە جۆزامێکە کڵک وەر ئەگرن.[119]

**کرمکوژە kirmkwije** : گیاهیکە کە ریشەکەی ئەکوڵێنن و دووایی خەسی دەکەن بۆ دەرمانی سووتیان بە کارێ دێنن. هەروەها بۆ تێک دادانی کرم لە ران و مێگەل.

**کوچگەخودایلە kwiçigexwidayle**: گیاهیکی کێویە و بەرەکەی وەکوو بەڕۆە و خەڵکان لە کاتی کەم بارانی و قات و قڕ بەری ئەم گیایە دەهاڕن و لە گەڵ ئاردی بەڕۆ یان گەنم و گەنمەشامی تێکەڵ دەکەن و وەکوو نان ئەیخۆن.

**کوچگەقلا kwiçige qiɫa** : جۆرە گیاهیکی کە لە مەزرا و مەغەزارەکاندا شین ئەبێت و بەرەکەی بۆ ساڕێژ کردنەوەی ئێشی ددان وهەروەها کرمی ددان زۆر باشە. بۆ زانیاری زیاتر بنوارە (مێەس هەسەڵ)

**کوڕی فڕی kwirî firî** : گیاهیکە خۆراکی ئاژەڵەکانە.

**کوڵەزووانە kwiɫe zuwane** : گیاهیکە لە «چەورگی» دەچێت و رەنگی بەرگەکانێ ئەسپییە ودڕک و داڵی هەیە و ریشەکەی رەنگی سوورە وبە قەد یەک بنگۆستە. ریشەی ئەم گیایە لە رۆنی دان سووردەکەن و بە باشی ئەتلێنن و بۆ دەرمانی دمەڵ و کوورەک و«وایێ ستویەر» و هەر وەها سووتیان بە ئاوی کۆڵ بە کاری دێنن.[120]

**کووڵ kûɫ** : گیاهیکە لە «ستویەرانە» دەچێت وهەندێک بچووکترە و بەرگەکانی پانترە.

**کەتان ketan** : گیاهیکە کە بۆ ئاهار و پاقژکردنەوەی جل و بەرگ و مافۆر کڵکی لێ وەر ئەگرن.

---

[119] – ئەم بابەتە لە دەمی باوکم بیستوومە.

[120] – ئەم بابەتە لە دەمی کاک قودرەت دارابی بیستوومە.

**کەرتەشی kerteşî** : بنوارە شەکرووکە.

**کەما kema** : کەما یان کەمە گیاهیکە لە تیرەی «کەرە فسیان» و هەروەک کـەرەوسـە و بۆنی تۆندی هەیە و هەر لە بەر ئەمە مەڕ ومالآت لێ ناخۆن و دووایـی کـە وشـکێ دەکـەن و بۆنەکەی تێک چوو ئەدەنە مەڕ و مالآت.

**کەمەوبێڵەهەڕ keme û bêĺeher̂**: گیاهیکی خۆڕسکە و بە قەد بەرۆژەیە و بـەرگـەکـانی پانترە. خەڵکان بەعام رۆنی دانی لێ ئەدەن وبە ئاژەڵەکان ئەدەن و باوەڕەن وایە کە ئافەت و نەخۆشی لە رانەکەیان دوور ئەبێتەوە.

**کەێکوو keêkû** : کەێکوو یان کەێکم داریکی کێفیـە و بـۆ خـۆی لـە ئـەوپـەڕی جووانییـە. بابەتێک سەبارەت بەم دارە هەیە و ئەمەش «وێنەگرتن»ە. لە مانگی گوڵان و ئەم کاتـە کـە باڵەندەکان بەگشتی خەریکی هێلانە کردنن، ئەگـەر باڵـنـدەیـەک لـە سـەرلقیکـی ئـەم دارە دا بنیشێ، وێنەی ئەم مەلە ئەکەوێتە سەر لق وپووپی ئەم دارە بەمجۆرە کە کاتێک لـە چـووی داری کەێکوو ئەمزگ سیکار یان هەر ئامرازیکی زینـەتـی سـاز ئـەکرێت؛ئـەبینـین کـە وێنـەی مەلێک خۆی پشان ئەدات.[121] بۆیە زۆربەی خەڵک لە سـەر ئـەم بـاوەڕەن کـە داری کـەێکـوو وەک کامێرا، وێنە دەگرێت ولە سەرشاخە کانی ئەم دارە کەل وپەلی تەزئینی سازدەکەن.

**کیرگەخەرانە kîrgexerane** : گیاهیکە زیاتر لـە مـەزرا شـین ئـەبێـت و بـەرگـەکـانی بـە رەنگی سوور و رەشە و ساقەکەی وەکوو قاقۆڵ لە نێو بەرگەکانی سەربەرز ئەکا و بە (میل سۆرمانک)یش بە ناوبانگە و خواردەمەنی نییە.

**کیمیا kîmya** :گیاهیکە کە تم ودایم سەوزە وتەنیا یەک چۆزەڕەی هەیە و بەرگـی نییـە و لە وەرزی پاییز کە گژ و گیا چرمساوە، شین ئەبێت وخەڵک بە گشتی لە سـەرئـەم بـاوەڕەن کە هەر ئاژەڵێک ئەم گیایە بخوات؛ ددانی ئەبێتە زێڕ. ئـەم رەوایـەتـەی خـووارە ئامـاژە بـەم حێکمەتە ئەکا کە لە دەمی باوکم بیستوومە.

---

121 - ئەم بابەتە لە دەمی کاک قودرەت دارابی بیستوومە.

——— «تەمەنم دەهـ دووانزە ساڵ بوو کە خزمی خۆمان «کەێخودا حسەینقولی» وتی کە لە گوندی «کوورگ kûrig »سەربە ناوچەی«چەرداوڕ» ئازاخان ناوێک کە نەچیرەوان بووە و برای«نەزەرخان» دەوڵەمەندی ئەم ناوچەیە بووە؛ لە کاتی شۆمکردن لە زەویەکەی لە پاڵی کێفی کوورگ، دیوە کە پەڵنگێک هێرش کردە سەر ران و مێگەلێک لە کەڵی کێفی و دوو کەڵی بریندار کرد و خەریکی خواردنەوەی یەکێکیان بوو و ئازاخانیش لە ترسی گیان، خۆی هەشار ئەکا و پەڵنگەکە کە چوو، دیوە کە کەڵێک لە پاڵی دارێک نیمە گیان کەوتووە.

ئازاخان کەڵەکە ئەکۆژێت ولە گەڵ خۆیەوە دێنێتە ماڵ. لە کاتی سەروپێ کردنی تێدەگەی کە سێ دانە لە ددانەکانی زێڕە. »[122] زۆربەی خەڵکی گوندی کوورگ و چەرداوڕ ئەم ڕووداوەیان لە بیرە و زۆر باس لە سەری دەکەن.

**گاتووپە ga tûpe** : بنوارە گیاتووپە

**گوچانەگیا gwiçane gya** : بنوارە هۆلەیلە.

**گورگاس gwirgas** : گیاهیکە بەرەکەی بە قەد جۆیە و زۆر تاڵە.

**گوڵ گازووان gwiٱ gazuwan:** گوڵیکی خۆرسکە و دەمکەردەی بۆ دەرمانی دڵ ئێشە زۆر باشە. هەروەها ئەوانەی کە خوێنیان خەسە دەمکەردەی گوڵ گازووان بۆیان باشە.

**گوڵ گاوجفت gwiٱi ga û cift:** گیاهیکە کە گوڵەکانی کەوە و لە ناوەوە سپیە و کە دەهـ ماوەتە کاتی جۆتیاری (سەرەتای پاییزی کوردی) شین ئەبێت و زۆر جووانە و خواردەمەنیە.

**گوڵەچەرمێ wiٱe çermê**: جۆرە گوڵێکە کە لە گیای برێنداس دەچێت و لە چەمەنزاران شین ئەبێت.

---

[122] – ئەم بابەتە لە دەمی باوکم بیستوومە.

خەڵک بە گشتی بۆ دەرمانی دڵ ئێشە و سەر ئێشە کلّکی لێ وەر دەگرن. هەروەها خەڵک بە عام لە کاتی کوڵاندن، دەم و چاوی خۆیان لە سەر بۆخارەکەی ئەگرن و باوەڕیان وایە کە بۆ چین وچرووکی دەم وچاو باشە.

**گوڵەزەردە gwiĺe zerde:** گوڵێکە وەکوو گوڵە چەرمێ بەڵاّم ساق و گوڵەکەی لە زەرد دەچێت و خاسییەتی گوڵەچەرمێیی هەیە.

**گون کاوڕە gwin kawirê** : گیاهیکە لە مەزرای گەنم و جوێ شین ئەبێت و دووپەلە و خواردەمەنییە.

**گونگەتەقە gwinge teqe** : گیاهیکە

**گونووڕ gwinûr̂** : گیاهیکە لە کوێستانان شین ئەبێت و وەک بەڕەزا لە جووانی بە ناو بانگە. ئەم گیایە بە تەڕی ئەیکوتن ولە گەڵ سۆرمە ئامێتەی دەکەن وچاوی پێ کڵ ئەدەن. هەروەها خەڵک بۆدەرمانی نەخۆشی «ئاو مرواری» سێپەلاکی پەز لە شیش ئەدەن و کەبابی دەکەن و لە کاتی برژان کەفێک لێ دەرئەچێ کە ئەم کەفە دەگرن و لە گەڵ گونووڕ و سۆرمە ئامێتە دەکەن چاو پر ئەڕەژن.

**گەزەرەمتۆشان gezeremüşan** : گیاهیکە لە دامەنەی تەپۆڵکەکان شین ئەبێت و لە «گەزەر» یان گێزەر دەچێت و خواردەمەنییە.

**گەون gewn:** گیاهیکی خۆڕسکە زیاتر کە کێف شین ئەبێت. کەتیرا کە وەک سەرشۆریکی سرۆشتییە لەم گیایەیە. جۆرە گەونێک هەیە کە (گاگەون) پێ دەڵێن و بۆ دەرمانی گەڕی زۆر باشە. گاگەون بە تێشە ئەیبڕن و لا قەزیانێک بە باشی ئەیکۆڵێنن و دووای خەس بوون وەکوو خنییە ئەنوێنێت و لە سەر شوێنی گەڕی ئەماڵن و دووایی مۆی تازە شین ئەبێت.[123]

---

[123] – ئەم بابەتە لە دەمی باوکم بیستوومە.

**گیاتووپە gyatûpe** : گیاتووپە یان گیاتووقە لە زۆربەی مەرغەزاران شین ئەبێت و وەک یۆنجە یان یەوە. هەر بەم بۆنەوە ئاژەڵەکان تووشی هەڵە ئەبن و ئەیخۆن و چۆنکە گیاهیکی ژەهراویە ئەیانکوژێت.هەر بەم بۆنەوە پێ ئەڵێن «گیاتووپە»

**گیاداخ gyadax** : گیاهیکی خۆڕسکە لە وەرزی بەهار بە فراوانی دەست ئەکەوێت و گوڵەکەی لە رەنگی زەرد ئەچێت و تیزاوییە بەمجۆرەی کە ئەگەر بەرگی گوڵەکەی هەروا لە سەر پێست دابنێن، دووای چەند خولێک پێستی دەست ئەسووتێت. لە گیاداخ بۆ کاری رەنگرەزی کردنی مەوج ومافۆرە کڵک وەر ئەگرن. بۆ ئەوەیکە لە کاتی ئاڵوگۆڕ کردنی رەنگەکان لە قەزیانی رەنگرەزی؛ رەنگ باشتر خۆی بنوێنێت و بەردەوام بێت پێویستە تیزاو ئامێتەی قەزانی رەنگڕەزی بکرێت وباشترین تیزاو،تیزاوی سرۆشتیە وئەم تایبە تییە لە گیاداخ هەیە.هەر بۆ ئەم تایبەتمەندیانەیە کە مافۆرەی دەستبافی کوردی ئەوەندە رەنگ خۆش و بەر دەوامە. «بۆ زانیاری زیاتر بنوارە مانگا»

**گیاژان gyajan** : گیاهیکە کە وەک چای دەمێ ئەکەن و ئەیخۆن. خەڵک بە عام دەڵێن بۆدەرمانی هەرژانێک باشە. هەروەها لە پێشوو ژنان لە گیاداخ بۆ بەرخستن یان «سقتی جەنین» کڵک وەرگرتنە وهەروەها گیایکی ئارم کەری عەعسابە. ئەم گیایە لە سێ ناوچەی ئێران بە گشتی شین ئەبێت 1 – گوندی زەردە لە کرنی رۆژئاوا 2- گوندی چووارزەوەر لە شاباد 3- ناوچەیەک لە خۆراسانی ئێران.

**گیروڵک gîrulîk** : گیرووڵک یان گوڵێروو یان گوڵ هێروو گیاهیکە کە لە مەزراکان شین ئەبێت وخەڵک ئەم گیایە و «گیلوو» کە ئەوەش بۆ خۆی جۆرە گوڵێکە لە گەڵ زەردینەی هێلکە تێکەڵاو دەکەن و وەک سەرشۆرێکی سرۆشتی کڵک لێ وەرئەگرن. هەرئەم گیایە و ئاوی توێکڵی پرتەقاڵ لە شارەزوور بۆ قژ رووتانەوە«تاسی» کڵکی لێ وەرئەگرن.[124]

**گێلاخە gêlaxe** : بنوارە ئێلاخە

---

[124] – هەگبەوهەوارگە، نووسینی ئەیووب رۆستەم- چاپی یەکەم- سلێمانی 2003 لاپەرەی 33 .

**گینوو gînû** : گیاهیکه که له گەرمیان شین ئەبێت و ریشەکەی غۆدەئیی وچەورە و خواردەمەنییە.

**لیچگ lîçig** : لیچک یان«لیچگە»یان«لیچەک» گیاهیکی خواردەمەنییە.

**لیکه lîke** : بنوارە خەرخنکنە.

**مارگی marîgî** : گیاهیکە کە لە گەرمیان شین ئەبێت و لە گزێ دەچێت و بەرەکەی وەک گوێزە. بەری ئەم گیایە بۆ دەرمانی نەخۆشی ژان وژوو یان «رۆماتیسم» زۆر باشە.

**مانگاوەکەڵ mangâ we keɫ** : گیاهیکی خۆڕسکە و لە زۆربەی مەڵبەندی کوردەواری شین ئەبێت و لە گیای «چەویر» دەچێت و رەنگی سووری تۆزکاڵە و گوڵەکانی بە رەنگی کەوی تۆزکاڵە و لە فارسی«گولی جالیزی»ی پێ ئەڵێن. خەڵک بە گشتی لە سەرئەم باوەڕەن کە ئەگەر مانگا کەڵی نەگرێت؛ واتە لە کاتی کەڵگرتنی بچێت و جۆتخواز نەبێت، ئەم گیایە لە مێینەی دابنێن خۆبەخۆ کەڵ ئەگرێت.

ڕاستیەکەی وایە کە ئەم باوەڕە وا نییە بەڵکوو لە گیای مانگاوەکەڵ جۆرە مادەیکی هەیە کە ئەبێتە هۆی خوریکی مێینەی مانگا و مانگا جۆتخواز ئەبێت و بە بێ ئەوەی کە ئێمە بیبینین؛ لە گەڵ کەڵگا جۆت ئەبێت و کەڵ ئەگرێت.

**ماین دوو mayni dû** : گیاهیکە لە «قرام» دەچێت و خۆراکی مەڕوماڵاتە.

**مۆخۆڕ moxor̂** : گیاهیکی ئەنگەڵییە کە لە فارسیدا «وارواش»ی پێ ئەڵێن و لە سەر داری بەڕۆ ئەژێت و وەک ترێ بەر ئەگرێت و رەنگی لە زەردی تۆزکاڵ دەچێت. مۆخۆڕ لە گەڵ جاجگەتیەڵە بۆ تێک دادانی مۆی بەرتاسکە کڵکی لێ وەرئەگرن. هەروەها ئامێتەی مۆخۆڕ و«جەوَ» و شیاکەێ مانگا بۆ دەرمانی دۆمەڵ زۆر بە کڵکە.

**موورت mûrt** : موورت دارۆچکەیکی زۆرجووان وریک و پیکە ولە کوێستانان شین ئەبێت. لە بەرگی ئەم دارۆچکە یە جۆرە ئەترێک دۆرست ئەکرێت کە کاتی سووتاندن بۆنیکی زۆر

خۆشی هەیە. خەڵک بە عام بەرگی ئـەم دارە ئـەیکـوتن ودووای کوڵانـدن وخـەس کـردن بـۆ دەرمانی دڵ ئێشە و بەرگیری لە کەچەڵی کڵکی لێ وەر ئەگرن.[125]

**ملچانە miĺçane** : گیاهیکە لە مەزرای چەوەندەر شین ئەبێت.

**ملوور milûr** : بنوارە هۆرووم.

**مەڵهو meĺhu** : گیاهیکی بۆنخۆشە.

**مەوژکاولی meüjkawlî** : گیاهیکە لە سێفەزەمینە دەچێت.

**مێرزاگنگ mêrzaginig**: گیاهیکە کە ریشەکەی خواردە مەنییە.

**مێرەنخە mêrenixe** : گیاهیکە کە لە گەرمیان شین ئـەبێـت و بـۆ دەرمـانی ئێـشی ددان باشە.

**مییەگرەک mîyegirek** : جۆرە دڕکێکە لە پەیکوڵ دەچێت وبە تایبەت لە قەراخـی چـۆم و رووبارەکانی گەرمیان شین ئەبێت.

**نێرووک nêrûk** : گیاهیکی هەرزەیـە کـە بۆخـۆی «ئـەنگـەڵ»ە لـە پـاڵ سـیرمووکە شـین ئەبێت.

**وشکەبەن wişkeben** : وشک کراوەی گژ و گیایە کە بۆ بەرگیری لە خوێنڕشتن لـە سـەر زام دائەنێن.

**وزم wizm** : وزم لە راستیدا پێستی داری«وەن» یان بەنێشتە کە ئەیهاڕن و وەک خنییـە و وەسمە خۆی ئەنوێنێت وبۆ نەرمکردنی ئیسقانی داشکاوە کـە چـەوت جووشـی خـواردووە، کڵکی لێ وەر ئەگرن.

وزم لە گەڵ«دۆیە»ی بەرخ یان رۆنی دان لە سەر«کییەرە متو » ئەکەن و لە سەر ئەنـدامی داشکاوەیەک کە بە باشی جێ نەکەوتووە دا ئەنێن و دووای دوو رۆژ ئیسقان نەرم ئەکاتەوە

[125] – ئەم بابەتە لە دەمی کاک کەیوومەرس رزایی بیستوومە.

و ئەو کەسە کە لە کاری«پەل وپووگرتن» پسپۆڕ وشارەزایە ئەتوانێ بە راحەتی ئیسقانەکە بشکێنێ و سەر لە نوو جێی بخات.[126]

**هڕ hir̂** : گیاهیکی زۆر تاڵە کە لە کوێستانان شین ئەبێت و خۆراکی کەڵی کەچە. کەڵی کەچ جۆرە کەڵێکە کە زۆر زیرەکە ونەچیرەوانەکان وا بە ساکاری ناتوانن نەچیرێ بکەن. پەندیکی پێشنان ئەڵێ: سەر کەڵ کەچ هاوردیە. واتە کاریکی ئەوتووی کردووە.

**هرێز hirêz** : هرێز یان«کرتک» یان«قۆمام»گیاهیکە کە لە پاڵی مەزرا شین ئەبێت ولە هەر کەش وهەوایەک ئەتوانێ بڕێت وباشترین خۆراکە بۆ مەڕوماڵات. بنوارە چاێر.

**هلیت hilît** : هلیت یان«هڵێتەر» یان «هلێرە» یان «هلێر» گیاهیکە لە « کەودڕگ» دەچێت ولە فارسی «قیاق» ی پێ دەڵێن وخۆراکی مەڕ و ماڵاتە. ئەم گیایە ئەگەر هەوتەیەک یەک را ئاوی پێ نەدرێت بە گشتی ژەهری ئەبێت و مەڕ وماڵات کە لێ بێخون، ئەیکۆژێت.

**هۆرووم horûm** : هۆرووم یان «ملوور» یان «بلوور» لە مەزرای گەنم و جۆی شین ئەبێت وخۆراکی مەڕ و ماڵاتە و لە تیرەی«کۆنجدیان»ە وتامی تاڵە ولە فارسی «تەڵخەک» ی پێ ئەڵێن.

**هۆلەیلە holeyle** : گیاهیکە لە ماش دەچێت و خواردەمە نییە و بۆ چارەسەر کردنی بەردی گورچیلە و مێزڵدان کڵکی لێ وەر ئەگرن.

**هەپڵووک hepl̂ûk** : هەپڵووک یان «هەپووڵک» گیاهیکە لە کوێستانان شین ئەبێت و ریشەکەی وەک سێفە زەمینەیە و خواردەمەنییە.

**هەڵەڕەزگە hel̂r̂ezige** : هەڵەڕەزگە یان رەزگی گیاهیکە کە زیاتر لە مەزرای چەوەندەر شین ئەبێت و بەرەکەی وەک تەماتەیە و بە قەد نۆکێکە. خەڵک بە عام بۆدەرمانی کرمکۆژی لە دەست و پێ لە ئەم گیایە کڵک وەر ئەگرن.[127]

---

[126] - ئەم بابەتە لە دەمی باوکم بیستوومە.

**هەنگز hengîz** : گیاهیکە کە وەک هریَز زوو بە زوو شین ئەبیَت و خۆراکی مەڕ وماڵاتە.

**هەوەژووڵە hewejûĺe** : هەوەژووڵە یان «هـەوەژووە» یـان «هـەوەژە» گیاهیکـە کـە لـە کویَستانان شین ئەبیَت بۆ دەرمانی سووتیانی لەش باشە.

**یەێ وەڵنگە yeê weÎngê** : گیاهیکە

---

[127] – ئەم بابەتە لە دەمی کاک کەیوومەرس رزایی بیستوومە.

## نەخۆشییەکان لە ئینسان وحەیوان.

**ئاتەشەک ateşek** : ئاتەشەک یان«ئاتەشە، ئاتـەشـە پـەڕی، تـاخورِ، پێـسی» نـەخۆشـی جۆزام یان«سەودا» یان «ئگزما»یە لە ئینسان و بۆمەڕ و ماڵات «ئەڵە»ی پێ ئەڵێن. ئەم نەخۆشییە لە زاراوەکانی دیکەی کوردی «بیرۆ، تەڕ، تەڕە بیرۆ»ی پێ ئـەڵـێن. خـەڵـک بـە عام لە سەرئەم باوەڕەن کە ئەوەی کە تووشی سەودا بووە ئەگەر لـە شـوێنێکدا رابوورێـت و زامەکانی زق زق بکا لەم شوێنە «گەنج»ێک هەشارە و ئەتوانێت بدۆزێتەوە.

**ئارنگ arinĝ** : نەخۆشی ئاژەڵە

**ئازار azar** : نەخۆشی «سفلیس»

**ئازارسێ azarsê** : ئازارسێ یان«ئاکڵە» یان «ئاکڵە و زڵزڵە» هەرئەو نەخۆشی «سـڵ»ە. وشەی«سێ» مەبەست «سێپەلاک»ە.

**ئاکڵە akiĺe** : نەخۆشی«سڵ»

**ئاکڵەوزڵزڵە akiĺe û ziĺziĺe** : نەخۆشی«سڵ»

**ئاڵنگ aĺinĝ** :لە راستیدا نەخۆشی نییە. ئاڵنگ یان «ئاڵێ» بریتییە لە خـڕ بـوونی ژێـری هەنگێز ئەو کاتە کە زام باش ئەبێتەوە کە ئەوەش لە بەر فەعالییەتی «غودەی لـەنفاوییـە» کە زیاتر لە بنی هەنگڵ و نێوانی ران کوو بوونەتەوە.

**ئاوڵە awʕe** : نەخۆشییکە کە بە تایبەت کاریگەریی لە سەردەم وچاوە . خەڵک بەگشتی بۆئەوەی کە نەخۆش زووتر باش ببێتەوە، ئاشێک دۆرست ئەکەن کە بریتیە لە نۆک و نیسک وهەفت قنجکە لە هەفت ئەندامی پەز یان بزن کە ئەشێ لە جەگەر و گورچیلە و سێپەلاک و دڵ و قۆرووژنەک و پییە وگۆشت کە پێکەوە بە باشی ئەیکۆڵێنن سێ نۆرەی پێ ئەدەن تا هەمووی لە لەش بێتە دەرەوە . هەروەها بۆ ئەوەی کە منداڵ جۆشی ئاوڵە نەخوات؛ چۆنکە جۆشی ئاوڵە شیرینە، دەستی لە کیسە دەکەن یان بە«نەو» یان نەمەد دەستی ئەپێچن.هەروەها بۆئەوەی کە ئاوڵە لە چاو کاریگەر نەبێت مۆهری نوێژ کردن لە سەر چاوی دائەنێن و باوەڕیان وایە کە ئەم مۆهرە حۆکمی هەیە و ئاوڵە لە چاو دوور ئەکەوێت و چاو مۆهر و مۆمە .[128]

**ئاومرواری aw mirwarî**:نەخۆشییکە لەگزینگی چاو کە ئەبێتە هۆی کەم سوویی چاو.

بۆ زانیاری زیاتر بنواڕە «گونوور». دوو جۆرە ئاومرواری هەیە: یەکم ئاومرواری سیا و دووهەم سپێ کە ئاو مرواری سیا کە پرخەتەرە و ئەبێ جەڕاحی بکرێت.

ئاژەڵ و مەڕوماڵات کاتێک کە تووشی ئەم نەخۆشییە ئەبن ؛ چاوی خۆیان بە خار و دڕک ئەدەن و بەم جۆرە خۆیان جەڕاحی دەکەن.[129]

**ئزر Izir** : نەخۆشی تایبەتی مەڕ ومالاتە بە تایبەت مانگا کە وەک لەکەیەک لە جەگەر خۆنیشان ئەدات و جەگەریان خەراپ ئەکا. ئەم نەخۆشییە لە پەز و بزن «پەز دانگ pezdanig»ی پێ ئەڵێن ومەڕداران ئەڵێن کە لە بەر خواردنی ئاوی ناپاکە.

**ئڵاوردن Iʕawrdin**:جگە لە قەسیان ناوی نەخۆشییکە وەک «ڕەقە» کە لە سمی مەڕ و ماڵات ڕوو ئەدات.

---

[128] – ئەم بابەتە لە دەمی میمکی خۆم لەیلا ڕەشیدی بیستوومە.

[129] – ئەم بابەتە لە دەمی کاک عەبدوڵا عفەتی بیستوومە.

**ئڵەت Iĺet** : نەخۆشی نادیاری مانگا. هەر بۆیە ئەڵێن ئڵەت یان «علت» واتە هۆکاری نەدۆزراوەتەوە.

**ئەڵە eĺe :** نەخۆشی ئاتەشەک لە مەڕ وماڵات.

**بادخام badixam** : نەخۆشییکی نادیارییە کە تووشی  ئینسان ئەبێت.

**باریکی barîkî** : باریکی یان«دەردەباریکە» هەر ئەم  نەخۆشی«ئازارسێ» یان «ئاکلە»یە. خەڵک بە گشتی لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئەگەر ئەسپ تووشی ئەم نەخۆشییە ببێت ئەبێ«قەوزاخ»ی پێ بدەی تا باش ببێتەوە.[130]

**باغە bax̀e** : نەخۆشییکە وەک«وشکە» لە سمی چووار پا و مەڕ وماڵات.

**باڵەشوورە baĺeşûrê** :نەخۆشییکی تایبەت باڵەندەکان بە تایبەت مرێشک کە «ئانفۆلانز ای مرێشک»ی پێ ئەڵێن.

**باوەسیر bawesîr** : باوەسیر یان«باوەستوری» یان « گوڵنگ» نەخۆشی مایەسیرییە لە کۆنی قوون کە ناوی زانستیی نەخۆشی «همورۆئید»ە.

**باوەقووڕی baweqûrî** : نەخۆشییکە لەچاوی ئینسان

**برنگ birnĝ** : نەخۆشی«ئاپاندیسیت» بۆ زانیاری زیاتر بنوارە «تەۆلگی»

**بووبلێنی bûbiĺênî** : نەخۆشییکە کە تووشی زارۆکان دەبێت. بۆ زانیاری زیاتر بنوارە «سرێنجگ».

**بوودژی bûdijî** :نەخۆشییکە کە تووشی ئاژەڵەکان و مێگەل دەبێت و سەر کزیان ئەکا.

**بوورتاخ bûrtax** : بنوارە نەخۆشی «وایَ ستویەر»

**بوورتەو bûrtew** : بنوارە نەخۆشی «وایَ ستویەر»

**بووڵێ bûĺê** : نەخۆشی قۆفە لە مەڕوماڵات.

---

[130] – ئەم بابەتە لە دەمی باوکم بیستوومە.

**بێاوان bêawan** : نەخۆشی بێاوان یان «تاس» جۆرە پـەرکامێکە کـە تووشـی منـداڵان ئەبێت وهەروا بۆ خۆیان کەف لە دەمیان دێت و لە خۆ ئەچن. خەڵک بە گشتی لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئەگەر مۆرەی «تاس» کە مۆهرییکی رەنگ سپێیە وکاتێک لە بەرخۆری ئەگریت زەرد ئەبێتەوە، لە ملی منداڵ بکەیت تووشی ئەم نەخۆشییە نابن.

**بێنم bênim** : بێنم یان «سییەتا» کـە لـە فارسیدا بـە «تـەبـی سیاه» بـە نـاو بانگـە؛ نەخۆشییکە کە تووشی ئینسان ئەبێت وگەرمای لەشێ ئەچێتە سەرەوە بێ ئەوەێ کە ئارەق بکا وسێپەلاکی ئینسان وشک ئەبێت و ئەمرێت. خەڵک بۆ نفرین کـردن ئـەڵـێن : سـییەتـاێ بێنم بەێدە لێد.

**پارەقە parêqe** : پارەقە یان «رەقە» نەخۆشییکە کە لە سمی مەڕ ومالآت بە تایبەت گا و مانگا روو ئەدات ئەگەر دەرمان نەکرێت ئەبێتە نەخۆشییکی تر بە ناوی«شەلگە şelige » کە حەیوان لەڕێ کردن ئەخات.

**پاگرە pagirê** : پاگرە یان «واریس» نەخۆشییکە کە ئینسان تووشی ئەبێت و هۆکـاری ئەم نەخۆشییە خەراپ بوونی دەمارەی «لەنفی»یە.

**پزێ pizê** : نەخۆشییکەکە تووشی ران ومێگەل و بە تایبەت پەز ئەبێت. پـەز بـۆ ئـەوەێ کـە لـە کـاتی رێ کـردن و ملۆچـە کـردن سـەری لـە زەوییـە وقچـی خـوێ لـە سـەر زەوی ئەگێڕێنێت وتووز وخاکی زەوی ئەچێتە قۆرگێ؛ تووشی ئەم نەخۆشییە ئـەبێت و بـە باشـی ناتوانێت نەفەس بکیشێت و تووشی خنکان ئەبێت و دەمادەم قۆفە ئەکا.

خەڵک بەگشتی بۆدەرمانی ئەم نەخۆشییە تیکە چێوێک کە «چوو پـزێ» پـێ ئـەڵـێن و لـە راستیدا ساقەی وشک بووی گیای پاقازەیە لە ملیان دەکەن وباش ئەبنەوە. هۆکاری زانستی ئـەم دەرمانـە ئـەوەیـە کـە گیـای پاقـازە گـازی « ئتیلـین» و «بۆتـان»ی هـەیـە و وەک «ئامۆونیاک» تۆندە و ئەبێتە هۆێ ئەوەی کە خڵت و خاک لە سێپەلاکی پەز بێتە دەرەوە.

**پووپەڕەشە pûperêşe** : نەخۆشی باڵەندەکان، بە تایبەت مرێشکە.

**پووپەکەو pûpekew** : بنوارە پووپەڕەشە.

**پەتەک petek** : نەخۆشییکە لە قوڕگی ئینسان.

**پەرکام perkam** : پەرکام یان«صرع» لە بەرنەبوون یان کەم بوونی کانزای«سۆدیۆم» و «پۆتاسیۆم» لە مێشک روو ئەدات و چۆنکە ئەم دوو کانزایە خۆراکی سەرەکی مێشکە، مێشک تووشی هەڵ ومەرج ئەبێت ومرۆڤ ئەکەوێتە سەر ئەرد وکەف لە دەمێدا بە خۆڕدێتە خوار. خەڵک بە عام لە سەر ئەم باوەڕەن کە پەرکامدار تووشی جن و مەلاکەت بووە بۆیە بە چەقۆ لە چووار دەورێدا کرێک ئەکیشن و وا ئەڵێن کە جن و مەلاکەت لێ دوور ئەبێتەوە. شێوەیەک تر بۆ دەرمانی پەرکامدار هەیە کە دەقاودەق لە سەر رێبازی زانستییە. ئەوەش بریتییە لەوەی کە ئەوەی کە تووشی پەرکام بووە رووت ئەکەن ولە خۆڵەمێشی بەرۆ دائەنێن.

خەڵک بە عام وا بیر دەکەن کە جن و مەلاکەت لە ئاگر دەترسن و بەری ئەدەن بەلام لە راستیدا وا نییە و ئەم کارە بۆ خۆی دەرمانیکی زانستییە. هەروا کە وەتمان نەخۆشی «صرع» لەمەر نەبوون یان کەم بوونی کانزای «سۆدیۆم و پۆتاسیۆم» لە مێشکە و خۆڵەمێشی بەرۆ یان هەر سووتەمەنییکیتر کە لە چێو بێت؛ پۆتاسیۆمی خاڵێسە و لەشی پەرکامدار لە بەر ئارەقێک کە لە کۆنی پێستی دێتە دەر لە گەڵ ئەم کانزایە ئامێتە ئەبێت و سەر لە نوو جەزبی لەش ئەبێتونۆقسانی ئەم کانزایە لەلەش جۆبران ئەبێت و پەرکامدار وەک پێشوو باش ئەبێتەوە.[131]

**پەزدانگ pezdanig** : نەخۆشی ئزر لە پەز و بزن. بۆ زانیاری زیاتر بنوارە «ئزر».

**پەنجەشێر pencesêr**: یان«شێرپەنجە»یان «واتەشەک» یان«ناونەوەر» کە لە زاری عەرەبیدا «سەرەتان» ی پێ ئەڵێن.گەلی یارستان بە گشتی خواردنی گەدە و قووزی بەراز بۆ دەرمانی ئەم نەخۆشیە بە باش دەزانن.

---

[131] – ئەم بابەتە لە دەمی باوکم بیستوومە.

**پەنیرکە penîrke** : نەخۆشی «بەرفەک» یان «ئاف» لە دەم و لسی منداڵان.

**پێسی pêsî** : بنوارە «ئاتەشەک»

**تا ta** : نەخۆشی «تا» لە راستیدا بیمارییکی رەوانییە و ئەمەش بریتی لەوەیە کە کەسێک کە تووشی ئەم نەخۆشییە ئەبێت؛ داوای خواردەمەنییک ئەکا و ئەگەر بۆی حازر نەکرێت هەر بە راستی ئەمرێت.

**تاخۆڕ taxor̂** : بنوارە ئاتەشەک.

**تاونە tawine** : نەخۆشی «تاعوون».

**تفەنگچی tifenĝçî** : نەخۆشی شێرپەنجەی مەڕ و ماڵات.

**تنگسە tinĝîse** : نەخۆشی تایبەتی پەز و بزن کە پشت و ئێسقانی پشتی پەز وبزن پووچەڵ ئەکا.

**تەبغە tebẍe** : تەبغە یان «تەبەق» نەخۆشییکە لە سمی مانگا و وەک «رەقە»یە.

**تەنگەسە tenĝêse** : تەنگەسە یان «تنگەسە» هەر ئەم نەخۆشی «ئاسم» لە ئینسانە. بنوارە ستۆچەڕ

**تەوەسێڕوو tewesêr̂û**: تەوەسێڕوو یان«تەوەسێوەڕو و» لە فارسیدا «تەبی ماڵاریا»پێ دەڵێن. بنوارە بەشی «ماخەر».

**جفتەسنان ciftesinan** : جفتەسنان یان«سنان» هەر ئەو نەخۆشی شێرپەنجەیە بۆ ئەسپ و وشتر.

**چاڵمە çal̂ime** : نەخۆشی مەڕوماڵات بە تایبەت ئەسپە. ئەگەر ئەسپ لە کاتی ماندوویی کە ئارەقی کردووە، ئاوی پێ بدەن تووشی ئەم نەخۆشیە ئەبێت و قوڕگی چرکین ئەبێت و ئەمریت. هەروەها چاڵمە یان «خەرمڕ» ناوی نەخۆشییکە کە تووشی منداڵی چلیار ئەبێت و لە کاتی خەوتن وەک دڕندە مڕ ئەکا و لە خۆی ئەچێت. بۆدەرمانی ئەم نەخۆشییە؛

کراسی بەری منداڵەکە لە پشتەوە گرێ ئەدەن وبە مەقەست ئەبڕن ومنداڵەکە لـە «پـالآنی» کەرێک دائەنێن و پێکەوە لە خۆڵەمێشی دائەنێن تاباش ببێتەوە.[132]

**چاوگلی çawgilî** : چاوگلی یان «چەوئێشی»جۆرە نەخۆشـییکی تایبـەتـی وەرزی پـاییزە کە زیاتر لە مەر گەرت و خاکە. بۆ دەرمانی ئەمنەخۆشییە قەرسەقولی ماکەر ئـەسـووتێنن و قانگی چاوی لێ ئەدەن.

**چەوێشی çewêşî** : بنوارە چاوگلی .

**خورە xwire** : نەخۆشی سفلیس.

**خورەمیرە xwiremîre** : خورەمیرە یان «گێـەهـڕ» هـەر ئـەم نـەخۆشـی «جـوع»ە لـە ئینسان و بۆ حەیوان«دلیمە»ی پێ ئەڵێن.

**خووف xûf** : نەخۆشی پەرکام

**خەرمر xermir̂** : بنوارە چاڵمە.

**خەرمیرگ xermîrig** : نەخۆشی کەرکۆژە.

**خەنازیل xenazîl** : نەخۆشییکە کە ئەبێتە هۆی چرکین بوونی قۆرگ لە ئینسان.

**دانتوکە danüke** : نەخۆشییکە کە بە گشتی تووشی ران و مێگەل ئەبێت وجـم وجۆلیـان ئەبڕێت.

**دانێە danêe** : نەخۆشییکە کە تووشی پـەزئـەبێت وگـوانی پـەز ئـەسـتوور ئـەبێت ووەک بالیک و دمەڵ لێ ئەکەوێتەوە و شیرەکەی وەک ئاو ئەبێت.

**درک dirk** : بێحاڵ بوونی لەش لە بەر ڤیرووسی سەرمایە.

**درم dirm** : نەخۆشی «زۆکام» کە بریتییە لە سەرما خواردنی وەرزانە.

**دغا dix̀a** : نەخۆشی منداڵان بە گشتی دغای پێ ئەڵێن.

---

[132] – ئەم بابەتە لە دەمی کاک قودرەت دارابی بیستوومە.

**دڵ پێچە dił pêçe** : ئەم نەخۆشییە زیاتر لە منداڵان کاریگەرە و لە فارسی «روو دڵ»ی پێ ئەڵێن و بریتیە لەوێ ڕیخۆڵەی منداڵ ئەکەوێتە پێچ. بۆ دەرمانی ئەم نەخۆشییە خەڵک قۆڕی بیر یان چاڵاو لە گەڵ ڕۆنی دان ئامێتە دەکەن و لە سەر سکی زارۆک پانی ئەکەن و وەک «پەپگ» یان نانی بچووک دۆرستی ئەکەن و دووایی بە کارد یان چەقۆ ئەیبڕن و ئەڵێن کە:

«ڕۆ دڵێ بڕیمنە» و زارۆک باش ئەبێتەوە.[133]

**دڵەکوتە dіłwkwite** : نەخۆشی «تەپشی قەڵب»

**دلیمە dilîme** : نەخۆشی خورەمیرە لە ران و مێگەل کە ئەبێتە هۆی بێحاڵی و ناتەوانی ران و مێگەل.

**دەردەباریکە derde barîke** : بنواڕە ئازارسێ.

**دەم وێرانی dem wêranî** : نەخۆشییکە کە دەم و لێوی ئاژەڵەکان زامارەدەکا ولە فارسی «تەب بەرفەکی» پێ ئەڵێن.بۆدەرمانی ئەم نەخۆشییە ئاوی گیای« تەشنەداری» لە سەرێ ئەکەن و باش ئەبێتەوە.

هەروەها بەرگی داری وەن یان بەنێشت بە تەڕی ئەیکوتن و ئەکوڵێنن و خەسی دەکەن و لە سەری ئەم نەخۆشییە ئەرژێنن تا باش بێتەوە.

**ڕەشەمێز reşe mêz** : نەخۆشییکی ڤیرۆسییە کە تووشی ئاژەڵ ئەبێت و ژێری دمەیان ئەگۆڕێتە سەر ڕەنگی زەرد و وردە وردە زامار ئەبێت.

**ڕەقە reqe** : ڕەقە یان«سماقە» نەخۆشییکە کە ئەبێتە هۆی دوولەت بوونی سمی مەروماڵات.

**ڕیکە rîke** نەخۆشی بەڵەفیرە.

---

[133] – ئەم بابەتە لە دەمی کاک قودرەت دارابی بیستوومە.

**ڕیەخزڵە rŷexiziŀe** : نەخۆشییکە وەک پزێ کە تووشی ئاژەڵەکان و بە تایبەت پەز ئەبێت.

**زووە zuwe** : نەخۆشییکە وەک «کەوڵە» کە زیاتر لە ئەنگۆستی دەست و ژێری نەینۆک روو ئەدا و ژانی زۆرە و ئەنگۆست سوور ئەبێتەوە. بۆ دەرمانی ئەم نەخۆشییە خەڵک بەگشتی لە سەرئەم باوەڕەن کە ئەگەرسکی قورواق بدڕیت وئەنگۆستت لە سکی بکەیتەوە، باش ئەبێتەوە. هەر وەها شێوەیەکتر بۆدەرمانی ئەم نەخۆشییە ئەوەیە کە ئەم ئەنگۆستە کە تووشی زووە بووە لە کۆنی لووتی مانگا یان گوور بکەیت، باش ئەبێتەوە.

دەرمانیکیتر بۆ ئەم نەخۆشییە ئەمەیە کە ئارد لە ڕۆنی دان هەویر دەکەن و هەویرەکە لە سەر ئەم ئەنگۆستە کە تووشی بووە دەگرن وباش ئەبێتەوە.[134]

**زەردەگەرمی zerde germî** : نەخۆشی زەردی یان یەرەقانە. خەڵک بە عام بۆدەرمانی ئەم نەخۆشییە ماوەی هەفت ڕۆژ لە کاتی بەیان ئەچنە لای بەشدار و ئەو ئەتفێنێتە نێو دەم و چاویان تا باش ببنەوە. هەر وەها خەڵک بە گشتی ماسی خولگە بۆ دەرمانی ئەم نەخۆشییە بە باش ئەزانن.

**زەردی zerdî** : نەخۆشی یەرەقان.

**ژان ژوو jani jû** : ژان ژوو یان سقان ژان هەر ئەم نەخۆشی«ڕۆماتیسم»ە. بۆ دەرمانی ئەم نەخۆشییە چەند شێوە هەیە کە گشتی ترین وساکار ترینی ئەم دەرمانانە، ژەهری مێشەنگۆێنە.

شێوەیەکتر«چاڵ تاو»ە. چاڵ تاو جۆرە کوانوویکی قووڵە کە بۆدەرمانی ئەم نەخۆشیە دەکەن و ماوەی چەند ساعەت ئاگری تێا روون ئەکەن و نەخۆش لە خۆڵەمێشی ئاگرەکە دائەنێن و بەمجۆرە نەخۆشی لە ڕێگەی ئارەقی لەش دەر ئەچێت.

---

[134] – ئەم بابەتە لە دەمی باوکم بیستوومە.

شێوەیەکتر دەرمان بە پێستی بەرازە کە بەتایبەت لە نێو گەلی یارستان زۆر بابە. بۆ زانیاری زیاتر بنوارە وراز.

لە شارەزوور بۆ دەرمانی ئەم نەخۆشییە گۆشتی رێوی دەخۆن.[135]

**سراجە sirâce** : بنوارە نەخۆشی ئاکلە

**سزیان sizyan** : سزیان یان سووتیان چ بە ئاوی کوڵ بێت چ بە ئاگر بۆ خۆی دەرمانیکی تایبەتیی هەیە.

خەڵک بە گشتی لەگژ وگیا بۆدەرمانی ئەم لێقەومانە کڵک وەرئەگرن بەڵام شێوەیەکی تایبەتی هەیە کە زۆر بە قەوەتە وئەوەشکڵک وەرگرتن لە«لێخەروو چەورە»یە. لێخەروو چەورە یان رێخۆڵەی چەوری پەز یان بزن چەوارشە دەکەن و لە سەر ئاگردا گەرم ئەکەن و بە دوو ئەنگۆست چەوریەکەی ئەگەرن ودووای سەرد بوونەوە لە سەر ئەندامی سووتاو دائەنێن و باشێ ئەکاتەوە.[136]

**سکە sike** : نەخۆشییکە وەک «ئاولە» کە ئاولەی سپێ رەنگێگ لە دەم و چاو خۆ ئەنوێنێ.

**سماقە simaqe** : نەخۆشی «رەقە»

**سمەشەلە simeşele** : نەخۆشی «شەلگە»

**سنان sinan** : نەخۆشییکی تایبەتی وشترە و رەنگە هەر ئەو نەخۆشی «شێرپەنجە» بێت.

**سنگْ سەردڵ singîseri dil** : سنگ سەر دڵ هەر ئەو کرمی «ئاسکاریس» ە کە ئەبێتە هۆی رەنگ زەردی و بێ حاڵی منداڵ. بنوارە تەۆلگی.

---

[135] – هەگبە و هەوارگە- ئەیووب رۆستەم-چاپی یەکم – سلێمانی 2003 – لاپەرەی 32

[136] – ئەم بابەتە لە دەمی کاک قودرەت دارابی بیستوومە.

**ستواوڕ süawir̂** : ستواوڕ یان «ستویەکوڵە» یان «ستورگ» یان «ستویەرد» یان «ستویەوڕک» لە وشەی«ستویە» یان سێپەلاک وەرگێڕ بووە و نەخۆشییکە کە سێپەلاکی ئاژەڵ خەراپ دەکا .

**ستورگ sürig** : بنوارە نەخۆشی ستواوڕ.

**سووزنە sûzine** : سووزنە یان«سووزنەک» یان« کووفت » هەر ئەو نەخۆشی سووزاکە .

**سووزنەک sûzinek** : نەخۆشی سووزاک .

**سۆکا soka** : نەخۆشی ئاوڵەی مرێشک .

**سۆکاک sokak** : نەخۆشی سۆکا .

**ستویەرد süyerd** : نەخۆشی ستواوڕ.

**ستویەرێژە süyerêje** : ستویەرێژە یان «ستویەرێنجە» کە هەر (ستویەر نایژە) یان (سێپەلاک و نایژە)یە جۆرە نەخۆشییکە کە لە فارسی «سۆرخەک»ی پێ ئەڵێن و بریتیە لە زیپکەگەلیکی سوور و بچووک کە لە لەش خۆ ئەنوێنێ . خەڵک بە گشتی بۆ دەرمانی ئەم نەخۆشییە کراسیکی سوور لە بەری منداڵان دەکەن وباوەڕیان وایە کە ئەم جوشگەلە ئەچنە قەدی کراسە سوورەکە .

**ستویەکوڵە süyekwiļe** : بنوارە نەخۆشی ستواوڕ.

**ستویەوڕەک süyewir̂ek** : بنوارە نەخۆشی ستواوڕ.

**سەرانسییە seransîye** : سەرانسییە یان«واسەر» هەر ئەم نەخۆشی «میگرن»ە . خەڵک بە گشتی بۆ دەرمانی ئەم نەخۆشییە گۆشتی کەرگوێ کەباب دەکەن و بە نەخۆش ئەدەن . هەروەها «ژوێەڵە»ی گورگ وشک دەکەن و لە گەڵ وەسمە ئامێتە دەکەن و وەک خنییە لە سەر ئەگرن و لە سەر ئەم باوەڕەن کە سەرانسییە باش ئەکاتەوە .

**سەرپەنام serpenam** : سەرپەنام یان «سەرپەنم» یان «لالایێ مل» هەر ئەو نەخۆشی «ئۆریون»ە .

**سەردەسنان serdesinan** : نەخۆشی سنان.

**سەگەناز segenaz** : نەخۆشی تایبەتی سەگ.

**سەوداسەر sewdaser** : نەخۆشی ئاتەشەک.

**سەوین sewîn** :نەخۆشییکە کە لەوێ سەر سەنگین ئەبێت و نەخۆش تم و دایم قەسیان ئەکا و هۆکارێ گەرمای خۆرە. لە فارسی«گەرمازەدەگی»ی پێ ئەڵێن.

**سیازەخم syazexm** : بنوارە گیای بارهەنگ.

**سییەسنان sîyesinan** : نەخۆشی سنان.

**سییەقوتە sîyeqwite** : نەخۆشییکی وەرزانەیە بە تایبەت وەرزی زستان کە ئینسان تووشی ئەم نەخۆشییە ئەبێت ولە فارسی«سیاەسۆرفە»ی پێ ئەڵێن. خەڵک بە گشتی خواردنی گۆشتی«قلاّسییە» یان «قاژ» بۆ دەرمانی ئەم نەخۆشییە بە باش دەزانن.

**سییەکوتپڕ sîye kwitipir̂** : نەخۆشی کوتپڕ.

**سییەگوان sîyegwan** : سییەگوان یان«شیر بردێ» نەخۆشیکی تایبەتی پەز و پووڵە و بە جارێک شیریان وشک ئەبێت.خەڵک بۆدەرمانی ئەمنەخۆشییە باڵندەی «شەمشەمەکوورەک» ئەگرن و وشکێ ئەکەن و وەکوو خۆراک بە ران و مێگەل ئەدەن تا باش ببنەوە.

**شوقاق şuqaq** : شوقاق یان شەقاق یان «شەلگە» نەخۆشییکە کە تووشی مەڕ ومالاّت ئەبێت وسمیان دوولەت ئەکا.

**شەلگە şelige** : نەخۆشی شوقاق.

**شەوکووری şewkûrî** :نەخۆشییکیتایبەتی ئینسانە و ئینسان ناتوانێت رەنگەکان لە یەک جۆدا بکات و تووشی کوور ڕەنگی ئەبێت.

**شیربردێ şîrbirdê** : بنوارە نەخۆشی سییەگوان.

**قاپاژ qapaüj** : نەخۆشی رەقە بە تایبەت بۆ پەز.

**قاپەک کەفتن qapek keftin:** ئاژەڵێک کە قاپەکی پێی دەر چووە و ناتوانێت ڕێ بکا ئەیبەنە ماڵ و مۆی پێی ئەتاشن ودوایی جوێ تازە ئەیکۆتن و لە نەمەدی دەکەن و لە سەر قاپەکی دائەنێن، باش ئەبێتەوە.

**قڕنْقاز qirn̂iqaz** : نەخۆشییکی وەک«ئانفۆلازا»یە و تایبەتی وەرزی زستانە. خەڵک بە گشتی لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئەگەر کەسێک لە یەکم بەفری زستان بخوات؛ تووشی ئەم نەخۆشییە ئەبێت. لە راستیدا هەر وایە چۆنکە یەکم بەفرێک کە ئەبارێت ڕەنگی لە سووری تۆزکاڵ دەچێت وگەرت وخاکی هەوای لە گەڵە. لە مەڵبەندی «سییەسییە» جۆرە دەرمانیکی تابەتی هەیە کە سەیرە.

لە بەرانبەری گوندی «چیاکەو» دەربەندێک هەیە بە ناوی «تەنگ کونر tengî kwinir »کە لەوێ ئشکەوتێک هەیە بە نێوی «قرنقاز» کە تایبەت بۆدەرمانی ئەم نەخۆشییەیە. بە پێ ئەم بیر و باوەڕە نەخۆش ئەبێ دوو دانە هێلکە و کەڵەشێرێک بە ڕەنگی سوور لە گەڵ خۆی بێباتە ئەم شوێنە و بەر لەوێ کە بچێتە نێو ئشکەوتەکە یەک دانە لە هێلکەکان لە بەر دەرگای ئشکەوتەکە چاڵ بکا و دوایی کە هاتە دەرەوە ئەویتریش چاڵ بکا وسەری کەڵەشێرەکە ببڕێت و بە خوێنی ئەم مەلە، مل و قۆڕگی خۆی ڕەنگین بکا تا باش ببێتەوە.[137]

**قرنگە qirngê** : نەخۆشییکی تایبەتی کە لەوێ ران بە گشتی کز و بێحاڵ ئەکەون.

**قۆخە qoxe** : نەخۆشی تایبەتی باڵندەیە.

**قووڕاوڵە qûr̂awl̂e** : نەخۆشییکە؟

**قوڕووژنەک qurûjnek** : قوڕووژنەک یان «خۆرووسەک» نەخۆشییکی تایبەتی ئینسانە کە لەوێ قۆڕگ وشک ئەبێت و دەنگی دەم وبازدەمی نەخۆش وەک قوولەی کەڵەشێر دەنگ ئەداتەوە.

---

137 –ئەم بابەتە لە دەمی کاک قودرەت دارابی بیستوومە.

**قووڕی qûrî** : قووڕی یان «گاقووڕە» نەخۆشییکی تایبەتی مانگایە کە لەوێ مانگا لە ئێش و ژان تم و دایم ئەقووڕنێت.

**قەرەقوش qereqwş** : نەخۆشی «سییەزەخم»ە کە لە قاپی حەران گۆشت وەکوو قاتر و ئەسپ و کەر شین ئەبێت و ئەگەر لە کاتی خۆی دەرمان نەکرێت، هەتا دووایی شەل ئەبێت.

**قەرەوێڵ qerewêl**: هەر نەخۆشییەک کە لە وەرزی پاییز تووشی ئینسان بێت.

**کاڕەشی karêşî** : نەخۆشی کوتپڕ.

**کالیتە kalîte** : نەخۆشییکە؟

**کاول kawil** : نەخۆشی تایبەتی باڵەندەیە بە تایبەت مریشک.

**کرمژن kirmijin** : نەخۆشی تایبەتی سەگ.

**کڕۆکە kirûke** : کڕۆکە یان کڕۆکەمانە هەر ئەو نەخۆشی «حەسبە» یە.

**کڕۆکەمانە kirûkemane** : نەخۆشی کڕۆکە.

**کوتپڕ kwitipir** : نەخۆشییکی تایبەتی بە ڕان و مێگەلە کە بە جارێک زۆربەیان ئەکۆژێت.

**کوتەباریکە kwitebarîke** : نەخۆشی «وەبا»

**کوورەک kûrek** : نەخۆشییکە وەک دمەڵ. بۆدەرمانی ئەم نەخۆشییە، زەردینەی هێلکە و پوودری «جەتۆ» ئامێتە دەکەن ولە تۆتۆی پارچەیەک ئەکەن و لە سەر کوورەکەکە دائەنێن و باش ئەبێتەوە.[138]

**کوژە kwije** : کوژە یان کوژیە نەخۆشییکی تایبەتی ڕان و مێگەلە.

**کووفت kûft** : نەخۆشی سوورژنەک یان سوورژنە.

---

[138] ئەم بابەتە لە دەمی کاک قودرەت دارابی بیستوومە.

**کەچەڵی keçelî** :خەڵک بۆدەرمانی کەچەڵی وگەڕی سکی قوڕواق ئەدڕن و پێستەکەی لە سەر ئەگرن و لە سەر ئەم باوەڕەن کە گەڕی باش ئەکاتەوە. شێوەیەک تر کڵک وەرگرتن لە«چینی»یە.

چینی یان فەغفوور بە وردی ئاسیاو دەکەن ودووایی لە پارچەیەک زەریف ئەکەن وبە نەرمی لە سەرسەر ئەکرێنن تا خوێن پێ بکەوێت، دووایی بە هەویر و رۆنی دان سەر ئەپۆشێنن. شێوەیەکتر بۆ دەرمانی کەچەڵی بە کار هێنانی زەردەی هێلکە و هەویر و رۆنی دانە کە ئامێتەی دەکەن و لە سەرسەری ئەگرن.هەروەها «سیازاخ» و«زەفت» پێکەوە ئەکوڵێنن و خەسێ دەکەن و لە سەر سەری کەچەڵ یان گەڕ ئەگرن تا باش ببێتەوە. شێوەیەکتر بۆدەرمانی گەڕی کڵک وەرگرتن لە «کەێ ژەڵم»ە. کەێ ژەڵم بریتیە لە کای جوێ یان گەنم کە چەند ساڵ لە سەری تێپەڕ بووە و ئاژەڵ نایخوات. ئەم جۆرە کایە بۆنێکی هەیە کە نیشانەی کۆنینەگیەتی و ئەیکوڵێنن و ئاوەکەی خەس ئەکەن و لە سەر گەڕی دائەنێن و باشی ئەکاتەوە.

هەروەها سەربالی باڵەندەی«سەرگەڕ» لە قەزانێکدا بە باشی ئەیکوڵێنن ولەشی مرۆڤی گەڕ پێ ئەشوورن تا باش ببێتەوە.

بابەتێکتر بۆدەرمانی کەچەڵی، خواردنەوەی پێستی شامی یان شووتییە کە خەڵکان بە گشتی ئەڵێن باشە.

**کەڕاشکە keȓaşke** :نەخۆشی پێستی بەتایبەت بۆ بزن.

**کەزاز kezaz** : نەخۆشییکە وەک کەڕاشکە بۆ پەز.

**کەڵەشێرە keȓeşêre** : نەخۆشییکە کە لەوێ پێڵەی چاو سوور ئەبێتەوە و شل ئەبێت و ئینسان ناتوانێت بە ئیرادەی خۆی چاو باز بکات. ئەم نەخۆشییە لە فارسی «افتادگی پلک»ی پێ ئەڵێن. بۆدەرمانی ئەم نەخۆشییە هەندێک بەرگی داری بەی یان شووڕەبەی لە تۆتۆی پەمە ئەکەن و ئاوێزانی دەکەن و دووایی هەندێک شیری ژن و قەرسەقولی ماخەر

پێکەوە ئامێتە دەکەن وئەسووتێنن و لە پەمۆی دەکەن و ئەم پەمۆیە قانگ ئەدەن و لە سەر چاوی دائەنێن تا باش ببێتەوە.[139]

**کەلەمیقاو kelemîqaw**: کەلەمیقاو هەر نەخۆشی «سینۆزیت»ە.

بۆ دەرمانی ئەم نەخۆشییە پێستی سپێ داری ڤـێ یان شـووڕەبـەی ئـەتاشـن و بـە باشـی ئەیکوڵێنن و دووایی کە خەسـەوە بـوو لـە پارچـەیک ئـەکـەن و لـە سـەر سـەری نـەخۆشـی دائەنێن و باش ئەبێتەوە.

**کەوڵە kewl̂e** : نەخۆشییکە وەک زووە کە لە چاو، بـە تایبـەت چـاوی پـەز وئـەنگۆسـتی دەستی ئینسان روو ئەدات. بۆدەرمانی ئەم نەخۆشییە، ئەگەر کەوڵە لە ئـەنگۆسـتی دەست یان پێ بکەوێ؛ خاکلەمتۆشانی تازە لێ بگرێت باش ئـەبێتـەوە. هـەروەهـا شـێوەیـەکیتـر بـۆ دەرمانی ئەم نەخۆشیە ئەمەیە کە بە شیری ژن و ئارد، هەویر دۆرست ئەکەن و لە سەرئـەم ئەنگۆستە کە تووشی بووەئەیگرن وباش ئەبێتەوە.

شێوەیەکیتر بۆدەرمانی ئەم نەخۆشییە،قانگدانی ئەنگۆسـت بـە مـاڵ شـەیتانـە. بنـواڕە مـاڵ شەیتان.[140]

**کەوە kewe** : نەخۆشییکە لە چاوی مێشنە روو ئەدات و وردە وردە کـوێرێ ئـەکـات. ئـەم نەخۆشییە بە تایبەت لە سەر «پەردەی عنبیە» کاریگەرە.

**گاقران gaqirân**: قڕان لە نێوانی گاگەل کەوتن، نەخۆشیکی نەناسیارە.

**گزنەک giznek** : نەخۆشی گزنەک یان گەزنەک هەر ئەم نەخۆشی «ئگزما »یە بۆدەرمانی ئەم نەخۆشییە لە چێوی داری گەز کڵک وەرئەگرن.چێـوی داری گـەز هـەروا بە تەڕی ئەسووتێنن و کەفەکەی دەگرن و لە سەر گەزنەک دائەنێن تا باش ببێتەوە.

**گلاراو gilaraw** : نەخۆشی ئاومرواری.

---

[139] ـ ئەم بابەتە لە دەمی کاک شێردڵ ئێڵپوور بیستوومە.

[140] ـ ئەم چەند بابەتە لە دەمی باوکم بیستوومە.

**گوان ئێشی gwanıêşî** :نەخۆشییکی تایبەت بە مانگا  کە گووانیـان ئـەسـتوور ئـەبێـت و شیرەکەی خەراپ ئەکا.

**گووشەک gûşek** : گووشەک یان «لالایَ مل» هەر نەخۆشی «ئۆریون»ە

**گوڵپێس gwiĺpês** : بنوارِە ئاکڵە.

**گوڵنگ gwiĺinĝ** : نەخۆشی گوڵنگ یان باوەسیرە.

**گەچە geçe** : نەخۆشییکی تایبەت بە پەزە کە لەویَ دمەیان ئەستوور و وشک ئەبێتـەوە و هۆکارەکەشیَ خواردنەوەی خوێە. مەڕداران لە ساڵێک یەک دوو را خویَ لـە سـەر بـەردەکـان ئەکەن بۆ ئەوەی کە مەڕ و ماڵات باش تر ملۆچە بکەن.

**گەڕی gerî** : بنوارِە کەچەڵی.

**گەزنە gezine** : بنوارِە گزنەک.

**گەوگاتیَ gewgatê** : نەخۆشیکی تایبـەت بـە پـەز کـە لـەویَ قۆڕگیـان چـرکین ئـەبێـت و دووایی ئەیانکۆژێت.

**گیەهرِ gyehir̂** : بنوارِە خورەمیرە.

**لالا lala** : نەخۆشی «ئۆریون».

**لامل lamil** : نەخۆشی ئۆریون.

**لەقاوە leqawe** : نەخۆشییکی کـە لـەویَ دەم و لێـو زامـار ئـەبێـت وبـە گـشتی دوو لـەت ئەبێت و شوێنی باش نابێتەوە. لە فارسی«لەب شەکەری»ی پیَ ئەڵێن.

**مافەتە mafete** : نەخۆشییکی نەناسیار و واگیردار.

**مرخەک mirxek** : نەخۆشی پووپەکەو لە باڵندەکان.

**مش مشە mişmişe** : نەخۆشی تایبەتـی پـەز کـە نـاتوانن بـە باشـی نـەفـەس بکیـشن و دووایی ئەخنکن.

**مقاو miqaw** : مقاو یان میقاو نەخۆشی قۆڕگی چارەوایە کە ئەبێتە هۆی پژمین و ئاو لە لووت دارِشتنی چووارپا و هەر ئەو نەخۆشی ئانفۆلانزای ئەسپ و قاترە.

**مەخمەڵەک mexmeľek** : نەخۆشییکی پێستییە.

**ناختونە naxüne** : نەخۆشییکە کە لە چاو روو ئەدات و دووایی ئینسان کوێر ئەکا و هۆکارەکەشی شین بوون و ئەستوور بوونی زیای گۆشتە لە چاو.

**ناختونەک naxünek** : بنوارِە ناختونە.

**ناوک کەفتن nawk keftin** : بنوارِە ناوک لە بەشی هەندێک باوەڕی جیاواز.

**ناوکریسە nawkirîse** : بنوارِە ناوکوتە

**ناوکوتە nawkwite** : نەخۆشی تایبەتی ران ومێگەل کە لە بەر خەوتن و مانەوەی بەر فراوانە.

**ناونەوەر nawnewer** : نەخۆشی شێرپەنجە.

**واتەشەک wateşek** : نەخۆشی شێرپەنجە.

**واسەر waser** : بنوارِە سەرانسییە.

**واوا wawa** : نەخۆشی وەبا.

**واوڵە wawiľe** : نەخۆشی کوێر بوون.

**وایَ ستویەر waêsüyer** : نەخۆشی«وایَ ستویەر» یان «بوورتاخ» یان «بوورتەو» نەخۆشییکە کە لەبەرگەرم بوون و بەتین بوونیخۆرە کەبە«بۆمببارانی ئێلێکترۆنیخۆر» بە ناوبانگە وئەبێتە هۆی فاسێد بوونی خوێنی دەم و چاو. بۆ دەرمانی ئەم نەخۆشییە خەڵک بە گشتی لە سەر ئەم رێبازەن کە ئەبێ بە سەنگی چەخماخ سەر گۆنای نەخۆش رەندە بکرێت و دووایی کە خوێنی لێ بەڕێ کەوت، زالۆی لە دەم وچاو بخرێت تا ئەم خوێنی فاسێدە بخوات ودووایی بە گڵی«خاکڵەمتوشان سپیَ» بپۆشرێتەوە یان گیای برێنداس و

گوڵی خەشخاش تێکەڵاو دەکەن و لە سەر زامە کـە دائەنـێن تاهـەم زووتـر بـاش ببێتـەوە و هەم شوێنی زامە کە لە دەم و چاو دیاردە نەبێت.

**وریسکە wirîske** : جۆرە نەخۆشیکە وەک شێرپەنجە.

**وشکە wişke** : بنوارە رەقە.

**وەرەمێدە weremêde** : نەخۆشی «نەفخ».

**هاری harî** : نەخۆشی تایبەتی سەگ و گورگ.

**هف hif** : نەخۆشییکی پێستیە وەک بالۆکە و تایبەتی مەڕ و ماڵاتـە ولـە ران و پێیـان روو ئەدات و جم و جولیان ئەبڕێت. بۆ دەرمانی ئەم نەخۆشییە بە چەقۆ هفەکە چاک ئەکـەن و بە ئاوی گیای «تەشنەداری» ئەیشۆرن.[141]

**هفە hife** : نەخۆشی هف.

**هنجگە hincige** : نەخۆشی خورەمیرە.

**هوفە hufe** : نەخۆشی هف.

**یلە yile** : بنوارە ئەڵە.

**یەرەقان yereqan** : بنوارە زەردی.

**یەمان yeman** : نەخۆشی شێرپەنجە تایبەت بە وشترە.

---

[141]– ئەم بابەتە لە دەمی باوکم بیستوومە.